یۆژین ئیۆنیسکۆ

## شانۆنامەی

# کورسیەکان

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی
د. نەعیم عەتیە

PDF4Kurd


## کەسێتییەکان

**پیاوێکی پیر**، ٩٥ساڵ
**ژنێکی پیر**، ٩٤ ساڵ
**گوتاربێژێك**، لە نێوان ٤٥ تا ٥٠ ساڵ
چەندین کەسێتی دیکە

کورسیەکان، بۆ یەکەم جار لە ٢٢ ئەپرێڵ ١٩٥٢ لەسەر شانۆی "لانکری" لە پاریس نمایش کرا. دەرهێنانی "سلفین دوم"و، دروست کەری دیکۆر "جاك نوبل" بوو. نواندنی "بول شیفالیە" و "تسیلا شیلتون" و "سیلفین دوم".

# دیکۆر

چەند دیوارێکی بازنەیی، بەرەو قوڵایی شانۆکە دەچنەوە ناویەك. هۆڵێکی تابڵێی چۆڵ، لەلای ڕاست و لە پێشەوەی شانۆ سێ دەرگا، لە پاشاندا پەنجەرەیەك لەبەردەمیدا پلیکانەیەك. دواتر دەرگایەکی دیکە. لە گەڕانەوەی دیوارەکە بۆ قوڵایی شانۆکە دەرگایەکی گەورەی ڕێزلێنان هەیە کە دوو زەنگی پێوەیە، ئینجا دوو دەرگای بەرامبەر بە یەك کە دەکەونە ئەم لاولای دەرگای ڕێزلێنانەکەوە. ئەم دوو دەرگایە هەردووکیان یان بەلای کەمەوە یەکێکیان ناکەونە بەرچاوی بینەران (واتە لە بینەرانەوە دیارنین). لەلای چەپ و لە سەرەتای شانۆکەوە سێ دەرگا، لە پاشان پەنجەرەیەکی پلیکانەدار کە بەرامبەرە لەگەڵ پەنجەرەکەی لای ڕاست، دواتر لەوحێکی ڕەش و مینبەرێك. بۆ زیاتر تێگەیشتن تەماشای وێنەکە بکە کە لەگەڵیدایە.



١،دەرگا گەورەکە، دەکەوێتە قوڵایی شانۆکەوە و دوو جەرەسی پێوەیە.
٢، ٣، ٤، ٥ دەرگاکانی لای ڕاست.
٦، ٧، ٨، دەرگاکانی لای چەپ.
١٠،٩ ئەو دوو دەرگایەی لەگەڕانەوەی دیوارەکەدایە و لە بینەرانەوە دیارنین.
١١مینبەرێك و لەوحێکی ڕەش.
٣١,١٢ دوو پەنجەرەکەی لای ڕاست و لای چەپ، هەریەکەیان پلیکانەیەکی لەبەردەمدایە.
١٤ کورسیە بەتاڵەکان.
– ڕاڕەوێك لە پشتەوەی شانۆکە.
لە پێشەوەی شانۆ دوو کورسی لەپاڵ یەکدا دانراوون، گڵۆپێکی غازی بە سەقفەکەوە هەڵواسراوە.

پەردەکە هەڵئەدرێتەوە. سەرشانۆ کەمێ تاریکە. پیاوە پیرەکە دوای ئەوەی دەچێتە سەر پلیکانەکە خۆی بەسەر پەنجەرەکەی لای چەپدا شۆڕدەکاتەوە.

ژنە پیرەکە گڵۆپە غازیەکە دادەگیرسێنێ. ڕووناکیەکی سەوز. دەڕوات پیاوە پیرەکە لە قۆڵیەوە ڕادەکێشێ.

**ژنە پیرەکە**: دەی ئازیزەکەم، پەنجەرەکە دابخە، گۆماوەکان بۆنیان لێدێت،مێشولەکان دێنە ژوورەوە

**پیاوە پیرەکە**: وازم لێبێنە.

**ژنە پیرەکە**: دەی، دەی ئازیزەکەم، وەرە دانیشە. دامەیەرەوە لەوانەیە بکەویتە ناو ئاوەکەوە، دەزانی فرانسوای یەکەم چیبەسەرهات؟ پێویستە ئاگاداربیت.

**پیاوە پیرەکە**: نمونەیەکی تری مێژووی! ئەی ژنە بۆگەنەکە، ماندوو بووم لە مێژووی فەرەنسا! حەزدەکەم بیانبینم. بەلەمەکان لەژێر تیشکی ڕۆژدا هەندێ پەڵە لەسەر ئاوەکە دەکێشن.

**ژنە پیرەکە**: ئازیزەکەم ناتوانیت بیانبینیت، خۆر هێشتا هەڵنەهاتووە، ئەوەتا شەوە.

**پیاوە پیرەکە**: هەرچۆنێك بێت سێبەرەکان جارێ هەرماوون.

(زیاتر دایەتەوە)

**ژنە پیرەکە**: (بە هەموو هێزی ڕایدەکێشێ) ئاه!.. ئازیزەکەم.. تۆ ئەمتۆقێنی،، وەرە دانیشە، نایانبینیت هاتن، مەسەلەکە زۆر گرنگ نییە، کات شەوە.

(پیاوە پیرەکە بە دڵ شکاویەوە دەچێتە لای)

**پیاوە پیرەکە**: حەزم دەکرد تەماشا بکەم، من زۆر حەز بە بینینی ئاو دەکەم.

**ژنە پیرەکە**: ئازیزەکەم، چۆن دەتوانیت ئەوە بکەیت؟.. ئەم مەسەلەیە تووشی گێژیم دەکات. ئاه! ئەم خانووە، ئەم دوورگەیە، ناتوانم خۆمڕابێنم لەگەڵیاندا. ئاو دەوری هەموو شتێکی داوە.. لەژێر پەنجەرەکانەوە، تا دەگاتە ئاسۆ.

(ژنە پیرەکە، پیاوە پیرەکە دەبات بۆ لای دوو کورسیەکەی پێشەوەی شانۆکە. پیاوە پیرەکە بێ زۆر لەخۆکردن لەسەر قاچی ژنە پیرەکە دادەنیشێ).

**پیاوە پیرەکە**: شەشی ئێوارەیە.. لەگەڵ ئەوەشدا شەو ڕاکشاوە.. بیرتە، لەوەپێش حاڵ وانەبوو. جاران ڕۆژ تا کاتژمێر نۆی ئێوارە بە هەڵهاتوی دەمایەوە، بگرە تا کاتژمێر دەی ئێوارەو، تا نیوەی شەویش.

**ژنە پیرەکە**: ڕاست دەکەیت، وابوو، ئای چ بیرێکی تیژت هەیە!

**پیاوە پیرەکە**: حاڵەتەکە زۆر گۆڕاوە.

**ژنە پیرەکە**: بە بڕوای تۆ، هۆی ئەمە چییە؟

**پیاوە پیرەکە**: نازانم، سەمیرئەمیس، ئەی قوڕە پیسەکە. لەوانەیە لەبەرئەوە بێت چەند بڕۆین هێندە ڕۆدەچین. هۆکەشی ئەوەیە زەوی دەسوڕێتەوە، دەسوڕێ، دەسوڕێ، دەسوڕێ.

**ژنە پیرەکە**: دەسوڕێ، دەسوڕێ، ئەی ئازیزە بچکۆلەکەم (کەمەکێك بێدەنگی) ئاه! بەڵێ، ئازیزەکەم، بێگومان تۆ جیهانێکی

گەورەی، تۆ زۆر بلیمەتی، گەر بتویستایەو لە ژیاندا هەندێ خواستت هەبوایە بێگومان دەتتوانی ببیت بە سەرۆکێکی بەڕێوەبەر، پادشایەکی بەڕێوەبەر، یان تەنانەت دکتۆرێکی بەڕێوەبەر، جەنەڕاڵێکی بەڕێوەبەر.

**پیاوە پیرەکە**: ئەوە چ سودێکی دەبوو، ئەوە نەدەبووە هۆی ئەوەی ژیانێکی باشتر بژین.. هەرچۆنێ بێت ئێمە ئیشێکمان هەیە، مادامەکێ دەرگەوانم کەواتە من مارشاڵی خانووەکانم.

**ژنە پیرەکە**: (لەگەڵ پیاوە پیرەکەدا نەرمونیانە وەك ئەوەی لەگەڵ منداڵێکدا نەرمونیان بێت) ئازیزە بچکۆلەکەم، ئەی خۆشەویستە شۆخەکەم.

**پیاوە پیرەکە**: من زۆر بێزارم.

**ژنە پیرەکە**: ئەوکاتەی تەماشای ئاوەکەت دەکرد شتەکان دڵخۆشتر بوون.. بۆ ئەوەی گەمە بکەین خۆت وا نیشان بدە وەك ئەوەی ئەو شەوە خۆت نیشان دابوو.

**پیاوە پیرەکە**: تۆ خۆت وا نیشان بدە. نۆرەی تۆیە.

**ژنە پیرەکە**: نەخێر نۆرەتە.

**پیاوە پیرەکە**: نۆرەی تۆیە.

**ژنە پیرەکە**: نۆرەتە.

**پیاوە پیرەکە**: نۆرەی تۆیە.

**ژنە پیرەکە**: نۆرەتە.

**پیاوە پیرەکە**: سەمیرئەمیس (چا)کە بخۆرەوە.

(ئاشکرایە کە چای لێ نییە)

**ژنە پیرەکە**: کەواتە. لاسایی مانگی فبرایر بکەرەوە.

**پیاوە پیرەکە**: مانگەکانی سالّم خۆش ناوێن.

**ژنە پیرەکە**: دەی لە ئێستادا هیچ شتێکی دیکە نییە بۆ ڕازیکردنم.

**پیاوە پیرەکە**: هانێ مانگی فبرایر.

**(وەك ستان لۆریك سەری خۆی دەخورێنێ).**

**ژنە پیرەکە**: (پێدەکەنێ و چەپڵە لێدەدات) دەست خۆش. سوپاس، سوپاس، ئازیزەکەم تۆ هەموو کاتێك باشیت.
(ماچی دەکات) ئۆو، تۆ زۆر بلیمەتی، بەلای کەمەوە گەر بتویستایە دەتتوانی ببیت بە مارشاڵێکی بەڕێوەبەر.

**پیاوە پیرەکە**: من دەرگاوانم، مارشاڵێ خانووەکان.

**(کەمەکێك بێدەنگی)**

**ژنە پیرەکە**: تۆ حکایەت دەزانی، حیکایەتێکم بۆ بکە. گەیشتینە کوێ؟

**پیاوە پیرەکە**: جارێکی تر؟.. ماندوو بووم لێی.. جارێکی تر گەیشتینە کوێ؟ هەموو جارێ ئەم پرسیارەم لێدەکەیت.. لەوەتەی بوینەتە هاوسەری یەکتری و نزیکەی حەفتاوپێنج ساڵە، هەموو شەوێ، هەموو شەوێ بەبێ ڕاوەستان ناچارم دەکەی هەمان حکایەت بگێڕمەوە، وام لێدەکەیت لاسایی هەمان ئەو کەسانە بکەمەوە کە لە مانگەکاندان.. هەرگیز هیچ شتێك ناگۆڕدرێت.. با لە شتێکی تر بدوێین.

**ژنە پیرەکە**: ئازیزەکەم، من هەرگیز لەو چیرۆکە بێزار نابم.. ئەوە ژیانی تۆیە! حەزم لێیەتی.

**پیاوە پیرەکە**: لەم سەرەوە تا ئەو سەری هەموویت لەبەرە.

**ژنە پیرەکە**: مەسەلەکە وەك ئەوە وایە هەموو شتێکم خێرا لەبیربچێتەوە.. هەموو شەوێ بە ڕۆحێکی تازەوە دەگەڕێمەوە.. بەڵێ، ئازیزەکەم من بە قەستی وا دەکەم، ئاسان کاریەکان وەردەگرم.. ئازیزەکەم لەبەرتۆ هەموو شەوێ خۆم تازە دەکەمەوە.. دەی، تکایە، دەست پێبکە.

**پیاوە پیرەکە**: ئەگەر ئارەزوو بکەیت.

**ژنە پیرەکە**: دەی، کەواتە. چیرۆکەکەت بگێڕەوە.. ئەمە چیرۆکی منیشە، ئەوەی پەیوەندی بە تۆوە هەبێ بە منیشەوە هەیە. کەواتە گەیشتینە کوێ؟

**پیاوە پیرەکە**: قوڕە پیسەکەم گەیشتین..

**ژنە پیرەکە**: خۆشەویستەکەم، گەیشتین..

**پیاوە پیرەکە**: گەیشتینە پاڵ دەرگایەکی گەورەی ئاسنین. لە تەوقی سەرمانەوە تا پاژنەی پێمان تەڕ بوو بوو، ئێسکەکانمان، چەند سەعاتێك، چەند ڕۆژێك، چەند شەوێك، چەند هەفتەیەك لە سەرمادا بەستبویان.

**ژنە پیرەکە**: چەند مانگێك..

**پیاوە پیرەکە**: باران ئێمەی خووساندبوو.. ددانمان، ئەژنۆمان، قاچمان، گوێمان، لووتمان، لە سەرمایا تەزیبوون.. هەشتا ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕیوە.. نەیان هێشت بچینە ژوورەوە، بەلای کەمەوە دەیانتوانی دەرگای باخچەکەمان لێبکەنەوە.

**(کەمەکێك بێدەنگی)**

**ژنە پیرەکە**: گیای ناو باخچەکە تەڕ بووبوو.

**پیاوە پیرەکە**: ڕاڕەوێکی لێبوو دەچووەوە سەر گۆڕەپانێکی بچووك کە لـــە ناوەڕاســـتەکەیدا کەنیســـەیەکی لادێیانـــەی لەخۆگرتبوو.. ئەم دێیە لە کوێ بوو؟ دێتەوە بیرت؟

**ژنە پیرەکە**: نەخێر ئازیزەکەم نایەتەوە بیرم.

**پیاوە پیرەکـــە**: مرۆڤ چۆن دەگاتە ئەوێ؟ ڕێگاکەی لە کوێوەیە؟ وا بزانم ئەم شوێنە، ناوی پاریس بوو.

**ژنە پیرەکە**: بچکۆلەکەم، ئەم شوێنە، پاریس، هەرگیز بوونی نەبووە.

**پیـــاوە پیرەکـــە**: ئـەم شـارە وەك چـۆن ڕووخـاوە ئـاواش بـوونی هەبووە.. وەك چۆن کوژاوەتەوە ئـاواش شـاری ڕووناکی بوو، نزیکـەی چوارسـەد هـەزار سـاڵە کوژاوەتـەوە، لـەمڕۆدا هیـچ شـتێکی نـــەماوە تەنها گۆرانیەك نەبێت.

**ژنە پیرەکە**: گۆرانیەکی ڕاستەقینە؟ سەیرە. چ گۆرانیەك؟

**پیاوە پیرەکـە**: گۆرانـی سەربێشـکە، لای لایـەی "پـاریس هـەموو کاتێ هەر پاریسە"

**ژنـــە پیرەکـــە**: ئایا ڕێگاکان بە باخچەکاندا گوزەریـان دەکـرد؟ ئایـا ڕێگاکان درێژ بوون؟

**پیاوە پیرەکە**: (لە خەودا، ون بوو بوو) گۆرانیەکە؟.. باران؟..

**ژنە پیرەکە**: تۆ زۆر بلیمەتی. لە ژیانتا گەر خواستت هەبوایە ئەبویت بـە پاشـایەکی بەڕێوەبـەر، ڕۆژنامـە نوسـێکی بەڕێوەبـەر، ئەکتـەرێکی بەڕێوەبـەر، مارشـاڵێکی بەڕێوەبـەر.. ئـەی

خودایە ئەمە هەمووی لەو کونەوە.. لەو کونە گەورەو ڕەش و تاریکەوە، پێت ئەڵێم

**(کەمەکێك بێدەنگی)**

**ژنە پیرەکە:** کەوابێ، گەیشتین..

**ژنە پیرەکە:** ئاه! بەڵێ. کۆت و پێوەندەکەت توند بکەو.. بیگێڕەوە..

**پیاوە پیرەکە:** (پیرێژنەکە هێدی هێدی دەست دەکات بە پێکەنینێکی لەسەرخۆ، لە پاشان بەردەوام دەبێت تا قاقا دەتریقێتەوە، پیاوە پیرەکەش لەو پێکەنین و تریقانەوەیەدا بەشداری دەکات) پێکەنینی هەردووکیان بەردەوام دەبێت، لەتاو پێکەنین سکیان دێشێت، چیرۆکەکە چیرۆکێکی پێکەنیناویە. پێکەنینەکە سکەخشێی بوو لەسەر زەوی، پێکەنینەکە ورگی هەبوو.. ورگێکی ڕووت.. پێکەنینەکە لەگەڵ قاپێکی پڕ لە برنجدا ڕژانە سەر زەوی و بڵاوبونەوە.. ورگە ڕووتەکە لەسەر زەوی دەخشاو بە هەمان شێوە دەنکە برنج و قاپەکە لە زەویەکە دەخشان، چیرۆکەکە هێندە سکی ڕووتی پڕ بووبوو لە برنج لە زەوی دەخشا، پێکەنینێکی ڕووت ئەیویزاندو دەنگی دەدایەوە..

**ژنە پیرەکە:** (پێدەکەنێت) کەواتە، لە ئەنجامی ئەو چیرۆکە پێکەنین ئامێزەدا، پێکەنین هەموو شوێنێکی گرتەوەو دەنگیدایەوە، برنجی ناو قاپ و برنجی ناو ورگ ڕژانە سەر زەوی.

**ژنــە پیرەکــە و پیــاوە پیرەکــە**: (هەردووکیان بە دەم پێکەنینـەوە) کەواتـە، پێکـەنین بـە هـەموو شـوێنێکدا بڵاوبووەوە. ئاه،.. ئح، سل.. ئوح..ئاه!.. ئـاه.. ئـع.. ل.. سـل.. سـل.. پێکـەنین سـکێکی ڕووتـە، برنجـی تێدایـە.. (وردە وردە پیرێژنەکـــــەو پـــــیرە پیاوەکـــــە هێوردەبنـەوە).. ئاه!.. سل.. ئـاه.. سـل.. ل.. ئع.. ل.

**ژنە پیرەکە**: کەواتە ئەمە، پاریسە بەناوبانگەکەت بوو.

**پیــاوە پیرەکــــە**: کـێ دەتوانـێ لـەوە باشـتر چـیرۆکێك لـە بارەیـەوە بگێڕێتەوە.

**ژنە پیرەکە**: ئاه! ئازیزەکەم تۆ هێجگار پایەبەرزی. تۆ زانیاریـەکانت زۆر زۆر فراوانـە، تەنانـەت دەتتوانـی لـە ژیـاندا ببیـت بـە شتێك، زۆر لـەوە زیـاتر کـە تەنـها مارشـاڵی خانووەکـان بیت.

**پیاوە پیرەکە**: با هاکەزایی بین و.. بە کەم ڕازی بین.

**ژنە پیرەکە**: لەوانەیە تۆ حەزەکانت تێك شکاندبن؟

**پیاوە پیرەکە**: (لەپڕێکا دەگری) تێکمدان؟ شکاندمن؟ ئاه! دایە تۆ لـە کوێـی، تـۆ لـە کوێـی دایـە، دایـە؟ هـی، هیـی، هیـی، مـن هەتیووم (هەنسك ئەدات).. دایە.. هەتیووم..

**ژنە پیرەکە**: من لەگەڵتام، لەچیی ئەترسیت؟

**پیاوە پیرەکــە**: نـەخێر، سمیرئـەمیس، ئـەی قـوڕە پیسـەکە، تـۆ دایکـم نیت.. هەتیووم، هەتیوو، کێیە من بپارێزێ؟

**ژنە پیرەکە**: خۆشەویستەکەم! بەڵام ئەوەتا من لێرەم..

**پیاوە پیرەکە**: نەخێر مەسەلەکە وەك یەك نییە.. دایکم ئەوێت، نا، تۆ دایکم نیت..

**ژنە پیرەکە**: (دڵ نەوایی دەداتەوە) بچکۆلەکەم، مەگری، تۆ دڵم لەت لەت دەکەی.

**پیاوە پیرەکە**: هیی، هیی، وازم لێبێنە، هیی، هیی؛ هەست دەکەم بە تەواوی لەتوپەت بووم، من ئازارم هەیە حەزەکانم ئازارم دەدەن، حەزەکانم تێکشکاون.

**ژنە پیرەکە**: هێور بەرەوە.

**پیاوە پیرەکە**: (وەك منداڵ دەمی کردووەتەوە و، بە دەنگی بەرز دەگری) من هەتیووم.. هەتیووم.

**ژنە پیرەکە**: (بە زۆری دڵی دەداتەوە و، نەرمونیانە لەگەڵی) ئەی هەتیوەکەم، خۆشەویستەکەم، تۆ دڵم پارچە پارچە دەکەیت، هەتیوەکەم.

**(پیاوە پیرەکە دەلاوێنێتەوە کە پێش ساتێك گەڕاوەتەوە باوەشی ژنە پیرەکە)**

**پیاوە پیرەکە**: (بە گریانەوە) هیی، هیی، هیی، دایە! دایە تۆ لە کوێیت؟ من ئیدی دایکم نییە..

**ژنە پیرەکە**: من ژنی تۆم. من ئێستا دایکی تۆم.

**پیاوە پیرەکە**: (بە تەواوەتی واز لە گریان دێنێت) نەخێر ئەمە ڕاست نییە. من هەتیووم، هیی، هیی.

**ژنە پیرەکە**: (بەردەوامە لەسەر لاواندنەوەی) بچکۆلەکەم، هەتیوەکەم، هەتیوکۆکەکەم، هەتیووم، تیووم، ئەی هەتیوەکەم.

**پیـــاوە پیرەکـــە**: (هیشتا هەر بیزارە، زیاتر بە دەم نەرمونیانی ژنە پیرەکەوە دەچیت) نەخیر.. نامەویت، نامەویت.

**ژنە پیرەکە**: (وشەکان بە ئاوازەوە دەردەبریت) ئەی هەتیووکۆکەکەم، بۆنا، هەتیووم، لولی، هەتیوکۆکەکەم، نا.

**پیاوە پیرەکە**: نەخیر.. نەخیر.

**ژنە پیرەکـــە**: (بەردەوامە لەسەر یاریەکەی) هەتیمەکەم، مەلیلەکەم، دەلیلەکەم، هەتیوکۆکەکەم،لیلا،هەتیوەکەم، لر–لر–لر– ، هەتیمەکەم–لیلا–ریلی–ریلا– هەتیم، هە.

**پیاوە پیرەکە**: هیی، هیی، هیی (هەناسە هەل دەکیشیت، هیدی هیدی هیور دەبیتەوە) دایکم لە کوییە؟

**ژنە پیرەکە**: لە ئاسمانی پر لە گول.. چاوەروانتە، لەنیوان گولەکانەوە بۆت دەروانیٚ، مەگری، وایلیدەکەیت بگریەت.

**پیاوە پیرەکـە**: ئەمە راست نییە.. ئای.. ئەو نام بینیت.. گویی لیم نییە.. لە ژیاندا، من هەتیووم، تۆ دایکم نیت..

**ژنە پیرەکە**: (ئارامی خەریکە دەگەریتەوە بۆ پیاوە پیرەکە) دەی، ژیر بەرەوە، ئەم خەمانە لەخۆت داتەکینە.. ئەی مارشالە بچکۆلەکەم، تۆ چەندین خورەوشتی بەرزت هەیە.. فرمیسکەکانت بسرە، ئەم شەو ئەوان دین، میوانەکان نابیت بەم شیوەیە بتبینن. شتەکان هەموویان نەشکاون، هەموو شتەکان بە هەدەر نەچوون، هەموو شتیکیان پیٚ بلیٚ، تییانبگەیەنە تۆ پەیامیکت هەیە.. هەمیشە وتووتە کە ئاشکرای دەکەی.. هەردەبیٚ بژیت، پیویستە لە پیناوی پەیامەکەتدا تیبکۆشیت.

**پیـــاوە پیرەکـــە**: ڕاست دەکەیت.. پـەیامێکم هەیـە، مـن تێدەکۆشـم، ئەرکێکم لـە سـەرە، شـتێکم لـەناو دڵدایـە، پەیامێکـە پێویستە لە سەرم بیگەیەنمە مرۆڤایەتی، مرۆڤایەتی.

**ژنە پیرەکە**: ئازیزەکەم، پەیامەکەت، بۆ مرۆڤایەتی‌یە!

**پیاوە پیرەکە**: ئەمە ڕاستە، ئەمە، ئەمە ڕاستی‌یە.

**ژنـــە پیرەکـــە**: (لووتـی پیـاوە پیرەکـە پـاك دەکاتـەوە و فرمێسـکەکانی دەسڕێ) مەسەلەکە بەم شێوەیە، تۆ پیـاوی، سـەربازی، مارشاڵی خانووەکانی.

**پیـــاوە پیرەکـــە**: (باوەشی ژنە پیرەکە بەجێدەهێڵێت، بـە شـپرزەیی و.. هـەنگاوی بچـووك بچـووك دەسـت دەکـات بـە گـەڕان) وەك خـەڵکانی تـر نیـم، لـە ژیـاندا نموونەیـەکی بـەرزم هەیـە، لەوانەیـە بلیمـەت بم، وەك تـۆ دەڵێیـت، هـەندێ خەسـڵەتی (ڕەوشتی) سروشتیم هەیە، بەڵام هیـچ ئاسـانکاریەکم بـۆ نـەکراوە، بـە باشـترین شـێوە کارەکـانم بـردووە بـەڕێوە، هەموو کاتێ ئەو شتانەی کە ناوەند داوایان لێکردووم بە سنگێکی فـراوان و بـە سـەربەرزیەوە جێبـەجێم کـردوون، ئەمەش بەس بووە بۆ من.

**ژنە پیرەکە**: مەسـەلەکە سـەبارەت بـە تـۆ جیـاوازە، تـۆ وەك ئـەوانی تـر نیت، تۆ زۆر لەوان گەورەتری، لەگەڵ ئەوەشدا باشتر بوو لە هەمووان تێبگەیشتیتایەو لەسەر هەمان ڕێگـەی ئـەوان بڕۆیشـتیتایە. شـەڕت لەگــەڵ هـەموو برادەرەکانتـا کـرد، لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرەکان، هەموو مارشاڵەکان، لەگـەڵ براکەشدا کردت بە شەڕ.

**پيـــاوە پيرەكـــە**: سـەميرئەميس، هەڵـەی مـن نـەبوو، تـۆ بـاش دەزانـی وتی چی؟

**ژنە پيرەكە**: وتی چی؟

**پياوە پيرەكە**: وتی "هاوڕێكانم، كێچێكم هەيە، من سەردانتان دەكەم بەو هيوايەی كێچەكەتان لاجێهێڵم"

**ژنە پيرەكە**: وا دەڵێن، ئازيزەكەم، نەدەبوايە گوێ بە شتی وا بدەيت. بەڵام ئەوە چیبوو وايلێكردی لە كاريل توڕە ببيت؟ ئەرێ هەڵەكە هەڵەی ئەويش بوو؟

**پياوە پيرەكە**: ديسانەوە تووڕەم دەكەی. ئا. بێگومان، هەڵەكە هەڵـەی ئـــەويش بـــوو. شـــەوێكيان هـــات و وتـــی: "هيـــوادارم بەختـــەوەر بيـت. دەبوايـە ئـەو وشـــەيەت پێبڵێـم كـە – بەخت–ی دەهێنا بەڵام پێت ناڵێم، من بيری لێدەكەمەوە" وەكو گوێرەكە پێدەكەنی.

**ژنە پيرەكـــە**: ئازيزەكەم، ئەو دڵێكی باشی هەبوو، مرۆڤ لـە ژيانـدا دەبێت زۆر گوێنەداتێ و كەمتر كاريگەربێت.

**پياوە پيرەكە**: ئەم جۆرە گاڵتانەم بە دڵ نييە.

**ژنە پيرەكە**: دەتتوانی ببيت بە كەشتيەوانێكی بەڕێوەبەر، دارتاشێكی ئەبەنوســـی بەڕێوەبـــەر، پادشــــای بــــەڕێوەبردنی ئۆركسترايەك.

(بێدەنگيـــەكی درێژخايـــەن. بـــە تـــەواوەتی جووڵـــەيان لەخۆبڕيوە، لە شوێنی خۆيان چەقيوون)

**پياوە پيرەكە**: (وەك ئەوەی خەون ببينێت) لە كۆتايی باخچەكەدا بوو. لەوێبوو.. لەوێبوو.. لەوێبوو.. ئازيزەكەم، چی لەوێ بوو؟

**ژنە پیرەکە**: شاری پاریس.

**پیاوە پیرەکـە**: لـە کۆتـایدا، لـە کۆتـایدا، لـە کۆتـایی شـارەکەدا، شـاری پاریس، شتێك هەبوو، شتێك هەبوو، چی هەبوو؟

**ژنە پیرەکە**: ئازیزەکەم، چی هەبوو لەوێ، ئازیزەکەم کێ بوو؟

**پیاوە پیرەکە**: شوێنێك هەبوو، ڕۆژگارێکی خۆش..

**ژنە پیرەکە**: لەو باوەڕەدایت، ئاوهەواکەی خۆش بووبێت؟

**پیاوە پیرەکە**: شوێنەکەم نایەتەوە بیر.

**ژنە پیرەکە**: کەوابێ، خۆت ماندوو مەکە.

**پیاوە پیرەکە**: زۆر دوورە، ناتوانم.. دووبـارە دەسـتم پێـی بگـات.. ئـەو شوێنە لە کوێ بوو؟

**ژنە پیرەکە**: لە بارەی چییەوە ئەدوێی؟

**پیاوە پیرەکە**: لە بارەی ئەوەی.. لە بارەی ئەوەی.. ئەوە لە کوێ بوو؟ ئەو کەسە کێ بوو؟

**ژنە پیرەکە**: ئازیزەکەم، ئەو شوێنە لەهەر کوێیەك بێت دوات دەکەوم، دوات دەکەوم.

**پیاوە پیرەکە**: ئاه! ناڕەحەتیەکی گەورەم هەیـە لـە گوزارشـت کردنـدا.. پێویستە هەموو شتێ بڵێم..

**ژنە پیرەکە**: ئەوە ئەرکێکی پیرۆزە، حەق نییـە لـە پەیامەکـەت بێدەنـگ بیــت، پێویســتە بــۆ خــەڵکی ئاشــکرا کــەیت، ئــەوان چاوەڕوانی پەیامەکەت دەکەن، جیهان تەنها چاوەڕوانی تۆیە.

**پیاوە پیرەکە**: بەڵێ، بەڵێ، قسە دەکەم.

**ژنە پیرەکە**: پێویستە، ئایا بڕیارت لەسەر داوە؟

**پیاوە پیرەکە**: -چا-کە بخۆرەوە.

**ژنە پیرەکە**: گەر لە ژیاندا ئیرادەیەکی زیاترت هەبوایە دەتتوانی ببیت بە گوتاربێژێکی بەڕێوەبەر.. من سەربەرزم، دڵخۆشم بەوەی کە تۆ دواجار بڕیارت دا بۆ هەموو وڵات، هەموو ئەوروپا، هەموو کیشوەرەکان قسە بکەیت.

**پیاوە پیرەکە**: ئەی خودایە، گرانیەکی گەورە ئەبینم لە گوزارشت کردن، هیچ شتێك مەسەلەکەم بۆ ئاسان ناکات.

**ژنە پیرەکە**: کاتێ دەست پێدەکەیت مەسەلەکە ئاسان دەبێت، وەك ژیان و مردن.. تەنها ئەوەندە بەسە کە بڕیار بدەیت.. مرۆڤ لە کاتی قسەکردندا ئەفکارەکان، وشەکان، ئەدۆزێتەوە، لەناو هەمان ئەو وشانەشدا خۆی ئەدۆزێتەوە، هەروەها شارو باخچەش ئەدۆزێتەوە، لەوانەیە مرۆڤ سەرلەنوێ هەموو شتێك بدۆزێتەوە ئیتر هەتیوو نەکەوێت.

**پیاوە پیرەکە**: من قسە ناکەم، ئەبینیت، گوتاربێژێکی باوەڕپێکرام بەکرێ گرتووە، ئەو بەناوی منەوە قسە دەکات.

**ژنە پیرەکە**: کەواتە، بەلای کەمەوە، ئەم شەو مەسەلەکە بە ڕاستییە؟ ئایا هەموو کەسایەتیەکان، خاوەن مڵکەکان، زاناکان، هەموویانت بانگ کردووە؟.

**پیاوە پیرەکە**: بەڵێ، هەموو خاوەن مڵکەکان و، هەموو زاناکان؟

**(کەمەکێك بێدەنگی)**

**ژنە پیرەکە**: پاسەوانەکان؟ قەشەکان؟ کیمیاگەرەکان؟ مس گەرەکان؟ کەمان لێدەرەکان؟ ئەنجومەنەکان؟ سەرۆکەکان؟

پۆلیسەكان؟ بازرگانەكان؟ وەستاكان؟ قەڵەم بەدەستەكان و كرۆمۆسۆماتەكان؟

**پیاوە پیرەكە**: بەڵێ، بەڵێ، كرێكارانی پۆستە و خاوەن ئوتێلەكان و، هونەرمەندەكانیش، هەموو ئەوانەش كە نەختێك لە زانست شارەزان و، ئەوانەشی كە هەندێك مڵكدارن.

**ژنە پیرەكە**: پیاوانی بانكیش؟

**پیاوە پیرەكە**: بانگم كردوون.

**ژنە پیرەكە**: نەدارەكان؟ فەرمان بەرەكان؟ سەربازەكان؟ شۆڕشگێڕەكان؟ كۆنەپەرستەكان؟ دكتۆری نەخۆشیەكانی عەقڵ و شێتی؟

**پیاوە پیرەكە**: بەڵێ، بەڵێ، هەموویان، هەموویان، هەموویان، لەبەرئەوەی ئەوانە هەموویان دواجار یان خاوەن مڵكن یان زانان.

**ژنە پیرەكە**: ئازیزەكەم، خۆت سەغڵەت مەكە، نامەوێت تەنگت پێهەڵچنم، بەلام تۆ وەك عەبقەریە مەزنەكان، زۆر كەمتەرخەمی. كۆبوونەوەكە گرنگە، ئەم شەو وا دەخوازێت هەموویان ئامادەبن. ئایا ئەتوانیت پشتیان پێببەستی؟ ئایا بەڵێنیان داوە كە دێن؟

**پیاوە پیرەكە**: سمیرئەمیس "چا"كە بخۆرەوە.

**(كەمەكێك بێدەنگی)**

**ژنە پیرەكە**: پاپاو، پەپوولەكان و، كاغەزەكان؟

**پیاوە پیرەكە**: هەموویانم بانگ كردووە بۆ ئەوەی ئامادەبن (كەمەكێك بێدەنگی) ئەمەوێت پەیامێكیان پێڕابگەیەنم.. بە

درێژایی ژیانم هەستم کردووە ئەخنکێم، ئێستا، بە هۆی باشی تۆ و، بەهۆی گوتار بێژەکەوە، هەموو شتێك دەزانن، ئێوە هەردووکتان تێتان گەیاندم.

**ژنە پیرەکە**: من زۆر شانازی بە تۆوە دەکەم..

**پیاوە پیرەکە**: کۆبوونەوەکە پاش کەمێکی تر دەست پێدەکات.

**ژنە پیرەکە**: کەواتە، مەسەلەکە ڕاستە، ئەمشەو دێن؟ حەزی گریان دات نەگرێت، زاناو مڵکدارەکان شوێنی دایکان و باوکان دەگرنەوە. (کەمەکێك بێدەنگی) لە توانایاندا نابێت کۆبوونەوەکە دوابخەن. ئەوە زۆر ماندوومان ناکات؟

(کۆمەڵێ هەڵچوونی تیژتر. پێش چەند ساتێك پیاوە پیرەکە بە هەنگاوی کورتی شێواوەوە، وەك هەنگاوی پیرێك یان منداڵێك، کەوتووەتە خولانەوە بە دەوری ژنە پیرەکەدا. توانیبوی هەنگاوێ یان دوان بەرەو لای یەکێك لە دەرگاکان بڕوات، لە پاشان بە شێوەیەکی بازنەیی دەست دەکاتەوە بەسوڕانەوە).

**پیاوە پیرەکە**: ئایا بە ڕاستی لەو بڕوایەدای کە ئەوە لەوانەیە ماندوومان بکات.

**ژنە پیرەکە**: تۆ تووشی هەڵامەتێکی سووك بوویت.

**پیاوە پیرەکە**: بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەکە چی بکەین؟

**ژنە پیرەکە**: با شەوێکی تر بانگیان بکەین. ئەتوانی بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ بکەی.

**پیاوە پیرەکە**: خودایە، چیتر ناتوانم. کارلەکار ترازاوە. لەوانەیە ئێستاکە دەستیان کردبێت بە هاتن!

**ژنە پیرەکە**: دەبوایە زیاتر حکمەتت بەکاربهێنایە.

**(گوێی لە ڕاوەستانی بەلەمێکە لەسەر ئاوەکە)**

**پیاوە پیرەکە**: لەو باوەڕەدام ئەوان بە ڕاستی گەیشتن. (دەنگی ڕاوەستانی بەلەمەکە لەسەر ئاوەکە زیاتر بەرز دەبێتەوە) بەڵێ، ئەوا هاتن!..

**(ژنە پیرەکە هەڵدەستێت و بە شەلەشەل دەڕوا)**

**ژنە پیرەکە**: لەوانەیە گوتاربێژەکە بێت.

**پیاوە پیرەکە**: ئەو بەم زووییە ئامادە نابێت. لەوانەیە ئەوە کەسێکی تر بێت. (گوێی لە جەرەسی دەرگاکە ئەبێت) ئاه.

**ژنە پیرەکە**: ئاه!

(بە تووڕەبوونەوە، هەردوو پیرەکە بەرەو ئەو دەرگایەی کە دەکەوێتە لای ڕاست و دیارنییە دەڕۆن. لە ڕۆیشتنیاندا بۆ لای دەرگاکە دەڵێن)

**پیاوە پیرەکە**: دەست و بردکە.

**ژنە پیرەکە**: نەختێك بووەستە قژم دانەهێناوە.

(لەکاتی ڕۆیشتنیدا بە شەلەشەل، قژ وکراسەکەی، ڕێکدەخات و، گۆرەویە ئەستورە سورەکانی هەڵدەکێشێت)

**پیاوە پیرەکە**: پێویست بوو پێشتر خۆت ئامادە بکەیت.. کاتێکی زۆرت لە پێش بوو.

**ژنە پیرەکە**: لەش و لارم چەند ناڕێکە.. کراسێکی کۆنم لەبەردایە هەمووی دڕاوە..

**پيـــاوه پيرەكــه**: تەنـها لەسـەرت بـو ئوتويـەكى بكـەيت. خێراكـە! وا دەكەيت خەڵك چاوەڕوانت بن.

(ژنە پيرەكە بە بۆڵـە بـۆڵ دەكەوێتـە دواى پيـاوە پيرەكـە بـۆ لاى ئـەو دەرگايـەى كـە لـە گەڕانـەوەى ديوارەكەدايـە.نايـان بينـين. ماوەيـەكى كورتـى پێدەچێـت.. دەنگـى دەرگايـەك دەبيسـرێت كەدەيكەنـەوە و لـە پاشاندا دايدەخەنەوە دواى ئەوەى كەسێك دەهێننە ژوورەوە.

**دەنگــى پيــاوە پيرەكـــه**: بـەيانيت بـاش، خانمەكـەم، فـەرموو وەرە ژوورەوە، پێخۆشحاڵين بە هاتنت. ئەمـەش ژنەكەمە.

**دەنگى ژنە پيرەكە**: بەيانيت باش، خانمەكەم، خۆشحاڵم بە ناسينت. وريابـە، كاســكێتەكەت تێــك مــەدە. دەتوانيــت دەمبوســەكانى لێكەيتـــەوە، وا ئاســانترە، ئــۆو! نەخێر، كەس لە سەرى دانانيشێت.

**دەنگى پياوە پيرەكــه**: ملپێچەكـەت ئـا لـەويا دانـێ. يارمـەتيت دەدەم. نەخێر، تێك ناچێت.

**دەنگــى ژنـــە پيرەكـــه**: ئـۆو! چـەند كراسـێكى جوانـە.. كراسـێكى ڕەنگاوڕەنگى سێ گۆشەيى.. بێگومـان پێت خۆشـە. هـەندێ بسـكويت بخۆيـت.. قەڵــەو نيت.. نەخێر.. خڕوخەپانيت. چەترەكەت لە تەنيتشەوە دانێ.

**دەنگى پياوە پيرەكە**: تكايە، دوام كەوە.

**پياوە پيرەكە**: (پشتى لێمانەوەيە) هيچم نييە تەنها ئيشێكى هاكەزايى نەبێت.(هەردوو پيرەكە خۆيان وەرگێڕاوەو لە نێوانيياندا

شوێنێك بۆ میوانە نەبینراوەكە دەكەنەوە. ئێستا هەردوو پیرەكە ڕوویان وەردەگێڕنەوەو بەرەو پێشەوەی شانۆكە دێن. لەگەڵ ئەو خانمەی نەبینراوە قسە دەكەن كە لە گەڵیاندا دێتە پێشەوەی شانۆكە).

**پیاوە پیرەكە**: (بۆ خانمە نەبینراوەكە) ئایا ئاوهەواكەی گونجاو بوو بۆت؟

**ژنە پیرەكە**: (بۆ هەمان خانم) زۆر ماندوو نیت؟.. بەڵێ، تۆزێك ماندووی.

**پیاوە پیرەكە**: (بۆ هەمان خانم) لەسەر قەراخی ئاوەكە.

**ژنە پیرەكە**: (بۆ هەمان خانم) ئەمە كارێكی جوامێرانە بوو لەلایەن تۆوە

**پیاوە پیرەكە**: (بۆ هەمان خانم) كورسیەكت بۆ دەهێنم.

(پیاوە پیرەكە بەرەو لای چەپ دەڕوات. لە دەرگای ژمارە شەشەوە دەچێتە دەرەوە)

**ژنە پیرەكە**: (بۆ هەمان خانم) هەتا دێتەوە، ئەم كورسیە بەرە (ئاماژە بۆ یەكێك لە كورسیەكان دەكات و خۆشی لەسەر ئەوی تریان دادەنیشێ، كە دەكەوێتە لای ڕاستی خانمە نەبینراوەكەوە) دنیا گەرمە، وانییە؟

(خەندەیەك بۆ خانمە نەبینراوەكە دەردەبڕێت) ئای چەند باوەشێنێكی جوانە! مێردەكەم.. (پیاوە پیرەكە لە دەرگای ژمارە حەوتەوە دەگەڕێتەوە كورسیەكی هەڵگرتووە).. حەفتاوسێ ساڵ لەمەوبەر.. بە بۆنەی جەژنی لە دایك بوونمەوە دانەیەكی وەك ئەوەی تۆی

پێشکەش کردم.. تا ئێستاش هەڵم گرتووە. (پیاوە پیرەکە کورسییەکە لەلای چەپی خانمە نەبینراوەکەوە دادەنێت و لەسەری دادەنیشێت. بەم جۆرە خانمە نەبینراوەکە دەکەوێتە نێوان هەردووکیانەوە. پیاوە پیرەکە ڕووی تێدەکات و خەندەیەکی بۆ دەکات، سەری بۆ دەجووڵێنێت. دەستەکانی بە نەرمی لە یەکتری دەخشێنێ، وادیارە ئاگای لەو قسانەیە کە دەکرێن، ژنە پیرەکەش هەمان ئاماژە و جووڵەکانی پیاوە پیرەکە جێبەجێ دەکات).

**پیاوە پیرەکە**: خانمەکەم، ژیان هەرگیز ئاسان –هەرزان– نەبووە.

**ژنە پیرەکە**: (بۆ خانمەکە) تۆ لەسەر حەقی.. (خانمەکە قسەدەکات). وەك تۆ دەڵێیت. کاتی ئەوە هاتووە کە ئەمە بگۆڕدرێت.. (لەرەی دەنگی دەگۆڕێت) لەوانەیە مێردەکەم گرنگی بە مەسەلەکە دابێت.. ئەو هەموو شتێکتان پێدەڵێت.

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ ژنە پیرەکە) سەمیرئەمیس، بێدەنگ بە، بێدەنگ بە. جاریٚ کاتی قسەکردن نەهاتووە. (بۆ خانمەکە) خاتوونەکەم، ببخشە، ڕەنگە سەبارەت بە ئێمە پرسیارێکی زۆرت لا دروست بووبێت، (بەرپەرچی دەداتەوە) خاتونە ئازیزەکەم، لەسەری مەڕۆ (هەردوو پیرەکە خەندە دایان دەگرێت، بگرە پێدەکەنن. پێدەچێت زۆر ڕازی بن بەو چیرۆکەی کە خانمە نەبینراوەکە دەیگێڕێتەوە.

**(کەمەکێك بێدەنگی. گفتوگۆکە دەوەستێت. دەربڕینەکانی دەمووچاویان هیچی نامێنێ).**

**پیاوە پیرەکە:** (بۆ هەمان خانمەکە) بەڵی، تۆ زۆر ڕاست دەکەیت.

**ژنە پیرەکە:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ.. ئۆو! چۆن نا.

**پیاوە پیرەکە:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ. نەخێر. بە هیچ شێوەیەك.

**ژنە پیرەکە:** بەڵێ؟

**پیاوە پیرەکە:** نەخێر؟!

**ژنە پیرەکە:** تۆ وا دەڵێیت.

**پیاوە پیرەکە:** (پێدەکەنێت) ناکرێت.

**ژنە پیرەکە:** (پێدەکەنیت) ئووو! مەسەلەکە بەم شێوەیەیە (بۆ پیاوە پیرەکە) زۆر قەشەنگە.

**پیاوە پیرەکە:** (بۆ ژنە پیرەکە) خانمەکەت بە دڵە (بۆ خانمەکە) پیرۆزە..

**ژنە پیرەکە:** (بۆ خانمەکە) لە کچانی ئەمڕۆ ناچێت..

**پیاوە پیرەکە:** (بە نارەحەت دائەنەوێتەوە بۆ ئەوەی شتێکی نەبینراو هەڵگرێتەوە کە لە خانمە نەبینراوەکەوە کەوتە خوارەوە بۆ سەر زەوی) وازی لێبێنە.. خۆت سەغڵەت مەکە.. هەڵی دەگرمەوە.. ئۆو! تۆ لە من خێراتر بووی.

**(سەرلەنوێ خۆی ڕاست دەکاتەوە)**

**ژنە پیرەکە:** (بۆ پیاوە پیرەکە) ئەو لە تەمەنی تۆدا نییە!

**پیاوە پیرەکە:** (بۆ خانمەکە) پیریەتی بارێکی گرانە. هیوادارم تا ئەبەد بە گەنجیەتی بمێنیتەوە.

**ژنە پیرەکــــە**: (بۆ هەمان خانم) ئەو دڵسۆزە لەوەی کە دەیڵێ. دڵە باشـەکەیەتی کـە قسـە دەکـات (بـۆ پیـاوە پیرەکـە) ئازیزەکەم!

(چەند ساتێك بێدەنگی. هەردوو پیرەکە لە ژوورەکەدان. لـە تەنیشـتەوە لـە خانمەکـە دەڕوانـن و بـە ئەدەبـەوە پێدەکەنن. لە پاشاندا ڕوو لە بینەران دەکەن، سەرلەنوێ تەماشـای خانمەکـە دەکەنـەوەو دەسـت دەکـەن بـە گۆڕینـەوەی خـەندە لەگـەڵیدا. لـە پاشـان وەڵامـی پرسیارەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەدەنەوە).

**ژنــە پیرەکــە**: تۆ زۆر خۆشەویستیت کە گرنگـی بـە مەسـەلەکەمان دەدەیت.

**پیاوە پیرەکە**: ئیمە بە تەنها دەژین.

**ژنە پیرەکە**: میردەکەم بیئەوەی رقی لە مرۆڤ بیت، حەز بە تەنهایی دەکات.

**پیاوە پیرەکــە**: رادیۆمان هەیە و، من بە قولاپ راو دەکەم، هەروەها هیلیکی کە شتیوانی ریکوپیکی لییە،

**ژنــە پیرەکــە**: بەیانیانی رۆژانی یەکشەممە دوو پاپۆر تیدەپـەرن و ئیوارەکەیشی یەکیکی دیکە، ئەمە بیجگە لە بەلەمە تایبەتیەکان.

**پیــاوە پیرەکــــە**: (بـۆ خانمەکـە) کاتـێ هـەوا خـۆش دەبیـت، مـانگ دەردەکەویت.

**ژنـــە پیرەکـــە**: (بـۆ هـەمان کەسایەتی) ئـەو بـەردەوام سـەرقالی ئیشـەکەیەتی "مارشـالی خانووەکـان" ئـەو ئیشـە

هــەموو کــاتی بــردووە.. ڕاســتە، لــەو تەمەنــەدا، دەبوایە، ئیسراحەتی بکردایە.

**پیــاوە پیرەکــە**: (بـۆ خانمەکـە) لـە گـۆڕدا کـاتێکی زۆرم دەبێـت بـۆ ئیسراحەت کردن.

**ژنــە پیرەکــە**: (بۆ پیاوە پیرەکە) ئازیزە بچکۆلەکەم، وا مەڵێ.. (بـۆ خانمەکـە) نزیکـەی دە سـاڵێکە! کەسـوکارم، ئەوانــەی ماونەتەوە، لەگەڵ برادەرانی مێردەکەم هێشتا ناوبەناو سەردانمان دەکەن.

**پیــاوە پیرەکــە**: (بۆ خانمەکە) لە زستاندا، کتێبێکـی خۆش لە پاڵ ســۆپایەکی کارەبــایدا و، لەگــەڵ بیرەوەریــــەکانی سەرتاپای ژیان..

**ژنە پیرەکــە**: (بۆ خانمەکە) ژیانێکی هاکەزاییە بەڵام بە شێوەیەکی باش پڕکراوەتەوە.. هەموو ڕۆژێ، دوو کات ژمێر ئیش لە پەیامەکەیدا دەکات.

(دەنگـی جەرەسـی دەرگاکــە دەبیسـرێ. پێـش کــەمێك دەنگی هاتنی بەلەمێك لەناو ئاوەکەوە بەرگوێ دەکەوت).

**ژنە پیرەکە**: (بۆ پیاوە پیرەکە) یەکێك هات. خێرا بڕۆ.

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ خانمەکە) خانمەکەم، بەڕوخسـەتت، یـەك دەقە! (بۆ ژنە پیرەکە) بە پەلە بڕۆ کورسیەکان بێنە!

**ژنە پیرەکە**: (بۆ خانمەکە) ئازیزەکەم، دەقیقەیەك ڕووخسەتم بدە.

**(چەند جارێك جەرەسەکە بە قایمی لێدەدرێت).**

**پیاوە پیرەکــــە**: (بە شپرزەیی، بەرەو دەرگای لای ڕاست، ڕادەکات. لەوکاتــەدا ژنــە پیرەکــە بــە هــەنگاوە شــەل و

شێواوەکانی، بەرەو دەرگا نەبینراوەکەی لای چەپ، ڕادەکات) لەوانەیە ئەوە کەسێکی دەسەڵاتدار بێت.
(خێراتر ڕادەکات، دەرگای ژمارە دوو دەکاتەوە. کۆلۆنێلە نەبینراوەکە دێتە ژوورەوە. باشترە کە دەنگی شەیپور و هەندێ لە ئاوازی "بڕژی کۆلۆنیل" ببیسرێت. کاتی پیاوە پیرەکە کۆلۆنێلە نەبینراوەکە بەدی دەکات وەك پاسەوانێك چۆن بەڕێزەوە سەلام بۆ سەرکردەکەی دەکات لە شوێنی خۆی ڕەق دەبێت)
ئاه!. گەورەم کۆلۆنێڵ! (بە جووڵەیەکی خڵەتێنەرانە دەستی بۆ ناوچاوانی بەرز دەکاتەوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی سەلام کردنێك کە دەرناکەوێت)
بەیانیت باش، ئەی کۆلۆنێلی گەورەم.. هاتنت بۆ من ڕێزلێنانێکی گەورەیە.. من.. من.. چاوەڕوانی ئەمەم نەدەکرد. هەرچەندە.. لەگەڵ ئەوەشدا.. بە کورتیەکەی، من زۆر شانازی بەوەوە دەکەم کە لە ماڵە هاکەزایەکەمدا پێشوازی لە پاڵەوانێك دەکەم لە پلەو پایەی تۆدا.. (بە توندی دەستی کۆلۆنێلە نەبینراوەکە کە درێژکراوە بۆ لای دەگوشێ و، زیاد لە پێویست دادێتەوە، لە پاشان خۆی ڕاست دەکاتەوە) بەبێ هیچ جۆرە زۆر لە خۆکردنێك، ڕێگا بە خۆم دەدەم، هەرچۆنێك بێت، دانی پیادەنێم هەست ناکەم شایانی ئەم هاتنەت نەبم! بەڵێ، سەربەرزم.. شایانی نیم، نەخێر!..

**(ژنە پیرەکە لەلای ڕاستەوە دەردەکەوێت و کورسییەکی هەڵگرتووە)**

**ژنە پیرەکـە**: ئۆی لەو جلوبەرگە نایابانە! وای لەو مەدالیا جوانانە! ئازیزەکەم، ئەمە کێیە؟

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ ژنە پیرەکە) ئەی نایبینیت ئەمە کۆڵۆنێڵە؟

**ژنە پیرەکە**: (بۆ پیاوە پیرەکە) ئاه!

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ ژنە پیرەکە) مەدالیاکانی بژمێرە! (بۆ کۆڵۆنێڵ) ئەمە خێزانەکەمە، سەمیرئەمیس. (بۆ ژنە پیرەکە) نزیک بەرەوە تا بتناسێنم بە کۆڵۆنێڵی گەورەم (ژنە پیرەکە کورسیەکە لە دوای خۆیەوە ڕادەکێشێ و لە کۆڵۆنێڵ نزیک دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی کورسیەکە بەجێهێڵێت دایەتەوە بۆ کۆڵۆنێڵ) خێزانەکەم. (بۆ ژنە پیرەکە) کۆڵۆنێڵ.

**ژنــە پیرەکــــــە**: پێخۆشحاڵم، کۆڵۆنێڵی گەورەم. بەخێربێیت. تۆ یەکێکیت لە هاوڕێکانی مێردەکەم، ئەو مارشاڵە..

**پیاوە پیرەکە**: (ناڕازییە) خانووەکان.. خانووەکان..

**ژنە پیرەکە**: (کۆڵۆنێڵە نەبینراوەکە دەستی ژنە پیرەکە ماچ دەکات. ئەمەش لە جووڵەی دەستی ژنە پیرەکەوە دەردەکەوێت وەك ئــەوەی بــەرزی بکاتــەوە بــۆ لێــوی کۆڵۆنێــڵ، لــە ئەنجامی هەڵچوونی واز لە کورســیەکە دەهێنێـت) ئـۆو! زۆر ڕەوشت بەرزە.. دیارە بە شانوشەوکەتە، مرۆڤێکـی بـە شــانو شــەوکەت و پایــە بــەرزە.. (کورســیەکە هــەڵ دەگرێتــەوە. بـۆ کۆڵۆنێـڵ) ئــەم کورســیە بــۆ تۆیــە (بـۆ کۆڵۆنێڵە نەبینراوەکە) فەرموو دوامان کەوە.. (هەموویان ڕوودەکەنە پێشەوەی شانۆ. ژنـە پیرەکـە کورسـیەکە لـە

دوای خۆیـــەوە ڕادەکێشـــێت. بـــۆ کۆڵۆنێـــڵ) بـــەڵێ، میوانێکمان هەیە.. ئێمە چاوەڕوانی خەڵکانێکی زۆرتـر دەکەین! (ژنە پیرەکە کورسیەکە لەلای ڕاست دائەنێت).

**ژنە پیرەکە**: (بۆ کۆڵۆنێڵ) فەرموو دانیشە.

**(پیاوە پیرەکە هەردوو کەسایەتیە نەبینراوەکە بە یەکتری دەناسێنێ)**

**پیاوە پیرەکە**: ئەمە خانمێکی گەنجی هاوڕێمانە..

**ژنە پیرەکە**: هاوڕێیەکی دڵسۆزە..

**پیـــاوە پیرەکـــە**: (بەردەوامـە) ئەمـە کۆڵۆنێڵـە.. لـە سـەربازە نـاودارە هەڵکەوتووەکانە.

**ژنە پیرەکە**: (ئاماژە بۆ ئەو کورسیە دەکات کە بۆ کۆڵۆنێڵی هێنـابوو) کەواتە، ئەم کورسیە ببە..

**پیـــاوە پیرەکـــە**: (بـۆ ژنـە پیرەکـە) نـەخێر، بـاش دەزانیـت کۆڵۆنێـڵ حەزدەکات لە پاڵ خانمەکەدا دانیشێت!

(کۆڵۆنێڵەکە بەبێ ئەوەی بیبینین لەسەر سێیەم کورسی کە دەکەوێتە لای چەپی شـانۆکەوە دادەنیشـێت. بـەڵام خانمـە نەبینراوەکـە دەبێـت لەسـەر کورسـی دووەم دانیشـتبێت.هـەردوو کەسـایەتیە نەبینراوەکە لـە تەنیشـت یـەك دانیشـتوون و گفتوگۆیـەکی شـاراوە لـە نێوانیـاندا هەیـە. هەردوو پیرەکە هەریەکەیان لە پاڵ یەکێك لـە میوانـە نـەبینراوەکان و لـە پشـتی کورسیەکانیانەوە بە ڕاوەسـتاویی ماونەتـەوە، پیـاوە پیرەکـە لـە لای چەپی خانمەکەو ژنە پیرەکەش لەلای ڕاستی کۆڵۆنێڵ)

**ژنە پیرەکـــە**: (گوێـی بۆ گفتوگۆی نێـوان هـەردو میوانەکـە ڕاگرتـووە) ئۆو! ئۆو! ئەمە زۆر زۆرە

**پیاوە پیرەکە**: (وەکو ژنەکە دەکات) لەوانەیە.. (هەردوو پیرەکە لەکاتی گـوێ گرتنیـاندا بـۆ گفتوگۆکـان لەسـەر سـەری دوو میوانەکەوە هەندێ ئاماژە دەگۆڕنەوە کە دەبێتە هۆی بێتاقـەی هـەردوو پیرەکـە. لـە پرێکـدا) بـەڵی، ئـەی کۆڵۆنێڵی بەڕێز، جارێ لێرە نین، ئامـادەدەبن، گوتـار بێژەکە لە جیاتی من قسە دەکات، مانـای پەیامەکـەم ڕاڤە دەکات.. ڕەنگە لە هەر ساتێکدا بێت مێردی ئەم خانمە بگاتە ئێرە.

**ژنە پیرەکە**: (بۆ پیاوە پیرەکە) ئەم بەڕێزە کێیە؟

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ ژنە پیرەکە) پێم نەوتی، ئەمە کۆڵۆنێڵە.

**(بە دزییەوە هەندێ شتی نابەجێ ڕوودەدات)**

**ژنە پیرەکە**: (بۆ پیاوە پیرەکە) دەمزانی.

**پیاوە پیرەکە**: کەواتە، لەبەرچی پرسیارت کرد؟

**ژنە پیرەکە**: بۆ ئەوەی بزانم، ئەی کۆڵۆنێڵ، قنچکی جگەرەکانت فڕێ مەدەرە سەر زەویەکە.

**پیاوە پیرەکـە**: (بۆ کۆڵۆنێڵ) کۆڵۆنێڵ ـی بەڕێز، کۆڵۆنێڵی بەڕێز، لە بیرم چوو. ئایا دوا جەنگت بردەوە یان دۆڕاندت؟

**ژنە پیرەکـە**: (بۆ خانمە نەبینراوەکە) بەڵام ئەی بچکۆلەکەم، دوودڵ مەبە لەم جۆرە کارانەدا.

**پیاوە پیرەکە**: تەماشام کە، تەماشام کە، کۆڵۆنێڵی بەڕێز، ئایا پێمەوە دیارە کە من سەربازێکی بێکەڵکم؟ جارێکیان، لە یەکێك لە شەڕەکاندا..

**ژنە پیرەکە**: ئەو زیادەڕۆی دەکات! ئەمە شیاو نییە! (کۆڵۆنێڵەکە لە مەچەکە نەبینراوەکەیەوە ڕادەکێشێ) ئازیزەکەم، گوێی لێبگرە! مەهێڵە بەم جۆرە ئیشانە هەستێت!

**پیاوە پیرەکە**: (بەردەوامە لەسەر قسەکردن بەخێرای) بە تەنها دووسەدەوبیستونۆم کوشت، پێیان دەووتن مێشەکان. چونکە بازی بەرزیان ئەدا بۆ ئەوەی ڕابکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هێندەی مێش زۆر نەبوون، ئەی کۆڵۆنێڵ، بە هەموو ئاشکرابوونێکەوە، مەسەلەکە کەمێك دڵخۆش کەرە، بەڵام بەهۆی هێزی کەسایەتی خۆمەوە توانیم کە.. ئاه! نەخێر، تکایە، تکایە.

**ژنە پیرەکە**: (بۆ کۆڵۆنێڵ) مێردەکەم هەرگیز درۆ ناکات. ڕاستە، ئێمە پیرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو کەسی بەڕێزین.

**پیاوە پیرەکە**: (بە توندی بۆ کۆڵۆنێڵ) پێویستە لەسەر قارەمان ڕەوشت بەرزبێت، ئەگەر بیەوێت قارەمانێکی تەواو بێت.

**ژنە پیرەکە**: (بۆ کۆڵۆنێڵ) زۆر لە زووەوە دەتناسم. لەو بڕوایەدا نەبووم ئەمە لە تۆ بووەشێتەوە (بۆ خانمەکە، لەوکاتەدا دەنگی بەلەمەکان دەبیسرێ) لەو بڕوایەدا نەبووم ئەمە لەو بووەشێتەوە. کەرامەت و عزەتی نەفسمان هەیە.

**پیاوە پیرەکە**: (بە دەنگێکی زۆر لەرزۆکانەوە) تا ئێستاش توانای هەڵگرتنی چەکم هەیە (جەرەس لێ دەدرێ) ببورە، دەڕۆم دەرگاکە دەکەمەوە. (بە غەڵەتی خۆی ئەکێشێ

بە کورسی خانمە نەبینراوەکەداو هەڵی ئەگێڕێتەوە)
ئاه! بم بەخشە

**ژنە پیرەکە**: (ئەچەمێتەوە بەسەریدا) هیوادارم ئێشت پێ نەگەیشتبێت. (هەردوو پیرەکە یارمەتی خانمەکە دەدەن بۆ هەستانەوە) پیس بوویت. ئەم شوێنە پڕە لە خۆڵ.

**(یارمەتی خانمەکە دەدەن بۆ تەکاندنی خۆڵەکە. دیسانەوە لە جەرەس دەدرێتەوە).**

**پیاوە پیرەکە**: داوای لێبوردن دەکەم. داوای لێبوردن دەکەم. (بۆ ژنە پیرەکە) برۆ، کورسیەك بهێنە.

**ژنە پیرەکە**: (بۆ دوو میوانە نەبینراوەکە) یەك چرکە بە ڕوخسەتی خۆتان.

(لە کاتێکدا پیاوە پیرەکە دەڕوات دەرگای ژمارە سێ بکاتەوە ژنە پیرەکە لە دەرگای ژمارە سێوە دەچێتە دەرەوە، دەڕوات کورسیەك دەهێنێت، لە پاشان لە دەرگای ژمارە هەشتەوە دەگەڕێتەوە).

**پیاوە پیرەکە**: (بەرەو دەرگاکە دەڕوات) ئەو ئەیەوێ تووڕەبونم بوروژێنێ.. خەریکە تووڕە دەبم. (دەرگاکە دەکاتەوە) ئۆو! خانمەکەم، ئەوە تۆی! باوەڕ بە چاوم ناکەم، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز..چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد.. بە ڕاستی.. ئۆو! خانمەکەم، خانمەکەم.. هەرچۆنێك بێت، بە درێژایی تەمەنم، بە درێژایی ژیانم بیرم لێدەکردیتەوە، خانمەکەم، ناویان نابوویت "شۆخەکە" ئەوە مێردەکەتە.. وایان

پێـــووتم، بـــە دڵنیاییـــەوە.. بـــە هیـــچ جۆرێـــك نەگۆڕاویت.. ئۆو! بەڵی بەڵێ، لووتت هەندێك درێژو فش بووە.. لە یەکەم ساتدا ئەوەم بەدی نەکردبوو، بەڵام ئێستا بەدی دەکەم. بە شێوەیەکی ترسناك درێژ بووە.. ئاه! بەداخەوە! هەرچۆنێك بێت، ئەمە بە ئەنقەست وایلێنەهاتووە.. ئەمە چۆن وایلێهات؟ هێدی هێدی.. ببورە، گەورەم و، هاوڕێی ئازیزم، ڕێگام بدە بە هاوڕێی ئازیزم بانگت بکەم، پێش ئەوەی ژنەکەت بناسی من دەمناسی.. وەك ئێستا وابوو، بە لووتێکی زۆر جیاواز ترەوە.. گەورەم، پیرۆزبایت لێدەکەم، پێدەچێت ئێوە یەکتریتان زۆر خۆش بوێ. (ژنە پیرەکە لە دەرگا ژمارە هەشتەوە دەردەکەوێت و کورسیەکی پێیە) سەمیرئەمیس، دوو کەس هاتوون، پێویستمان بە کورسیەکی تریش هەیە.. (ژنە پیرەکە کورسیەکە لە دوای چوار کورسیەکەی ترەوە دادەنێ، لە پاشان لە دەرگای ژمارە هەشتەوە دەچێتە دەرێو لە دوای چەند چرکەیەك لە دەرگای ژمارە پێنجەوە دەگەڕێتەوە و کورسیەکی پێیە و لە تەنیشت ئەو کورسیەی کە تازە هێنابووی دایدەنێت. لەم ساتەدا پیاوە پیرەکە و دوو میوانەکەی دەگەنە لای ژنە پیرەکە) نزیك ببنەوە، نزیك ببنەوە. کەسانێك پێش ئێوە هاتوون. ئەتانناسێنم پێیان.. کەواتە، ئا ئەوەتا، خانمەکە..

ئۆو! كچە شۆخەكە، شۆخەكە، ناویان نابوویت "كچە شۆخەكە".. پشتت چەماوەتەوە.. ئۆو! گەورەم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا هەر جوانە، لە پشت عەینەكەكەیەوە چاوەكانی تا ئێستاش هەر جوانن، قژی سپی بووە بەڵام من دڵنیام لەژێر قژە سپیەكەیەوە هێشتا تاڵەكانی خەنەییو شینن.. نزیك ببنەوە، نزیك ببنەوە.. بەڕێزم ئەمە چییە، دیاریە بۆ ژنەكەم؟ (بۆ ژنە پیرەكە كە دەگات و كورسیەكی پێیە) سەمیرئەمیس، ئەمە شۆخەكەیە، دەزانی شۆخەكە.. (بۆ كۆڵۆنێل و خانمە نەبینراوەكەی یەكەم جار) ئەمە كچەكەیە، ببورە، خانمە شۆخەكە، خەندە دایان ناگرێت.. مێردەكەی.. (بۆ ژنە پیرەكە) هاوڕێمە لە ڕۆژانی منداڵیەوە، لە بارەیەوە قسەم زۆر بۆ كردویت.. ئەمەش مێردەكەیەتی (دووبارە بۆ كۆڵۆنێڵ و خانمەكەی یەكەم جار، كە نابینرێن). مێردەكەی..

**ژنە پیرەكە**: (بۆیان دادێتەوە) وەڵاهی، زۆر شارەزایە لە یەكترناساندن. قسەزانێكی ڕەوانە. بەیانیت باش، خانمەكەم. بەیانیت باش گەورەم. (هەردوو كەسایەتیە نەبینراوەكەی تریان پیشان دەدات) بەڵێ، دوو هاوڕێن..

**پیاوە پیرەكە**: (بۆ ژنە پیرەكە) ئەو دیارییەكت پێشكەش دەكات.

**(ژنە پیرەکە دیاریەکە وەردەگرێ).**

**ژنە پیرەکە**: گەورەم، ئەمە گوڵە؟ یان بێشکە؟ یان داری هەرمێیە؟ یان لەوانەیە قەلەڕەش بێت.

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ ژنە پیرەکە) نەخێر، ئەی نابینی ئەمە تابلۆیە؟

**ژنە پیرەکە**: ئاها! چەند جوانە! سوپاس گەورەم.. (بۆ خانمە نەبینراوەکەی یەکەم جار) هاوڕێی ئازیزم، گەر دەتەوێت تەماشای بکە.

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ کۆلۆنێلە نەبینراوەکە) گەر حەزدەکەی، تەماشای کە.

**ژنە پیرەکە**: (بۆ مێردی کچە شۆخەکە) دکتۆر، دکتۆر، توشی گێژیی و ڕشانەوە دەبم، هەناسە بڕکێمە، ئێشێك لە دڵمایە، ئازارم هەیە، هەست بە پێیەکانم ناکەم، لە چاوەکانمدا هەست بە سەرما دەکەم، هەست دەکەم سەرما لەپەنجەکانمەوە ئالاوە، جگەرم تەواو نییە، دکتۆر، دکتۆر!..

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ ژنە پیرەکە) ئەم بەڕێزە دکتۆر نییە، ئەو نیگارکێشە.

**ژنە پیرەکە**: (بۆ خانمەکەی یەکەم جار) ئەگەر تەواو بوویت لە تەماشاکردنی دەتوانیت هەڵیواسی، (بۆ پیاوە پیرەکە) ئەوە گرنگ نییە هەرچۆنێ بێت ئەو پیاوێکی ڕێك و پێك و باشە. زۆر چاکە (بۆ نیگارکێشە) مەبەستم مجامەلە کردنت نییە.. (پێویستە ئێستا هەردوو پیرەکە لە پشت کورسیەکانەوە بن و نزیك بە یەکتری. بە شێوەیەك وەك ئەوەی نووسابن بەیەکەوە، بەلام

هەریەکەیان پشتی لەوی تریانە. قسەدەکەن، پیاوە پیرەکە بۆ کچە شۆخەکە، ژنە پیرەکە بۆ نیگارکێشەکە، ناونـاوەش هـەر دوو پیرەکـە سـەریان بـۆ لای دوو میوانەکەی یەکەم جار دەسوڕێنن و لەگەڵ یەکێکیاندا وەڵام دەگۆڕنەوە)

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ کچە شۆخەکە) من هێجگار دل ˇ گرانم.. لەگەڵ هەموو ئەو شتانەشدا، تۆ هەروەکو خۆتیت، نزیکەی سەد ساڵ دەبێت تۆم خۆش ویستووە.. ئای لەو گۆڕانەی، لەم ماوەیەدا بەسەرتا هاتووە.. خۆشم دەویستی، خۆشم دەوێیت..

**ژنە پیرەکە**: (بۆ نیگارکێشەکە) ئۆو! گەورەم، گەورەم، گەروەم..

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ کۆڵۆنێڵ) من لەم خاڵەدا لەگەڵتا یەك دەگرمەوە.

**ژنە پیرەکە**: (بۆ نیگارکێشەکە) ئۆو! بە ڕاست، گەورەم، بە ڕاست.. (بۆ خانمەکەی یەکەم جار) سوپاست دەکەم بۆ ئەو تێبینیەی ئێستات.. ببورە، تووشی هەندێ ناخۆشی هاتیت.

**(ئێستا ڕووناکیەکە بەهێزترە. لەگەڵ هاتنی نەبینراوەکاندا ڕووناکیەکە زیاتر دەبێت)**

**پیاوە پیرەکە**: (خەریکە دەگریەت، بۆ کچە شۆخەکە) ڕابردوو لەکوێیە؟

**ژنە پیرەکە**: (بۆ نیگارکێشەکە) ئۆو! گەورەم، گەورەم، گەورەم.. ئۆو! گەورەم..

**پیاوە پیرەکە**: (بە پەنجەکانی، خانمە نەبینراوەکەی یەکەم جار پیشانی کچە شۆخەکە دەدات) ئەمە هاوڕێیەکی گەنجە.. پارچەیەك شەکرە..

**ژنە پیرەکە**: (بە پەنجە کۆلۆنیل پیشانی نیگارکیشەکە دەدات) بەلێ، ئەمە کۆلۆنیلیکی سوارچاکی شمشیر بەدەستە.. برادەری میردەکەمە.. سەرۆکیەتی، میردەکەم مارشالە..

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ کچە شۆخەکە) شۆخە ئازیزەکەم، لە بیرتە؟ گوییەکانت هیچ کاتیك وا تیژو قووت نەبوون!..

**ژنە پیرەکە**: (بۆ نیگارکیشەکە، بازاریانە مغازەلەی لە گەڵ دەکات. پیویستە ئەم مغازەلە بازاریانە بە دریژایی ئەم دیمەنە لە زیادبووندا بیت. گۆرەویە سورە ئەستورەکانی دەردەخات، کراسە زۆرەکانی بەرزدەکاتەوە، کراسیکی پر لە کون دەردەکەویت، سنگە پیرەکەی رووت دەکاتەوە، دەستەکانی لەسەر هەردووسمتی دادەنیتو، سەری بۆ دواوە دەبات، ئاهو ئۆفیکی شەبەقیانەی لیهەلدەستیت، هەردوو قاچی دەکاتەوە و پال بە کەمەرییەوە دەنیت بۆ پیشەوە، لە شیوەی سۆزانیەکی میرد مندالدا پیدەکەنیت. ئەم نواندنەی جیاوازە لە هەموو نوواندنەکانی پیشووی و نواندنەکانی دواتریشی. ئەم نواندنە پیویستە ئەو کەسایەتیە شاراوەیەی کە لە قولایی ناخی ژنە پیرەکەدا شاردراوەتەوە ئاشکرا بکات، پیویستە ئەم نواندنە لە پریکدا بووەستیت) ئەمە ئیستا لەگەڵ تەمەنی مندا ناگونجیت.. وا نییە؟

**پیاوە پیرەکە**: (بە سۆزیکی زیاد لە پیویست، بۆ کچە شۆخەکە) لە رۆژگاری ئیمەدا، مانگ ئەستیرەیەکی زیندوو بوو،

ئـاه، بـەڵێ، بـەڵێ، ئەوكاتـەی ئێمــە منــداڵ بوویــن، گەربمان توانیایە دلێرانــەو بێـترس خۆشەویسـتیمان بکردایـــە. ئایـــا دەتـــەوێ دەســــت بــــە زەمـــەنی بەهەدەرچووەوە بگرین.. تۆ بڵێی ئێستا بتوانین ئەوە بکـەین؟ تـۆ بڵێی بتوانین؟ ئـاه! نـەخێر، نـەخێر،ئێستا نـاتوانین ئـەوە بکـەین. زەمـەن وەك شــەمەندەفەر بــە خێرایی تێپەڕیو، لەسەر ڕوخسارمان کۆمەڵی چرچ و لۆچــی بەجێهێشــت. لــەو بــاوەڕەدای نەشــتەرگەری جوانکاری بتوانێت هەندێ سەراسا[1] بخولقێنێت؟ (بۆ کۆلۆنێلەکە) من پیاوێکی عەسکەریم، هـەروەها تـۆش، ســەربازەکان هەمیشــــە گــــەنجن، مارشــــاڵەکان وەك خوداوەندەکانن.. (بۆ کچە شۆخەکە) مەسەلەکە بـەم جـۆرە دەبـوو.. خودایـە! خودایـە! هـەموو شـتێکمان دۆڕاند. دەمانتوانی لەوپـەڕی بەختـەوەریدا بین. پێت دەڵێـم، دەمـانتوانی دەمـانتوانی، لەوانەیـە و دەکـرێ گوڵێك لەژێر سەهۆڵبەندانێکدا سەوز ببێت!..

**ژنە پیرەکــــە**: (بـۆ نیگارکێشـەکە) ئـەی منـافقی دووڕوو!پیسـوبۆگەن! ئاه! ئاه! زۆر گەنج تر دیـارم لـە تەمـەنم؟ تـۆ ڕێویـەکی بچووکی! تۆ ئەموروژێنی.

**پیــاوە پیرەکــە**: (بـۆ کچە شـۆخەکە) ئایـا دەتـەوێ بـۆم ببیـت بـە (ایزولدە) و مینش بۆت ببم بە "تریستان"؟ جوانی لە ناو دڵدایە.. تێدەگەیت؟ دەمانتوانی خۆشیەکان و جوانیــەکان و ئەبــەدیت.. ئەبەدیــەت.. دابــەش

بكەين، بۆچى غيرەتى ئەوەمان نەبوو، تۆ بڵێی بە ڕاستى ئەوەمان نەويستبێت.. هەموو شتێكمان دۆڕاند، دۆڕاند، دۆڕاند.

**ژنە پیرەكە**: (بۆ نيگاركێشەكە) ئاه! نەخێر، نەخێر، نەخێر،ئۆو، نا، نا، توشى خرۆشاندنم مەكە. ئايا تۆش تەزوى خرۆشاندن بە لاشەتدا تێپەڕى؟ حەزدەكەى ختووكەدانى ئەوانى تر بوروژێنى، يان لەوانەى كە ختووكەدان دەتوروژێنى؟ هەست بە كەمێك شەرم دەكەم.. (پێدەكەنێ) كراسەكەمت بە دڵە؟ يان ئەم تەنورەيەت پێ باشترە؟

**پیاوە پیرەكە**: (بۆ كچە شۆخەكە) ژيانێكى هەژارانە بۆ مارشاڵی خانووەكان!

**ژنە پیرەكە**: (سەرى بۆ لاى خانمە نەبينراوەكەى يەكەمجار وەردەگێڕێ) بۆ ئەوەى سەندەويچێكى صينى دروست بكەيت؟ هێلكەى گونى گا سەعاتێك لە ناو ڕۆندا بێت. شەكرەكەشى ئامادەكرابێت (بۆ نيگاركێشەكە) پەنجەكانت زۆر شارەزان، ئاه!.. هەرچۆنێ بێت!.. ئۆو.. ئۆو.. ئۆو.. ئۆو

**پیاوە پیرەكە**: (بۆ كچە شۆخەكە) ئەم ژنە ئەمەكدارەم جێگاى دايكمى گرتووەتەوە.(بۆ لاى كۆڵۆنێڵ خۆى وەردەگێڕێ) كۆڵۆنێڵ، چەندين جار پێم وتى، مرۆڤ لە هەر شوێنێكدا ڕاستى دۆزيەوە باوەڕى پێدەهێنێت. (ڕوودەكاتە كچە شۆخەكە)

**ژنە پیرەکە**: (بۆ نیگارکێشەکە) ئایا بە ڕاستی تۆ لەو بڕوایەدایت لە هەموو تەمەنێکدا منداڵ لە دایك ببێت؟ منداڵ لە هەموو تەمەنێکدا.

**پیاوە پیرەکـــە**: (بۆ کچە شۆخەکە) ئا ئەمانە ڕزگاریان کردم: ژیانی ناوخۆیم، ئارامیـەکی دەروونـی لـە نـاوەوەمدا، زوهـد، لێکۆڵینەوە زانستیەکانم، فەلسەفە، پەیامەکەم..

**ژنـــە پیرەکـــە**: (بـۆ نیگارکێشـەکە) تـا ئێسـتا ڕوینـەداوە بـەم شـێوە گەورەیـە ناپـاکی لــە مارشـاڵی مـێردم بکـەم.. پێـم دەزانـێ.. من هیچ نیـم جگـە لـە دایکـی بەسـتەزمانی نـەبێت! (دەگـری) دایکێکـی کـۆن، کـۆن (پـاڵی پێـوە دەنـێ) کۆن. ئـەم قیـژەو ناڵانـە لـە ویژدانمــەوە دێـت. چڵی دارسێوەکە شکا.تازە تـەواو، دوور لـە مـن بـۆ ڕێگـای خـــۆت بگـــەڕێ، نامـــەوێ گوڵـــەکانی ژیـــان لێبکەمەوە..

**پیـــاوە پیرەکـــە**: (بـۆ کچـە شـۆخەکە) سـەرقاڵ بوونێکـی سـەربەرزو نەمرانە..

(هەردوو پیرەکە کچە شۆخەکەو نیگارکێشـەکە دەبـەن بـۆ تەنیشـت دوو میوانە نەبینراوەکەی یەکەمین جار و، دایان دەنیشێنن).

**هەردوو پیرەکە**: (بۆ نیگارکێشەکەو کچە شۆخەکە) دانیشـن، دانیشـن.

(هــەردوو پیرەکـە دادەنیشـن، پیاوەکـە لــەلای چــەپ و ژنەکـەش لـەلای ڕاست و چوار کورسیە بەتاڵەکەش لـە نێوانیاندایـە. دیمــەنێکی بێدەنگــی درێــژ، جارجـــارە وشــەی "نــەخێر" "بــەڵێ" "نــەخێر"ی تێدەکـــەوێت،

هەردوو پیرەکە گوێ لەو قسانە دەگرن کە کەسایەتیە نەبینراوەکان دەیکەن).

**ژنە پیرەکە**: (بۆ نیگارکێشەکە) کوڕێکمان هەبوو.. بە دڵنیاییەوە ئێستا ئەو لە ژیاندایە.. ڕۆشت.. حیکایەتێکی زانراوی ڕۆژانەیە.. هەندێ شتی سەیروسەمەرەی تێدایە.. باوك و دایکی بەجێهێشت..دڵێکی لە زێڕ دروستکراوی هەبوو..ئەمە لە سەردەمانێکی زۆر زووەوە ڕویداوە.. ئێمە ئەومان بە ئەندازەیەکی گەورە خۆشدەویست.. لە دوای خۆیەوە دەرگاکەی بە توندی پێوەدا.. من و مێردەکەم بە زۆر ویستمان نەهێڵین بڕوات.. تەمەنی گەیشتبووە حەوت ساڵ.. ئەمەش تەمەنی جیابوونەوەیە، بانگمان لێکرد: کوڕم، کوڕم، کوڕم، کوڕم، ئاوڕی لێنەداینەوە..

**پیاوە پیرەکە**: ئەی خودایە، نەخێر.. نەخێر، منداڵمان نەبووە.. زۆر حەزم دەکرد کوڕێکمان ببێت.. هەروەها سەمیرئەمیسیش حەزی دەکرد.. هەموو شتێکمان کرد.. سەمیرئەمیس گوناهە دڵی پڕیەتی لە سۆزی دایکایەتی. لەوانەیە پێویست بەوە نەکات منداڵمان هەبێت. من خۆم کوڕێکی ناتەواو نوقسان بووم.. ئاه!.. خەمەکان، هەناسە ساردی، پەشیمانی، جگە لەمانە هیچ شتێکی ترمان بۆ نەماوەتەوە.

**ژنە پیرەکە**: دەیووت: چۆلەکەکان دەکوژن! بۆچی چۆلەکەکان دەکوژن؟.. ئێمە چۆلەکە ناکوژین.. تەنانەت

مێشـێکیش ئـازار نـادەین.. فرمێسـکەکان لـە دەوری
گلێنـەکانی کۆدەبوونـەوە. نەیدەهێشـت بیـان سـڕین،
نـەمان دەتوانـی لێـی نزیـك ببینـەوە. دەیـووت: گـەر
هەموو چۆلەکەکانتان کوشت، هەموو چۆلەکەکان.. لە
پاشـان چنگـی لــە ڕوومـاندا بــەرزدەکردەوە.. ئێــوە
درۆدەکــەن! منتــان خڵــەتاند! شــەقامەکان پــڕن لــە
چۆلەکـەی کـوژرا و، پـڕن لـەو منداڵـە بچکۆلانانـەی بـە
دەم ئــازاری مەرگــەوە دەتلێنــەوە، ئەمــە گۆرانــی
چۆلەکەکانـە!.. نـەخێر، ئەمـە ورتەورتـە. ئاسمـان بـە
خوێن سوربووە.. نەخێر، کۆرپەکەم، ئاسمان شینە..
هـەروەها هـاواری دەکـرد: منتـان خڵـەتاند تـا ڕادەی
پەرستن خۆشم دەویستن، وامدەزانی ئێوەش باشن..
شــەقامەکان لێــوان لێــون لــە چۆلەکــەی مــردوو،
چاوەکانیان دەرهێنراوون، چاوەکانی ڕەش داگەڕان..
باوکـە دایکـە، ئێـوە درنـدەن!.. نامـەوێت لـە لاتـان
بمێنمەوە.. خۆم فڕێدایـە بـەرپێی.. بـاوکی دەگریـا.
نــەمانتوانی پەشـیمانی بکەینــەوە. هاوارەکـانی لــە
گوێماندا دەنگی دەدایەوە: ئێوە بەرپرسیارن.. مانای
چییە یەکێك بەرپرسیار بێت؟

**پیــاوە پیرەکــە**: دایکم بە تەنها لەناو چاڵێکدا بەجێهێشت بمرێـت.
بانگی دەکردم و، نووزە نووزێکی هێواشی لێدەهات:
کـوڕە بچکۆلەکـەم، ئـەی کـوڕە خۆشەویسـتەکەم، بـە
تەنـها جێـم مەهێڵـە بمــرم.. لــە پـاڵمدا بمێنــەرەوە.

کەمەکێکم ماوە بۆ مـردن. دڵگـران مەبـە دایـە پـاش نـەختێکی تـر دێمـەوە، ئـەوەم پـێ ووت و زۆرم پەلـە بوو.. دەچووم بۆ سەماگەیەك بـۆ سـەماکردن، دوای سـاتێکی تـر دێمـەوە. کاتـێ گەڕامـەوە مردبـوو، لـە قوڵایـی خۆڵەکـەدا نێژرابـوو. بـۆ گـەڕان بـە دوایـدا زەویەکەم هەڵ کۆڵێ.. نەمتوانی بیدۆزمـەوە.. دەزانم، دەزانم، منداڵەکان هەمیشە دایکەکانیان بەجێدەهێڵن و بە جۆرێك لە جۆرەکان باوکەکانیان دەکوژن.. ژیـان بۆ خۆی ئاوایە.. من خەفەت دەخۆم و ئازار دەچێژم.. بەڵام ئەوانی تر ئازار ناچێژن..

**ژنە پیرەکە**: هاواری دەکرد: دایکە، باوکە، ئیدی تا هەتا هەتایە ناتان بینمەوە..

**پیاوە پیرەکـــە**: بەڵی، من خەفەت دەخۆم، بەڵام ئەوانی تر خەفەت ناخۆن..

**ژنە پیرەکە**: لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ مێردەکەمدا مەکەن، مێردەکەم دایك و باوکی زۆر خۆشدەویست. بۆ سـاتێکیش چییـە وازی لێنـەهێناون. گرنگیو بایـەخی پێـداون، خزمـەت و چـاودێری کـردوون.. کاتـێ لـە باوەشـیدا مـردن پێیـان وت:تـۆ کوڕێکـی دڵسـۆزو بـەوەفا بوویـت. خـودا بـاش دەبێت لەگەڵت.

**پیـــاوە پیرەکـــە**: ئێسـتاش ئـەیبینم لـەو چاڵـەدا پـاڵ کـەتووە، سەوسـەنەکەی هـەر بـە دەسـتەوەیە و، هـاوار دەکـات: لـە بـیرم نەکـەی، لـە بـیرم نەکـەی..

فرمێسکێکی زۆر لە گلێنەیدا بوو، بەو ناوەوە بانگی دەکردم کە بە منداڵی پێی بانگ دەکردم، بانگی دەکردم: ئەی جوجە بچکۆلەکەم، جوجە بچکۆلەکەم، بە تەنها، لێرە، بەجێم مەهێڵە.

**ژنە پیرەکە**: (بۆ نیگارکێشەکە) هەرگیز هیچی بۆ نە نووسین. ناوناوە، هەندێ لە برادەرەکانی پێیان دەوتین کە لێرەولەوێ بینیویانە، باش و سەلامەتە، مێردێکی چاك و باشیشە..

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ شۆخەکە) وەختێ گەڕامەوە، کاتێکی زۆر بەسەر شاردنەوەیدا تێپەڕ بوو بوو (بۆ خانمەکەی یەکەم جار) ئا! بەڵێ، ئا بەڵێ، خانمەکەم، لە ماڵەوە سینەماو، چێشتخانە و، چەند گەرماوێکمان هەیە..

**ژنە پیرەکە**: (بۆ کۆڵۆنێل) چۆن وا نییە، ئەی کۆڵۆنێل، ئەمە باش و دروستە چونکە..

**پیاوە پیرەکە**: لە ڕاستیدا ئەمە باشە.

**(نوقمی حیوارێکی بێکۆتایی دەبن)**

**ژنە پیرەکە**: بە مەرجێ!

**پیاوە پیرەکە**: بەم جۆرە نە.. بۆ ئەو.. بێگومان.

**ژنە پیرەکە**: (حیوارێکی بێسەرو بەر، لێی ماندوو دەبن) بە کورتیەکەی.

**پیاوە پیرەکە**: بۆ ئێمەو بۆ ئەوانی دیکە.

**ژنە پیرەکە**: تاکو.

**پیاوە پیرەکە**: من بۆ ئەومە.

**ژنە پیرەکە**: بۆ ئەوتە یان بۆ ئەم؟

**پیاوە پیرەکە:** بۆ ئەوان.

**ژنە پیرەکە:** "نوقل" واز لەوە بهێنە.

**پیاوە پیرەکە:** ئەوە.

**ژنە پیرەکە:** بۆچی.

**پیاوە پیرەکە:** بەڵێ.

**ژنە پیرەکە:** من.

**پیاوە پیرەکە:** بە کورتی.

**ژنە پیرەکە:** بە کورتی.

**پیاوە پیرەکە:** (بۆ خانمەکەی یەکەم جار) خانمەکەم، دەڵێی چی؟

(بێدەنگیەکی درێژ. هەردوو پیرەکە نووساون بە کورسیەکانیانەوە، لە پاشان سەرلەنوێ جەرەسی دەرگاکە دەبیسرێتەوە).

**پیاوە پیرەکە:** (بە توڕەبوونێکی زیاترەوە) خەڵك. هاتن. هەر خەڵکەو دێن.

**ژنە پیرەکە:** وا هەست دەکەم گوێم لە دەنگی بەلەمەکانە..

**پیاوە پیرەکە:** من دەڕۆم دەرگاکە دەکەمەوە. بڕۆ کورسیەکان بهێنە، بەڕێزان، خانمان، بەڕوخسەتتان.

**ژنە پیرەکە:** (بۆ ئەو کەسایەتیە نەبینراوانەی تا ئێستا لەوێن) تکایە، ساتێك، هەستنەوە سەرپێ، گوتاربێژەکە دوای کەمەکێکی تر دێتە ئێرە. پێویستە ژوورەکە ڕێك و ئامادەکەین بۆ کۆبوونەوەکە.(ژنە پیرەکە پشتی دەکاتە هۆڵەکەو خەریکی چاك کردنی کورسیەکانە) دەستیی یارمەتیم بۆ درێژکەن. سوپاس.

**پیاوە پیرەکە**: (دەرگای ژمارە حەوت دەکاتەوە) خانمەکان بەیانیتان باش، بەڕێزەکان، بەیانیتان باش. فەرموو وەرنە ژوورەوە.

(ئەو سێ چوار کەسایەتیە نەبینراوەی کە هاتوون هێندە کەتەو زلن پیاوە پیرەکە بۆ ئەوەی تەوقەیان لەگەڵدا بکات ناچارە لەسەر نووکی پەنجەکانی پێی ڕاوەستێت. دوای ئەوەی ژنە پیرەکە کورسیەکان بەو شێوەیەی کە لە پێشەوە نیشان دراوە ڕیزدەکات، بە دوای پیاوە پیرەکەدا دەڕوات).

**پیاوە پیرەکە**: (بە ئەرکی یەکترناسین هەڵدەستێ) خێزانەکەم.. بەڕێز.. خانم.. خێزانەکەم.. بەڕێز.. خانم.. خێزانەکەم..

**ژنە پیرەکە**: ئازیزەکەم، ئەمانە کێن؟

**پیاوە پیرەکە**: (بۆ ژنە پیرەکە) ئازیزەکەم برۆ کورسیەکان بهێنە.

**ژنە پیرەکە**: ناتوانم ئەم هەموو شتانە –ئیشانە– جێبەجی بکەم!..

(ژنە پیرەکە بە منگە منگێکی بێزارەوە لە دەرگای ژمارە شەشەوە دەچێتە دەرەوە و لە دەرگای ژمارە حەوتەوە دەگەڕێتەوە، پیاوە پیرەکە میوانە تازەکان دەبات بۆ پێشەوەی شانۆ).

**پیاوە پیرەکە**: نەهێڵن ئامێرە سینەمایەکانتان لێبکەوێتە خوارەوە.. (یەکترناسینێکی زیاتر) کۆڵۆنێل.. خانم.. خانمە شۆخەکە.. نیگارکێش.. ئەمانە ڕۆژنامەنووسن، هاتوون بۆ گوێ گرتن لەو گوتاربێژەی کە هەر دەبێت ئێستا

بگاتە ئیرە.. سەبرتان هەبیت.. بیزاری داتان ناگریت هەمووومان پیکەوەین (ژنە پیرەکە لەلای دەرگای ژمارە حەوتەوە دەردەکەویت و دوو کورسی پییە) دەی زووکە، بە خۆت و کورسیەکانەوە خیرا وەرە.. پیویستمان بە کورسی دیکە هەیە.

(ژنە پیرەکە دەروات بۆ لای دەرگای ژمارە سێ بۆ هینانی کورسی دیکە، هیشتا هەر منگە منگی دیت، کاتیك دەگەریتەوە لە دەرگای ژمارە هەشتەوە دیتەوە)

**ژنە پیرەکە**: ئیشەکان دەروات بەریوە.. ئیشەکان دەروات بەریوە.. من ئەوەی لە توانامدا بیت دەیکەم.. بونەوەریکی ئالی نیم.. ئەو هەموو خەلکە کین؟

(دەچیتە دەرەوە)

**پیاوە پیرەکە**: دانیشن، دانیشن، خانمەکان لەگەڵ خانمەکان و، پیاوان لەگەڵ پیاوەکان، یان گەر دەتانەوێ بە پیچەوانەوە.. کورسی لەمانە باشترمان نییە.. فەرمانەکەمان لە ناکاو و بە پەلە پیگەیشت.. ببورن.. ئەو دانەیەیان بەرە کە لە ناوەراستدایە.. پاندانت پیویستە بتدەمێ؟.. بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ "مایو" بکە، "مونیك" وەڵامت دەداتەوە، بەڵام "کلۆد" ئەوا بەپیی بارودۆخەکە. رادیۆم نییە.. هەموو رۆژنامەکانم پیدەگات.. ئەمەش لەسەر زۆر شت رادەوەستێ. من خۆم ئەم خانوانە بەریوە دەبەم، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەسیکی تر بەکارناهینم و هەر

بە تەنها ئەم کارە دەکەم.. پێویستە خەرجیەکان کەم کەمەوەو دەستی پێوە بگرم.. بەروخسەتتان، ئیستا داوای چاوپیکەوتنی رۆژنامەیم لیمەکەن.. تکایە.. لە دواییدا، با بزانین.. هەر ئیستا شوینی دانیشتنتان بۆ دەکەمەوە.. توخوا ئەو ژنە خەریکی چییە؟.. (ژنە پیرەکە لە دەرگای ژمارە هەشتەوە دەردەکەویت و کورسیەکی پییە) سەمیرئەمیس، خیراکە..

**ژنە پیرەکە**: هەموو توانای خۆم خستووەتە گەر.. ئەو هەموو خەلکەی لەوین، کین؟

**پیاوە پیرەکە**: لە دوایدا، هەموو مەسەلەکەت بۆ روون دەکەمەوە.

**ژنە پیرەکە**: ئازیزەکەم ئەی ئەوانەی ئالەویدان کین، ئەوانەی ئائەویا؟

**پیاوە پیرەکە**: وازبینە (بۆ کۆلۆنیل) کۆلۆنیلی بەریز، رۆژنامەگەری پیشەیەکە وەك پیشەی جەنگاوەر.. (بۆ ژنە پیرەکە) ئازیزەکەم، هەندێ گرنگی بە خانمەکان بدە.. (جەرەس لیدەدرێ پیاوە پیرەکە بەرەو دەرگای ژمارە هەشت رادەکات) یەك نەخت، بووەستە.. (بۆ ژنە پیرەکە) کورسیەکانت!

**ژنە پیرەکە**: خوشك و، برایان، ببورن.. (لە دەرگای ژمارە سێوە دەچیتە دەرێ و، لە پاشاندا لە دەرگای ژمارە دووەوە دیتەوە. پیاوە پیرەکە بەرەو دەرگای ژمارە نۆ کە لە بینەرانەوە دیار نییە دەروات، دەیکاتەوە، لەوکاتەدا کە ژنە پیرەکە لە دەرگای ژمارە سێوە دەردەکەویت پیاوە پیرەکە ون دەبیت)

**پیاوە پیرەکە**: (لەبەرچاو ون بووە) وەرنە ژوورەوە.. وەرنە ژوورەوە..
وەرنە ژوورەوە.. وەرنە ژوورەوە..

(پیاوە پیرەکە بە خۆی و ئاپۆرەیەکی زۆر لە کەسایەتی نەبینراو، کە لە دوایەوەن، دەردەکەویتەوە، لە نیوانیاندا مندالیکی بچووک هەیە کە پیاوە پیرەکە دەستی گرتووە) ئەوان مندالی بچووک بۆ محازەرەیەکی زانستی لەگەڵ خۆیاندا ناهینن.. ئەم بەستەزمانە بچووکە، بیزارو بیتاقەت دەبێ.. گەر دەستی کرد بە گریان یان میزی بە کراسی خانمەکاندا کرد، ئەوە دەبیتە شتیکی خۆش و جوان (دەیانبات بۆ ناوەراستی ژوورەکە، ژنە پیرەکەش دەگات و دوو کورسیشی پییە) ژنەکەمتان پیدەناسینم، سەمیرئەمیس، ئەوانەش مندالەکانیەتی.

**ژنە پیرەکە**: خوشك و، برایان.. ئۆو! ئەوانە چەند باش و بەریزن!

**پیاوە پیرەکە**: ئەمە بچووکی هەموویانە.

**ژنە پیرەکە**: چەند ئیسك سووکە.. ئیسك سووك.. ئیسك سووك!

**پیاوە پیرەکە**: ئەرێ کورسییەکان بەشدەکات.

**ژنە پیرەکە**: ئاه! نەخیر نەخیر نەخیر نەخیر..

**(دەچیتە دەرەوە بە شوین کورسی تردا دەگەرێ. ئیستا هەردوو دەرگای ژمارە دوو ژمارە سێ بەکاردەهینن بۆ چوونە دەرەوەو هاتنە ژوورەوە).**

**پیاوە پیرەکە**: مندالە بچووکەکە بخەنە سەر کۆشتان. دووانەکان – جمکەکان– با لەسەریەك کورسی دانیشن. ئاگاداری خۆتان بن. ئەم کورسیانە پتەونین.. ئەمانە کورسی مالآنن، کورسی خاوەن مالەکەن. بەلێ، رۆلەکانم، خاوەن مالەکە درندەیە، لەگەلمدا بەشەردیت.. داوا

دەکات کە کورسیەکانی لیبکرینەوە. ئەم کورسیانە هیچ ناکەن (ژنە پیرەکە بە هەموو خیراییی خۆی دیت و کورسیەکی پییە) ئیوە کەستان ئەویترتان ناناسیت.. ئەوە یەکەمین جارە بە یەك دەگەن.. تەنها ناوەکانی یەکتری دەزانن.. (بۆ ژنە پیرەکە) سەمیرئەمیس یارمەتیم بدە بۆ ناساندنیان بە یەکتری..

**ژنە پیرەکە**: کین ئەو هەموو خەلکەی، لەویان؟.. من ئەتاناسینم، ریگەم بدەن، من ئەتانناسینم.. بەلام ئەوانە کین؟

**پیاوە پیرەکە**: ریگەم بدەن بتانناسینم.. بتانناسینم.. گەورەم، خانمەکەم، خاتوونەکەم.. بەریزم.. خانمەکەم.. خانمەکەم.. گەورەم..

**ژنە پیرەکە**: (بۆ پیاوە پیرەکە) ئایا بەروانکە -سەدریە- خوریەکەت لەبەرکردووە؟ (بۆ نەبینراوەکان) گەورەم، خانمەکەم، بەریزم..

**(سەرلەنوێ جەرەسەکە لیدەدریتەوە)**

**پیاوە پیرەکە**: خەلك!

**(لیدانیکی تر)**

**ژنە پیرەکە**: خەلك!

(دیسانەوە جەرەسەکە سەرلەنوێ لیدەدریتەوە. لە پاشان لیدانەکان یەك لە دوای یەك بەردەوام دەبیت. پیاوە پیرەکە زۆری بۆ هاتووە و پشت دەکاتە هۆلەکە و روودەکاتە مینبەرەکە، کورسیەکان رووەو مینبەرەکە لە پال یەکداو بە چەند ریزیکی ریك و پیك دادەنیت. وەك ئەوەی لە هۆلیکی نمایشکردندا -استعراضات- بین، پیاوە پیرەکە بە

هەناسەبرکێ ئارەق لەنیو چاوانی دەسرێ، لەم دەرگاوە دەچیت بۆ ئەو دەرگاو خەلکە نەبینراوەکە دادەنیشینێ، لەوکاتەدا ژنە پیرەکە بە هەنگاوە شەلەکانیەوە، کە هاتوچۆ هیلاکی کردوون، بەخیرایی لەم دەرگاوە دەچیت بۆ ئەو دەرگا. بە شوین کورسیدا دەگەرێ و دەیانهینیت. سەرشانۆ ئیستا پربووە لە خەلکی نەبینراو. هەردوو پیرەکە کاتێ لە نیوان ریزی کورسیەکانەوە دین و دەچن ئاگاداری ئەوەن کە خۆیان نەکیشن بە خەلکەکەدا. دەکرێ هاتوچۆکەیان بەم شیوەیە بیت: پیاوە پیرەکە دەروات بۆ لای دەرگای ژمارە چوار، ژنە پیرەکە لە دەرگای ژمارە سێوە دەچیتە دەرێ و، لە دەرگای ژمارە دووەوە دەگەریتەوە. پیاوە پیرەکە دەروات دەرگای ژمارە حەوت دەکاتەوە. ژنە پیرەکە لە دەرگای ژمارە هەشتەوە دەچیتە دەرەوەو لە دەرگای ژمارە شەشەوە دەگەریتەوەو کورسیەکانی پییە، بەم شیوەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو هات و چۆیە هەموو شانۆکە بگریتەوە، بە بەکارهینانی هەموو دەرگاکان.

**ژنە پیرەکە**: ببەخشن.. ببورن.. چی.. ببورن.. ببەخشن..

**پیاوە پیرەکە**: برایان.. وەرنە ژوورەوە.. خوشکان.. وەرنە ژوورەوە.. ئەوە خانمەکەیە.. تکایە ریگام بدە.. بەلێ..

**ژنە پیرەکە**: (کورسیەکی هەلگرتووە) نا.. نا.. ئەوان زۆرن.. بە راستی زۆرن، هیجگار زۆرن، ئاه! نا نا نا نا..

(لە دەرەوە دەنگی هاتنی بەلەمەکان لەناو ئاوەکەوە زیاتر دەبیت و، تا بیت نزیکتر دەبنەوە. دەنگ دەنگ و قیرە قیرەکە تەنها لە پشتەوەی شانۆکە بەردوام دەبیت. هەر دوو پیرەکە بەردەوام دەبن لەسەر

جوولەكانی پێشویان. پیاوە پیرەكە دەرگاكان دەكاتەوەو، ژنە پیرەكە كورسیەكان دەهێنێت. جەرەسەكان لێدەدرێنەوە).

**پیـــاوە پیرەكـــــە**: ئـەم پاتریـە شـوێنەكەی تەسـك كردووەتـەوە (دەیگوێزێتـــەوە، یـــان راســـت تـــر بلێـــن، گواسـتنەوەی پاتریەكـە بـە جوولەیـەكی خـێرا جێبـەجێ دەكـرێ. لـەم ئیشەشـدا ژنــە پیرەكــە یارمـەتی دەدات) ببـورن، لـێرە، هیــچ شــوێنێك نەماوە..

**ژنە پیرەكە**: (خەریكی لابردنی پاتریەكەیە) ئایا بەروانكە خوریەكەت لەبەركردووە؟

**(جەرەسەكە لێدەدرێ)**

**پیـاوە پیرەكـە**: خەلك! كورسیەكان! خەلك! كورسـیەكان! خوشـك و برایـان وەرنـە ژوورەوە.. سـەمیرئەمیس، خێراكـە.. یارمەتیت دەدەم..

**ژنــــە پیرەكـــە**: ببەخشـن.. ببـورن.. بـەیانیت بـاش، خانمەكـەم.. خانمەكــەم.. گــەورەم.. گــەورەم.. بــەلێ، بــەلی، كورسیەكان..

**پیاوە پیرەكە**: (لە كاتێكدا لێدانی جەرەسەكە توندتر دەبێت و، دەنگە دەنگی هـاتنی بەلەمـە شـپرزەكان دەبیسـرێت كـە بـەر شۆستەی میناكە دەكـەوێت ، شـلەژانی پیـاوە پیرەكـە لـەنێو كورسـیەكاندا زیـاتر دەبێـت. لەبەرئەوەی لێدانـی جەرەسەكە بە خێرایی بەردەوامە. ئیدی پیاوە پیرەكە كاتی بـە دەسـتەوە نـامێنێت بـۆ ئـەوەی لـەم دەرگـاوە

بچیت بۆ ئەو دەرگا) بەڵێ، هەر ئیستا.. ئایا بەروانکە خوریەکەت لەبەرکردووە؟ بەڵێ، بەڵێ.. هەر ئیستا، سەبرکە، بەڵێ، بەڵێ..

**ژنە پیرەکە**: بەروانکە خوریەکەت؟ بەروانکە خوریەکەم؟.. ببەخشە، ببورە.

**پیاوە پیرەکە**: لیرەوە، خوشکوبرایان، داواتان لیدەکەم. داوا.. ببورن.. وەرنە ژوورەوە، وەرنە ژوورەوە.. خانمە ئازیزەکەی هاوریم.. برۆ.. لەوێ شوین هەیە.. لەویوە نا. تۆ، خانمەکەی هاوریم.. وریابە؟..

(ماوەیەکی دریژی بێ قسەکردن. دەنگی شەپۆلەکان و بەلەمەکان و لیدانی بەردەوامی جەرەسەکە دەبیسرێ. جوولەکان دەگەنە دوا پلەی بەرزبوونەوەیان. ئیستا دەرگاکان بەبێ راوەستان، هەموویان دەکرینەوەو دادەخرین. تەنها دەرگا گەورەکەی دواوە بە داخراوی دەمینیتەوە. هەر دوو پیرەکە بەردەوامن لە هاتن و چونیان لەم دەرگاوە بۆ ئەو دەرگا، بێئەوەی قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن. لەبەر پەلەکردنیان وا دەردەکەون کە خەریکە دەخلیسکین. پیاوە پیرەکە پیشوازی خەلکەکە دەکات و دەیان گەیەنیت، بەلام زۆر ناروات لە گەلیاندا، بەلکو تەنها شوینەکانیان پیشان دەدات، ئەویش دوای ئەوەی هەنگاوێ یان دوان لەگەلیاندا دیتە پیش. چونکە کاتی بە دەستەوە نییە. ژنە پیرەکە کورسیەکان دەهینیت. هەردوو پیرەکە بە یەك دەگەن و جارێ دوو

جار خۆیان لە یەکتری دەدەن، بەبێ ئەوەی لە هات و چۆکردن بکەون. لە پاشان لە ناوەراستی شانۆکەو لەلای دواوەی پیاوە پیرەکە لە شوینی خۆیدا دەست دەکات بە سورانەوە، لە باشورەوە بۆ لای راست و لەلای راستەوە بۆ باشور، هتد، بەرەو هەموو دەرگاکان و بە دەستیشی ئامـاژە بـۆ شـوینەکان دەکـات. کـە بـە خیرایـیـەکی زۆر دەیانجولینیت. لـە کۆتـایدا ژنـە پیرەکـە رادەوەسـتیت و کورسیەکی بە دەستەوەیە، دایدەنیت، لە پاشـان هـەلی دەگریتــەوە، جـاریکی تـر دایدەنیتــەوە، وا دیــارە کــە دەیـەویت لـە دەرگایەکەوە بچیت بـۆ دەرگایـەکی تـرو لـە راستەوە بچیت بۆ چەپ و لە چەپەوە بچیت بۆ راست، بە خیرایەکی زۆر تیژ سەروملی دەسورینیت. بەبێ ئەوەی ئەوە وایلیبکات لە جوولە بکەویت.. پیویستە هـەردوو پیرەکە ئەو هەست کردنە -احساسە- دروست بکەن کە هــەردوکیان لــە جوولــەکردن رانەوەســتاون، ئەگــەرچی ئەمان تەقریبەن لە شوینی خۆیاندا ماونەتەوە. بۆ ئەوەی ئـەو هەسـت کردنــە دروســت بکــەن باشــترە دەســتیان، سنگیان سەریان و چاویان لە بازنەی بچووک بچووکدا. بجولینــەوە. لــە کۆتــایدا، جوولەکــە ســەرەتا لەســەرخۆ هیواش دەبیتەوە لە پاشان هیواش بوونەوەکە وردە وردە زیـاتر دەبیـت. لیدانـی جەرەسـەکە سـووک تـر دەبیـت و کەمتر دەبیسریت، خیرایی کردنەوەی دەرگاکان سـووک تـر دەبیــت. جوولــەی هــەردوو پیرەکــە هیــدی هیــدی

خاودەبێتـــەوە. لـــە کـــاتێکدا بـــە تـــەواوی کردنـــەوە و داخستنی دەرگاکان رادەوەستێت و، لێدانی جەرەسەکان بێدەنگ دەبن و نابیسرێن. ئەو هەستە دروست دەبێت کە سەرشانۆ پڕ بووە لە خەڵك).

**پیاوە پیرەکـــە**: لەسـەرخۆ بـن.. داتـان دەنیشـینم.. سمیرئـەمیس، دان بەخۆتا بگرە و تورە مەبە

**ژنـــە پیرەکـــە**: (بـە دەسـتە بەتاڵـەکانی ئاماژەیـەکی گـەورە دەکـات) ئازیزەکـەم، چیتر کورسـی نـەماوە (لـە ناکـاو دەروات بـۆ فرۆشـتنی بەرنامـە نـەبینراوەکان لـە هۆڵـە پڕەکـەدا، کـە دەرگاکـانی داخـراوە) بەرنامـە، داوای بەرنامەکـە بکـەن، بەرنامەی شەو، داوای بەرنامە بکەن!

**پیاوە پیرەکە**: خوشك وبرایان، هێمنی، ئیشەکانتان جێبەجێ دەکەین، هەریەکـە بـە نـۆرەی خـۆی، بـەپێی کـاتی گەیشـتن. شـوێنتان بـۆ دابـین دەکـەین، مەسـەلەکە چارەسـەر دەکەین.

**ژنە پیرەکە**: بەرنامەکە داوا بکەن! خانمەکەم، هەندێك چاوەڕوان بە. ناتوانم لە یەك کاتدا خزمەتی هەمووتان بکەم. سێ‌وسێ دەسـتم نییـە، مانگـانیم.. گـەورەم تکایـە، بەرنامەکـە بگەیەنە بە دراوسێکەت، سوپاس.. پارەکەم، پارەکەم..

**پیـــاوە پیرەکـــە**: خـۆت مـاندوو مەکـە، زۆرجـار پیمـان وتوویـت لـە شوێنێکدا دات دەنیشینین! لێرەوە، لێرەوە، لەوێوە ئاگـاداری خـۆت بـە.. ئـۆو. هـاوڕێی ئـازیزم.. هاوڕێیانی ئازیز..

**ژنە پیرەکە**: بەرنامە.. داوای بەرنامەکە بکەن.. بەرنا..

**پیاوە پیرەکە**: دەتەوێ چی بکەم؟ هەموو توانای خۆم خستووەتە کار!
(بـۆ دانیشـتوانە نەبینراوەکـە) تکایـە، کـەمیك برۆنـە ئەولاوە.. ئا ئەوە شوینیکی بچکۆلە، خانمەکەم، بۆ تۆ دەبیت.. نزیك بەرەوە.. (لە ژیر پالەپەستۆی جەماوەردا ناچار دەبیت بچیتە سەر مینبەرەکە) خوشك و، برایان، تکایە بمان بوورن. چیتر شوینی دانیشتن نەماوە..

**ژنە پیرەکە**: (ئیستا لە بەرامبەر پیاوە پیرەکەدایە، لە نیوان دەرگای ژمارە سێ و پەنجەرەکەدا) داوای بەرنامەکە بکەن.. کێ بەرنامەی دەویت؟ چکلیتی بەستوو، نوقل، حەلوای تاڵ.. (چیتر ناتوانیت بجوولیت، قەرەبالغیەکە دەورەی داوە و تەنگی پیهەلچنیوە، بەبێ بینین بەرنامەکان و حەلواکە بەسەر سەری نەبینراەکاندا هەلدەدات) ئەمەش بەرن! بیبەن بۆ خۆتان.

**پیاوە پیرەکە**: (لەسەر مینبەرەکە، راوەستاوە و بە تەواوەتی سەرقالە. بە لەتردان، لە مینبەرەکە دیتە خوارەوە، جاریکی تر دەچیتەوە سەری، لە پاشان دیتەوە خوارێ، بەر یەکیك لە ئامادەبوان دەکەویت، لەقەیەکی لیدەدرێ، دەلیت) ببوورن.. هەزار جار داوای لیبوردنتان لیدەکەم.. ئاگاداری ئەوانە بە کە لە دەوروپشتتن.
(پالی پیوە دەنرێ، خواردەبیتەوە، ناتوانیت خۆی راست بکاتەوە، خۆی دەگریت بە شانی ئەوانەی لە دەوروبەریدان).

**ژنە پیرەکە**: بوونی ئەم هەموو خەلکە زۆرە لێرە چییە؟ بەرنامە، کەواتە داوای بەرنامە بکەن، چکلیتی بەستووە.

**پیاوە پیرەکە**: خوشك وبرایانی بەرێز، ساتێك بێدەنگ بن، تکاتان لێدەکەم.. بێدەنگی.. مەسەلەکە هێجگار گرنگە. ئەو خەلکانەی شوێنی دانیشتنیان نییە تکایان لێدەکەین رارەوەکە چۆل بکەن.. مەسەلەکە ئاوایە.. لە نێوان کورسیەکاندا مەمیننەوە.

**ژنە پیرەکە**: (وەك ئەوەی بانگی پیاوە پیرەکە بکات) ئازیزەکەم، کێن ئەو هەموو خەلکەی، ئالەوێدان؟ هاتوون چی بکەن لێرە؟

**پیاوە پیرەکە**: خوشك و، برایان رێگاکە چۆل کەن. ئەوانەی شوێنی دانیشتنیان نییە بۆ حەساندنەوەی هەمووان بچن پال بە دیوارەکانەوە بدەن، ئا لەوێ، لەلای راست یان لەلای باشور.. گوێتان لە هەموو شت دەبێت.. هەموو شتێك دەبینن.. لە هیچ شتێ مەترسن، هەموو شوێنەکان باشن! (پرۆسەیەکی گەورەی گواستنەوەو رێکخستن روودەدات، خەلکەکە پالی پێوە دەنین تا وایلێدێت بە دەوری هەموو شانۆکەدا بسوریتەوە، دواجار خۆی لە بەردەم پەنجەرەکەی لای راست و لە پێشی پلیکانەکەدا دەبینێتەوە. پێویستە چی بەسەر پیاوە پیرەکەدا هاتووە ئاواش بەسەر ژنە پیرەکەدا بێت، ئەمیش بە هەموو شانۆکەدا دەسوریتەوە بەلام بە ئاراستەیەکی پێچەوانە، تا خۆی لە بەردەم پەنجەرەکەی لای چەپ و لە پەنا پلیکانەکەدا دەبینێتەوە)

**پیـــــاوە پیرەکـــــە**: (ئـەم جوولــە پیشــان دراوە دەکــات) پالمــەنین، پالمەنین.

**ژنە پیرەکە**: (وەکو ئەو دەکات) پالمەنین، پالمەنین.

**پیاوە پیرەکە**: (وەکو ئەو دەکات) پالمەنین، پالمەنین.

**ژنە پیرەکە**: خوشك و برایان، پالمەنین، پالمەنین.

**پیاوە پیرەکە**: (بەردەوامە لەسەر جوولە پیشان دراوەکە) لەسـەرخۆ.. تکایە.. لەسەرخۆ.. ئەمە چییە کە.

**ژنە پیرەکـــە**: (بەردەوامە لەسەر جوولە پیشان دراوەکە) هەرچۆنیك بیت، خۆ کیوی نیین.

(هــەردوو پیرەکــە گەیشـــتونەتە شــوینی کۆتاییـــان. هەریەکەیان لە پەنا پەنجەرەکەیدایە. پیاوە پیرەکە لەلای چەپ و لە تەنیشت مینبەرەکەوە، ژنە پیرەکـەش لـەلای راسـت. تـا کۆتـایی‌و تـەواوبوونی شـانۆکە لـە شـوینی خۆیان ناجوولین).

**ژنە پیرەکە**: (بانگی پیاوە پیرەکەی دەکات) ئازیزەکەم.. چیتر ناتوانم بتبینم.. تۆ لە کویی؟ ئەوانە کین؟ ئەو هەموو خەلکەی لیرەن چیان دەویت؟ ئەوە کییە ئالەویدایە؟

**پیاوە پیرەکە**: سەمیرئەمیس، تۆ لە کویی؟ تۆ لە کویی؟

**ژنە پیرەکە**: ئازیزەکەم، تۆ لە کویی؟

**پیاوە پیرەکە**: لیرەم، لە پەنا پەنجەرەکەدا.. گویت لیمە..

**ژنە پیرەکە**: بەلێ، گویم لە دەنگتە!.. گەرچی دەنگیکی زۆری لییە.. بەلام دەنگی تۆ دەناسمەوە..

**پیاوە پیرەکە**: ئەی تۆ، تۆ لە کوییت؟

**ژنە پیرەکە**: منیش لە پەنا پەنجەرەکەدام!.. ئازیزەکەم، من دەترسم، قەلەبالغیەکی زۆرە.. ئیمە دوورین لە یەکترییەوە، لەم تەمەنەدا، دەبێ زۆر ئاگاداربین.. لەوانەیە ون ببین.. پیویستە نزیکی یەکتر بین، کەس نازانێ کە چی روودەدات، ئازیزەکەم، ئازیزەکەم..

**پیاوە پیرەکە**: ئاه! بە دیم کردی.. ئۆو!.. ئیدی هەریەکەمان ئەوی ترمان دەبینێ، لە هیچ شتێ مەترسە.. من لەگەڵ برادەرەکاندام (بۆ برادەرەکان) چەند بەختەوەرم کە دەستتان بۆ تەوقەکردن دەگوشم.. بیگومان، هەرچۆنیك بیت، من بروام بەم پیشکەوتنە بەردەوامە هەیە.. کە هەندێ جار تووشی شکست و لەقبوون دەبیت.. بەهەر حال.. بەهەرحال..

**ژنە پیرەکە**: سوپاس، ئیشەکان بەریوەدەچن.. ئای چ کەش و هەوایەکی ناخۆش و پیسە! ئای چەند کەش و هەوایەکی جوانە! (بە تاقی تەنها) من دەترسم، لەگەڵ ئەوەشدا.. چی دەکەم لیرە؟.. (دەقیرینێ) ئازیزەکەم! ئازیزەکەم!..

**(هەریەکەیان لەلای خۆیەوە قسە بۆ ئامادەبووان دەکات)**

**پیاوە پیرەکە**: بۆ ئەوەی چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ نەهیلین پیویستیمان بە پارە هەیە، بە پارە، پارەیەکی زۆر!

**ژنە پیرەکە**: ئازیزەکەم! (دەوری بە هاوریکانی دەگیرێ) بەلێ، میردەکەم، لەوییە، ئەوە ئەوە کە خەریکی ریکخستنە.. لەوێ.. ئۆو! ناتوانن بگەنە لای..

مەسەلەکە پێویستی بە پەرینەوە هەیە. ئەو لەگەڵ هەندێ لە هاورێیانە..

**پیاوە پیرەکە**: نەخێر، بە دڵنیاییەوە.. من هەموو کاتێ هەروام وتووە.. لۆژیکێکی رووت، بوونی نییە.. ئەوە وتنەوەی قسەیەکی بۆشە.

**ژنە پیرەکە**: دەبینن، خەڵکانیکی بەختەوەر هەیە. بەیانیان، لەناو فرۆکەدا بەرچاپی دەکەنەوە، نیوەروان، لەناو شەمەندەفەرەکاندا نان دەخۆن، ئیواران لەناو کەشتیەکاندا شیو دەکەنەوە، لە شەویشدا لەناو گالیسکەکانی گواستنەوەدا دەخەون، ئەو گالیسکانەی دەیان بات و دەیان بات..

**پیاوە پیرەکە**: قسە لەسەر کەرامەتی مرۆڤ دەکەن؟ دەبا بەلای کەمەوە هەولدەین پیشەوەی خۆمان رزگار کەین. چونکە کەرامەت جگە لە پشتەوە هیچی تر نییە.

**ژنە پیرەکە**: مەخلیسکینە ناو تاریکایەکانەوە.

**(لە کاتی قسەکردندا،حیلکەی پیکەنینی دیت)**

**پیاوە پیرەکە**: هاوڵاتیەکانتان داوای ئەوەم لیدەکەن.

**ژنە پیرەکە**: بە دڵنیاییەوە، هەموو شتیکم بۆ بگیرنەوە..

**پیاوە پیرەکە**: بانگم کردون.. بۆ ئەوەی بۆتان باسکەم.. تاکیك و مرۆڤیك هیچ نین تەنها یەك کەس نەبیت.

**ژنە پیرەکە**: رواڵەتیکی ساختە و درۆزنی هەیە. ئەو پارەیەکی زۆرمان قەرزارە.

**پیاوە پیرەکە**: من خۆم نیم. من کەسیکی ترم. من یەکیکم لەناو ئەوی تردا.

**ژنە پيرەكە**: رۆڵەكانم، هەريەكەتان با لەوى ديكەتان سل بكاتەوە.

**پياوە پيرەكە**: جارى وا هەيە لەناو بيدەنگيەكى رەهادا بەخەبەرديم. ئەوە گۆى زەويە. كە لە هيچىكەم نييە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبيت ئاگاداربين. لەوانەيە ئەم گۆى زەويە لەچاو تروكاندنيكدا ورد ببيت، هەندێ كون هەيە دەكرێ لييانەوە دەربازبيت.

**ژنە پيرەكە**: رۆحە گەراوەكان، تارماييەكان، هەرگيز هيچ شتيك لە گۆريدا نييە.. ميردەكەم پراكتيكى هەندێ پسپۆرى دەكا كە هيجگار گرنگ و بايەخدارە، شكۆدارو پايەبەرزە.

**پياوە پيرەكە**: ببورە.. ئەمە بە هيچ جۆريك تيروانينى من نييە!.. لە كاتيكى گونجاودا سەبارەت بەم بابەتە بيروبۆچونى خۆمتان پيدەليم.. لە ئيستادا هيچ شتيك ناليم!.. وتاربيژەكە، ئەوەى كە چاوەروانى دەكەين، ئەو هەموو شتيكتان پيدەليت، لە باتى من، وەڵامى، هەموو ئەو شتانە دەداتەوە كە بە خەيالماندا ديت.. هەموو شتيكتان بۆ باسدەكات.. كەى؟.. كاتێ كە وەختى ديت.. بەم نزيكانەش كاتى ديت..

**ژنە پيرەكە**: (لەلاى خۆيەوە بۆ هاوريكانى) ئەوە هەرچەندە خيراو زووتر بكريت باشترە.. ئەمە مەسەلەيەكى سروشتييە(بۆ خۆى) بە هيمنى وازمان ليناهينن. با برۆن.. ئازيزە بەستەزمانەكەم، لە كوييە، چيتر ناتوانم بيبينم..

**پیاوە پیرەکــە**: (بەردەوامە) بەمشیوەیە، بیتاقەت مەبن، هەر ئیستا، پەیامەکەم دەبیستن.

**ژنە پیرەکە**: (بۆ خۆی) ئاه.. گویم لە دەنگییەتی.. (بۆ هاوریکانی) دەزانن، میردەکەم هیچ کاتیك کەسیك نەبووە لیی تیبگات. ئیستا، ئیدی نۆرەی هاتووە.

**پیاوە پیرەکــە**: گویم لیبگرن. لە هەموو بوارەکانی ژیان، لە هەموو بوارەکانی فیکردا، ئەزمونیکی دەولەمەندم هەیە.. ئەنانی و خۆویست نیم، پیویستە مرۆڤایەتی سود لە ئەزموونەکەم وەربگریّ.

**ژنە پیرەکە**: ئای! قاچتان نا بە پیمدا. پییەکانم لە سەرماوە تووشی ئاوسان بوون.

**پیاوە پیرەکە**: پرۆگرامیکی تەواوم ئامادە کردووە. (بۆ خۆی) دەبوایە گوتاربیژەکە بگەیشتایە! (دەنگی بەرزدەکاتەوە) ئازارم زۆر چەشتووە.

**ژنە پیرەکــە**: ئازارمان زۆر چەشت. (بۆ خۆی) دەبوایە گوتاربیژەکە بگەیشتایە. هەرچۆنیّ بیت کاتی هاتنەکەیەتی.

**پیاوە پیرەکە**: ئازارم چەشت، ئازارم زۆر چەشت، زۆر شت فیربووم.

**ژنــە پیرەکــە**: (وەك ئەوەی دەنگ دانەوە بیت) ئازاری زۆر چەشت، فیری زۆر شت بوو.

**پیاوە پیرەکــە**: بە چاوی خۆتان دەیبینن کە پرۆگرامەکەم هیچگار سەلامەت و بیوەیە.

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) بە چاوی خۆتا دەیبینن کە پرۆگرامەکەی سەلامەت و بیوەیە.

**پیاوە پیرەکە:** گەر بتانەوێ و حەزبکەن گوێ رایەلی رینمایەکانم بن

**ژنە پیرەکـــە:** (گەرانـەوەی دەنـگ دانـەوەکـە) گـەر بتانـەوێ و حەزبکـەن گوێ رایەلی رینمایەکانی بن.

**پیاوە پیرەکە:** دەبا جیهان رزگارکەین!..

**ژنە پیرەکـــــە:** (گەرانـەوەی دەنـگ دانەوەکـە) مرۆڤـی کـە رۆحـی خـۆی رزگارکرد ئەوا جیهانی رزگار کردووە!..

**پیاوە پیرەکە:** تەنها یەك راستی هەیە بۆ هەمووان!

**ژنـــە پیرەکـــە:** (گەرانـەوەی دەنـگ دانـەوەکـە) یـەك راسـتی هەیـە بـۆ هەمووان!

**پیاوە پیرەکە:** گویرایەلم بن..!

**ژنە پیرەکە:** (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) گویرایەلی بن..!

**پیاوە پیرەکە:** چونکە یەقینی رەهام پییە..!

**ژنە پیرەکە:** (گەرانەوەی دەنگ دانەکە) یەقینی رەهای پییە..!

**پیاوە پیرەکە:** هەتاهەتایە..

**ژنە پیرەکە:** (گەرانەوەی دەنگ دانەکە) هەتا هەتایە، هەتا هەتایە.

**(لە پریکدا لە پشتەوەی شانۆ قیرەقیرو دەنگی لیدانی بووقەکان دەبیسرێ)**

**ژنە پیرەکە:** چی روودەدا؟

(قیرە قیرەکە زیاتر دەبیت، لە پاشاندا بە هاژوهوژیکی زۆرەوە دەرگای پشتەوەی شانۆکە دەکریتەوە.. لە میانەی دەرگا کراوەکەوە هیچ شتیك نابینریت تەنها چۆلەوانی نەبیت، بەلام هیندە نابات رۆشناییەکی زۆر و پان لە دەرگا گەورەکـەوە دیتـە ژووری و هـەردوو پەنجەرەکـەش بـە روناکییـەکی بـەهیز رۆشـنکراونەتەوە. ئەمـەش لـەکاتی گەیشـتنی ئیمپراتۆردایە.

**پیاوە پیرەکە:** نازانم..باوەرناکەم.. ئایا ئەمە دەبیت.. بەلێ.. بەلێ..
هەرگیز باوەرناکریت..لەگەڵ ئەوەشدا. بەلی.. بەلێ..
بەلێ.. بەلێ.. ئەوە ئیمپراتۆرە. ئیمپراتۆری مەزن..

(لە دەرگا کراوەکە و هەردوو پەنجەرەکەوە رووناکیەکە لەوپەری بەهیزیدایە، بەلأم رووناکیەکی ساردو مردووە.. هەروەها قیرە قیریك هەیە کە زۆر ناخایەنیت و لە پریکدا رادەوەسیت).

**ژنە پیرەکە:** ئازیزەکەم.. ئازیزەکەم.. ئەمە کییە؟

**پیاوە پیرەکە:** هەستنەوە.. ئەمە ئیمپراتۆری خاوەن شکۆیە..
ئیمپراتۆر لە مالەکەی مندایە. لە مالەکەماندا..
سەمیرئەمیس. ئایا تۆ چاوەروانی ئەوەت دەکرد؟

**ژنە پیرەکە:** (تیناگات) ئیمپراتۆر.. ئیمپراتۆر؟ ئازیزەکەم! (لەناکاو تیدەگات) ئاه! بەلێ، ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ.. خاوەن شکۆ! (بە کەفوکولەوە چەند جاریك بە شیوەیەکی پیکەنیناوی دایەتەوە) لە مالەکەماندا.. لە مالەکەماندا!

**پیاوە پیرەکە:** (لە خۆشیاندا دەست بە گریان دەکات) خاوەن شکۆ..!
ئۆو! گەورەم. خاون شکۆ.. ژنە بچکۆلەکەم، خاوەن شکۆ
ریزی لینابن.. ئای.. چەند ئاوەردانەوەیەکی بەرزو چەند
لالیکردنەوەیەکی شکۆمەندانەیە.. ئەمە خەونیکی
سەرسورهینە..

**ژنە پیرەکە:** خەونیکی سەرسورهین.. سورهین..

**پیاوە پیرەکە:** (بۆ ئاپۆرە نەبینراوەکە) خوشکو، برایان، هەستنەوە،
گەورەمان و مەولانای خۆشەویستمان ئیمپراتۆر
لەنیوماندایە.. بژی.. بژی..

(دەچیتە سەر پلیکانەکان، لەسەر نوکی پیی رادەوەستێ بۆ ئەوەی بتوانیت ئیمپراتۆر ببینیت، ژنە پیرەکەش لە لای خۆیەوە هەمان شت دەکات)

**ژنە پیرەکە:** بژی.. بژی..

**(تەپە تەپیکی لەسەرخۆی پییەکان)**

**پیاوە پیرەکە:** ئەی خاوەن شکۆ.. من لیرەم.. ئەی خاوەن شکۆ گویت لیمە؟ دەمبینیت؟ بە خاوەن شکۆ بلین کە من لیرەم.. ئەی خاوەن شکۆ. ئەی خاوەن شکۆ.. من لیرەم.. یەکیکم لە خزمەتکارەکانت، بەلکو لە هەموویان دلسۆزترم..

**ژنە پیرەکە:** (هەموو کاتێ وەك گەرانەوەی دەنگ دانەوەکەیە) ئەی خاوەن شکۆ.. لە هەموو خزمەتکارەکانت دلسۆزترە..

**پیاوە پیرەکە:** خزمەتکارتم، کۆیلەتم، سەگەکەتم، حەو، حەو.. سەگەکەتم ئەی خاوەن شکۆ..

**ژنە پیرەکە:** (وەرینیکی بەهیز دەوەرێ) حەوو.. حەوو.. حەوو..

**پیاوە پیرەکە:** (هەردوودەستی بەرزکردوەتەوە) ئایا دەمبینی؟ گەورەم، وەلامم بدەرەوە! ئاه! من دەتبینم، بەلێ، لەگەڵ بوونی ئەو پەردەیەی کە پەشیمان بووەکان و نۆکەرەکان دروستیان کردووە.. ئا ئەوەتا، روخساری گەشاوەی پر شکۆت و.. ناوچاوانی پیرۆزتم.. بینی..

**ژنە پیرەکە:** لەگەڵ بوونی پەشیمان بووەکان و نۆکەرەکان.. ئەی خاوەن شکۆ، ئیمە لیرەین.

**پیـــاوە پیرەكـــە**: خاوەن شكۆ! ئەی خاوەن شـكۆ! خوشـك وبرایـان، لیمەگەرین خاوەن شكۆ بە پیوە بووەسـتێ.. ئـەی خاوەن شكۆ دەبینیت من تاقە كەسیكم بایـەخ بـە خـۆت و، بـە تەندروسـتیت دەدەم، مـن لـە هـەموو دەست و پیوەندەكانت دلسۆز ترم..

**ژنە پیرەكـــە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەكە) ئیمە لە هەموو دەست و پیوەندەكانی پر شكۆت دلسۆزترین!

**پیاوە پیرەكـــە**: خوشك وبرایان، كەواتە، وازم لیبینن با بـرۆم.. چی بكـەم بـۆ ئـەوەی لـە نیـوان ئـەو هەرچیوپەرچیانـە ریگایەك بۆ خۆم دابین بكەم.. پیویستە لە سەرم برۆم و ریزو ستایشە سادەكانی خۆم پیشكەش بە خاوەن شكۆ بكەم.. ریگامدەن برۆم..

**ژنە پیرەكە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەكە) لیگەرین بـروات.. لیگـەرین بروات.. بروات.. بروات..

**پیاوە پیرەكە**: ریگام بدەن با برۆم، كەواتە وازم لیبینن با برۆم (بەدەم ماندووبونەوە) ئاه!، تۆ بلیی هەرگیز بگەمە ئەو؟

**ژنە پیرەكە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەكە) ئەو..ئەو..

**پیاوە پیرەكـــە**: لەگەل ئەوەشدا، دل و گیانم لە بەرپییدایە (ئاپۆرەی پەشیمان بووەكان و نۆكەرەكان دەوری دەدەن) ئاه! ئاه! دەیانەوێ ریگەم نەدەن من بگەمـە لای.. گومـان دەكـەن لەوەی كە من.. ئۆو! تیگەیشتم، تیگەیشتم.. دەسیسـەی كۆشكە، ئـەوە دەزانم.. دەیانـەوێ نیوانـی مـن و ئیـوەی شكۆدار تیكچیت.

**ژنــە پیرەکــە**: ئازیزەکەم، هیور بـەرەوە.. خـاوەن شـکۆ دەتبینیـت، تەماشات دەکات.. خاوەن شکۆ چاویکی لیداگرتم.. خاوەن شکۆ لەگەڵ ئیمە دایە!.

**پیــاوە پیرەکــە**: با چاکترین شوین بدەن بە ئیمپراتۆر.. لە نزیک مینبەرەکــەوە.. بــۆ ئــەوەی هــەموو ئــەو شــتانە ببیستیت کە گوتاربیژەکە دەیلیت..

**ژنە پیرەکــە**: (بە پلیکانەکەدا سەردەکەوێ، لەسەر پەنجەکانی پیی دەوەسـتێ، تـا ئـەو ئاسـتەی بـۆی دەکـرێ ملـی بەرزدەکاتەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی بینینـی باشـتربیت) دواجار ئەوان گرنگی بە ئیمپراتۆر دەدەن..

**پیاوە پیرەکە**: سوپاس بۆ ئاسمان! (بۆ ئیمپراتۆر) گەورەم.. با خاوەن شکۆتان دلنیا بیت، ئەوەی لە پەناتانەوە راوەستاوە هاوریی منە، جیگری منە.. (لە بان پلیکانەکە، لەسەر پەنجەکانی پیی وەستاوە) بەریزان، خوشک وبرایان، خانمان، ئەی مندالە بچوکەکانم، لیتان دەپاریمەوە..

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە).. ریمە.. ریمە.

**پیــاوە پیرەکــــە**: .. دەمـەوێ بیبینـم.. خۆتـان لادەن.. حەزدەکـەم.. ســـــەیرکردنە ئاسمانیەکـــــەی، روخســــــارە شـکۆدارەکەی، تاجەکـەی، چەپکــە رۆشـناییەکەی سـەر ناوچـاوانی خـاوەن شـکۆ.. ببینــم.. مــەولای لوتفیـک بکـەو رووی پــیرۆزت بکــەرە مــن، بیکــەرە نۆکەرە گویرایەلەکەت.. زۆر گویرایەلەکەت.. ئـۆو! ئەم جارەیان زۆر بە چاکی دەیبینم.. دەیبینم.

**ژنە پیرەكـــە**: (گەرانـەوەی دەنگ دانەوەكـە) ئـەم جارەیـان دەیبینـێ.. دەیبینێ.. بینێ.. بینێ..

**پیـــاوە پیرەكـــە**: مـن لەوپـەری ئاسـودەیی و كرانـەوەدام.. لـە مالـە هاكەزایەكـەمدا.. هیـچ قسـەیەكم نییـە شایانی ئـەوە بیـت گوزارشـت لـەو خۆشـیو ئاسـودەیەم بكـات.. ئۆو.. ئەی خاوەن شكۆ.. ئۆو.. ئەی خۆرەكە.. لیرە لـیرە.. لـەم مالـەدا كـە مـن تییـدا مارشـالم، ئەمـە راستە.. بەلاّم لـە پلـەی سوپاكەتدا. هیـچ نیـم تەنها مارشالی خانووەكان نەبیت..

**ژنە پیرەكە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەكە) مارشالی خانووەكان..

**پیاوە پیرەكە**: من شانازی بەوەوە دەكـەم.. شانازی دەكـەم و لەهـەمان كاتدا سادەو ساكارم.. وەك ئەوەی مەسەلەكە پیویست دەكات.. ئەی خودایە! بیگومان من مارشالم. دەكرا لـە كۆشـــكی ئیمپراتۆریـــەت بوومایـــە، لـــیرە تەنـــها سەرپەرشتی كۆشكیكی بچووك دەكەم.. ئـەی خـاوەن شـــكۆ.. مـــن.. خـــاوەن شـــكۆ، نـــاتوانم بـــە باشـــی گوزارشتەكەم دەربـبرم. دەكـرا شـتی زۆر لـەوە زیـاترم هـەبیت، شتگەلیك كـە خـراپ نـەبوو..گـەر بمزانییایـە، گەربمویستایە، گەر بم.. گەربمان.. ئەی خاوەن شكۆ.. ببورە لە هەلچوونم..

**ژنە پیرەكە**: بەریزیكی زۆرترەوە بیدوینە..

**پیـــاوە پیرەكـــــە**: (بـە گریانـەوە) خـاوەن شـكۆ لوتفیـك بكـات و.. مەهانەكـەم قبـوول بكـە.. دواجـار هـاتیت. هیـچ

هیوایەکم بە هاتنت نەبوو. دەکرا هیچ کەسێ لیرە نـەبیت.. ئـۆو.. ئـەی فریـادرەس.. لـە ژیـانمدا سوکایەتیم پیکراوە..

**ژنـە پیرەکـە**: (گەرانـەوەی دەنـگ دانەوەکـە، دەگریـە).. کایـەتی.. کایەتی..

**پیاوە پیرەکە**: ناخۆشی زۆرم لە ژیاندا چەشتووە.. گەر دلنیابوومایە لە پشت گیری بەریزتان.. دەکرا ببم بـە شـتیك، هیـچ پالپشتیکم نەبوو.. ئەگەر نەهاتیتایە ئەوا هەموو شتیك لە دەست دەچوو.. ئەی سەروەرم، تۆ، دوا پەناگامی..

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) سەروەرم.. دوا پەناگەی.. دوا..

**پیاوە پیرەکـە**: نەهامـەتی و دەردەسـەریم بەسـەر هـەموو هاوریکانمدا هینـاوە، بەسـەر هــەموو ئەوانــەی یارمــەتیان داوم.. بەلاکان هـەموو ئـەو دەسـتانەی داوەشـاند کـە بۆیـان دریژکردبووم..

**ژنە پیرەکـــە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە).. دەستیکی دریژکراو.. دریژکراو.. کراو..

**پیاوە پیرەکە**: بەردەوام هۆکاری بەهیزیان هەبووە بۆ ئەوەی رقیان لیم بیتـەوە، هیـچ هۆیـەکی باشـیش نـەبوو بـۆ خۆشەویسـت بوونم..

**ژنە پیرەکە**: تۆ بە هەلەدا چوویت. ئازیزەکەم، تۆ هەلـەیت.. مـن تـۆم خۆش دەویت، من دایکە بچوکەکەتم..

**پیاوە پیرەکـە**: نـەیارەکانم هـەموویان پاداشـت کـران، بـەلام هاوریکـانم پاشقولیان لیگرتم و، ناپاك بوون لەگەلمدا..

**ژنە پیرەكــە**: (گەرانـەوەی دەنگ دانەوەكـە) هاوریكـانم.. ناپاك بوون لەگەلمدا.. ناپاك بوون لە گەلمدا..

**پیاوە پیرەكــە**: خـراپ بـوون بـۆم.. چەوسـاندمیانەوە.. ئەگـەر گلـەییان لیبکـەم، ئـەوا هەمیشـە لەسـەر حـەقم.. هـەندیٚ جـار هــەولم داوە تۆلــەی خــۆم بكەمــەوە.. بــەلاٌم بــەزەیم پیایــاندا هاتوەتــەوە.. نەمدەویســـت بـــەرەنگاری دوژمنەكـەم ببمـەوە و فرییدەمـە سـەرزەوی، بــەردەوام زیاد لە پیویست باش بووم.

**ژنە پیرەكە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەكە) بەردەوام زیـاد لـە پیویسـت بـاش بـووە، بـاش بـووە، بـاش بـووە، بـاش بـووە بـاش بووە..

**پیاوە پیرەكە**: بەزەیهاتنەوەكەم بووە هۆی دۆراندنم.

**ژنـــە پیرەكـــە**: (گەرانـەوەی دەنـگ دانەوەكـە) بەزەیهاتنەوەكـەم.. بەزەیهاتنەوەكەم.

**پیـــاوە پیرەكـــە**: بـەلاٌم ئـەوان بـەزەییان نـەبوو.. مـن دەمبوسـیكم پیادەكردن ئەوان بە تیلاٌ، بە چەقۆ، بە تـۆپ لییـان دەدام، ئیسكەكانمیان دەهاری..

**ژنە پیرەكە**: ئیسكەكانی... ئیسكەكانی..ئیسكەكانی..

**پیاوە پیرەكە**: شوینـەكەمیان داگیردەكرد، دزییـان لیدەكـردم، تیرۆریـان دەكـــردم.. كۆكـــەرەوەی نەهامەتیـــەكان بـــووم.. سەربەگۆبەن بووم..

**ژنە پیرەكــە**: (گەرانـەوەی دەنگ دانەوەكـە) سـەر بـە گۆبـەن.. سـەر.. گۆبەن..

**پیاوە پیرەکـــە**: ئەی خاوەن شکۆ، بۆ ئەوەی لە بیرم بچیت، ویستم وەرزش بکەم .. تا بە شاخەکانی "ئەلپ"دا هەلگەریم.. لەدواوە قاچەکانمیان رادەکیشا بۆ ئەوەی بخلیسیکم.. دەمویست بەسەر پەیژەکاندا سەرکەوم پلەکانیان تیك دەداو ئیدی دەکەوتم و تیك دەشکام.. نیازم بوو چەند گەشـتیك بکـــەم، رازی نـــەبوون پەسـاپۆرتم بدەنـــێ.. دەمویســـت لـــە رووبارەکـــە بپەرمـــەوە پردەکانیـــان رووخاند..

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) پردەکانیان رووخاند..

**پیاوە پیرەکە**: ویستم بیرینییە(٢) ببرم، تەماشام کرد بیرینییەیان رەت کردووەتەوە..

**ژنـــە پیرەکـــــە**: (گەرانـەوەی دەنـگ دانەوەکـە) بیرنییـەیان رەت کردووەتەوە.. ئەی خاوەن شکۆ لە توانایدا هەبوو وەك زۆربـەی ئـەوانی تـر ببوایـە بـە محرریکـی بەریوەبـەر، ئەکتـەریکی بەریوەبـەر، دکتۆریکـی بەریوەبـەر، ئـەی خـاوەن شـکۆ، پادشـایەکی بەریوەبەر..

**پیاوە پیرەکە**: لە لایەکی ترەوە هەرگیز نەیان ویستووە لە جیگایەکی باوەرپیکراودا دامنین.. هەرگیز کارتی بانگ کردنیان بۆ نە ناردووم.. گویٚ بگرن لەوەی کە پیتانی دەلیم.. لەگەڵ ئەوەی من.. لە توانامدا هەبوو، تەنها خۆم مرۆڤایەتی نەخۆش رزگار بکەم.. بەریزتان ریزلینانیکی تەواو لەوە دەگـرن، یـەکیکی وەك مـن..ئـۆو بـەلای کەمـەوە، گـەر

فرسەتیکیان بۆ برەخساندمایە بۆ گەیاندنی پەیامەکەم
ئەوا هیچ نەبیت دەمتوانی نەهیلم مرۆڤایەتی تووشی
ئەو ئازرانە بیت کە لەم چارەکە سەدەیەی دوایدا بە
دەستیەوە نالاَندویەتی، من کۆل نادەم لە رزگارکردنی
مرۆڤایەتی، هیشتا نەچووە بچیت و وەختیش بە
دەستەوە ماوە. پلانیکم هەیە.. ئەی خودایە من بە گران
و بە زەحمەت گوزارشت لە بیرو بۆچوونەکانم دەکەم..

**ژنە پیرەکە**: (لەسەر سەری نەبینراوەکانەوە) گوتاربیژەکە دیت بۆ
ئیرە، لە جیاتی تۆ قسە دەکات.. خاوەن شکۆ لیرەیەو..
لە پاشاندا گویی لیدەگرن، لەمەولا خۆت سەغلەت مەکە،
کارتەکانی یاریەکە هەمووی لە دەست تۆدایە، مەسەلەکە
گۆرا، مەسەلەکە گۆرا..

**پیاوە پیرەکە**: با خاوەن شکۆ روخسەتم بدات، ئەو خەمی تری زۆر
هەیە.. گالتە و سوکایەتی زۆرم پیکراوە.. خوشک
وبرایان نەختیك بچنە دواوە بە تەواوەتی لووتی خاون
شکۆم لیمەشارنەوە. دەمەویَ درەوشانەوەی
مرواربیەکانی تاجی ئیمپراتۆریەت ببینم.. بەریزتان کە
تەشریفتان بۆ خانووە هاکەزایو سادەو ساکارەکەی من
هیناوە، ئەوا لوتفتان نواندووەو ریزتان بۆ منی هەژار
داناوە.. ئای چ دلدانەوەیەکی گەورەیە.. ئەی خاوەن
شکۆ گەر لە لایەنی مادییەوە لەسەر نووکی پەنجەکانی
پیم بەرزدەبمەوەو راوەستاوم ئەوە مانای خۆ بە زل زانین
و لەخۆدەرچوون نییە، بەلکو بۆ ئەوەیە کە بە

سەرسورمانەوە تەماشات بکەم و لیت بروانم.! بەڵام لە لایەنی مەعنەویەوە ئەوا من خۆم فری دەدەمە بەرپیت..

**ژنە پیرەکە**: (دەگریەت) بەرپیت، سەروەرم، ئیمە خۆمان فریدەدەینە بەردەم پییەکانت، ،بەردەم پەنجەکانی پیت..

**پیاوە پیرەکە**: خۆم تاقی ئەکردەوە.. خاوەن ئیشەکە دەری کردم چونکە دانەنەویمەوە بۆ مندالە شیرە خۆرەکەی.. بۆ ئەسپەکەی.. لە پشتەوە تیی هەلدەدام.. بەڵام هەموو ئەمانە.. سەروەرم.. هیچ گرنگیەکیان نەماوە.. مادام.. مادام.. سەروەرم.. ئەی خاوەن شکۆ. بروانە.. من لیرەم.. لیرە.

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) لیرە.. لیرە.. لیرە.. لیرە.. لیرە..

**پیاوە پیرەکە**: مادام بەریزتان لیرەیە.. مادام بەریزتان پەیامەکەم لەبەرچاو دادەنیت، بەڵام گوتاربیژەکە دەبوایە ئیستا لیرە بوایە.. ئەو وا دەکات خاوەن شکۆ چاوەروان بیت.

**ژنە پیرەکە**: با خاوەن شکۆ لیی ببوریت.. مەحالە ئەو هەر دەبێ بیت.. تەلەفۆنیکیان بۆ کردین.. دوای کەمیکی تر ئامادە دەبیت..

**پیاوە پیرەکە**: خاوەن شکۆ هیجگار باشە.. بەریزیان هەروا ناروات بەبێ ئەوەی گوێ بۆ هەموو وشەکان نەگریت.. بەبێ ئەوەی هەموو شتەکان نەبیستێ.

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) گوێ لە هەموو شتەکان دەگرێ.. گوێ لە هەموو شتەکان دەگرێ.. هەموو شتەکان دەبیسێ..

**پیـــاوە پیرەکــە**: ئەوە گوتاربیژەکەیە لە باتی من قسەدەکات.. من دەتوانم.. بەڵام بەهرەم نییە.. ئەو هەموو کاغەزەکانی لایە.. هەموو بەڵگەکان.

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) هەموو بەلگەکانی لایە.

**پیاوە پیرەکە**: سەروەرم، لیت دەپاریمەوە، کەمەکیك سەبرت هەبێ.. هەردەبێ ئەو بگاتە ئیرە..

**ژنە پیرەکە**: پیویستە هەر ئیستا ئامادە بیت..

**پیـــاوە پیرەکــە**: (بۆ ئەوەی ئیمپراتۆر بیتاقەت نەبیت) ئەی خاوەن شکۆ.. گویم لیبگرە.. ساڵانیکی زۆر لەمەو بەر ئیلهامم بۆ هاتبوو، لە تەمەنی چل سالیدا بووم.. خوشك و برایان، ئەمە بە ئیوەش دەلیم.. شەویکیان، دوای نان خواردنی ئیوارە، وەك هەموو جاریکی تر، پیش ئەوەی بچمە ناو جیگا، لەسەر جیگاکەی باوکم دانیشتم.. خاوەن شکۆ سمیلم لە سمیلی تۆ پرتر بوو، لوولیکەی لەوەی تۆ زیاتر بوو.. سنگم لە سنگت تووکنتربوو.. سەرم دەستی کردبوو بە سپی بوون، بەڵام سەری تۆ ئەوساو ئیستاش هەر قاوەیی‌یە.. میوانمان هەبوو، کەسایەتی گەورە بوون، لە دەوری میزیك دنیشتبوون، دەستیان کرد بە پیکەنین.. پیکەنین.

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) پیکەنین.. پیکەنین..

**پیاوە پیرەکە**: پیم وتن: من گالتە ناکەم.. باوکم زۆر خۆش دەویت.. وەڵامیان دامەوە.. نیوەشەوە، هیچ مندالیك تا ئەم وەختە

درەنگە بە نەخەوتووی نامینیتەوە.. ئەگەر تا ئیستا نەخەوتوون ئەوە لەبەرئەوەیە کە ئیوە چیتر مندالیکی بچووك نین.. هەرچۆنیّ بیت باوەرم پینەدەکردن گەر بە "ئیوە" بانگیان نەکردمایە..

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) "ئیوە"

**پیاوە پیرەکە**: لە جیاتی ئەوەی بە "تۆ" بانگم کەن..

**ژنە پیرەکە**: تۆ..

**پیاوە پیرەکە**: بیرم کردەوە: لەگەلّ ئەوەشدا ژنم نەهیناوە.. کەواتە من هیشتا مندالم..هەر لەوکاتەدا یەکسەر ژنیان بۆ هینام، لەبەر هیچ نا تەنها لەبەرئەوەی پیچەوانەی ئەوەم بۆ بسەلمینن.. خۆش بەختانە.. ژنەکەم دایكوباوك بوو بۆم..

**ژنە پیرەکە**: ئەی خاوەن شکۆ، گوتاربیژەکە هەردەبی ئامادەبیت.

**پیاوە پیرەکە**: گوتاربیژەکە ئامادە دەبیت..

**ژنە پیرەکە**: ئامادە دەبیت..

**پیاوە پیرەکە**: ئامادە دەبیت..

**ژنە پیرەکە**: ئامادە دەبیت..

**پیاوە پیرەکە**: ئامادە دەبیت..

**ژنە پیرەکە**: ئامادە دەبیت..

**پیاوە پیرەکە**: ئامادە دەبیت، ئامادە دەبیت.

**ژنە پیرەکە**: ئامادە دەبیت، ئامادە دەبیت.

**پیاوە پیرەکە**: دیت..

**ژنە پیرەکە**: ئەوا هات..

**پیاوە پیرەکە**: ئەوا هات..

**ژنە پیرەکە**: ئەوا هات.. ئەوەتا لیرەیە..

**پیاوە پیرەکە**: ئەوا هات. ئەوەتا لیرەیە..

**ژنە پیرەکە**: ئەوا هات.. ئەوەتا لیرەیە..

**هەردوو پیرەکە**: ئەوەتا لیرەیە..

**ژنە پیرەکە**: ئەوەتا.. (بیدەنگی. هەموو جوولەیەك دەوەستیت، هەردوو پیرەکە دەبنە دوو پەیکەری بەردین.. چاویان دەبرنە دەرگای ژمارە پینج.. شانۆکە ماوەیەکی دریژ بەبێ جوولە دەمینیتەوە. نزیکەی نیو دەقیقەیەك.. هەردوو تای درگاکە بە شینەیەکی زۆر لەسەرخۆ و بە بیدەنگیەکی تەواوەوە دەکرینەوە.. لە پاشان گوتاربیژەکە دەردەکەویت.. ئەو کەسایەتیەکی واقیعیە.. نموونەیەکە لە شاعیران و وینەگرانی سەردەمی رابردوو: شەبقەکەی لە (حەسیر) دروست کراوەو قەراغیکی پانی هەیە، بۆینباخەکەی گرییەکی گەورەی لیدراوە، کراسیکی دریژی لەبەردایە، سمیل و ریشیکی تەنك و باریکی هەیە، زۆر لە ئەکتەریکی هەزەلی دەچیت، بە فیزەوە شانازی بە خۆیەوە دەکات، گەر کەسایەتیە نەبینراوەکان پیویستیان بە ئیحایەکی زۆر بوو بۆ ئەوەی بزانن ئەم کەسایەتیە راستییە ئەوا ئەم گوتاربیژە. پیویستە کەسایەتیەکی ناراست و ناوقعی دیاربیت.. بە تەنیشت دیواری لای راستەوە دەروات، بە هەنگاوی گەورەو لەسەرخۆ

بەرەو قولایی شانۆکە دەڕوات بۆ لای دەرگا گەورەکە، بەبێ ئەوەی ئاور لەلای ڕاست یان چەپ بداتەوە.. لە نزیك ژنە پیرەکەوە تیدەپەریت کە دەست لە قۆلی دەدات بۆ ئەوەی دلنیابیت لە هاتنەکەیو لە بوونی.. ئا لەم کاتەدا ژنە پیرەکە دەلێ:) ئا ئەوەتا

**پیاوە پیرەکە**: ئا ئەوەتا..

**ژنە پیرەکە**: (بە نیگاکانی دەکەویتە دوای و، بەردەوامە لەسەر تەماشاکردنی) خۆیەتی.. ئەوەتا لیرەیە بە گۆشت و ئیسکیەوە..

**پیاوە پیرەکە**: (بە نیگاکانی دەکەویتە دوای) ئەوەتا لیرەیە.. خۆیەتی.. خەون نییە..

**ژنە پیرەکە**: خەون نییە.. پیشتر ئەمەم پیوتیت..

(پیاوە پیرەکە دەستەکانی گرێ دەداو، چاوەکانی بۆ ئاسمان هەلدەبرێ..بە بیدەنگی لە خۆشیا دەفرێ.. گوتاربیژەکە دەگاتە قوولایی شانۆکە.. شەبقەکەی بەرزدەکاتەوەو بە بیدەنگی دایەتەوە، بە شەبقەکەی وەك سوارچاکیك و هەروەها وەك مرۆڤیکی ئالی، لە بەردەمی ئیمپراتۆرە نەبینراوەکەدا سەلامیك دەکات.. لەم ساتەدا).

**پیاوە پیرەکە**: خاوەن شکۆ.. ئەمە گوتاربیژەکەیە پیتی دەناسینم..

**ژنە پیرەکە**: خۆیەتی..

(لە پاشان گوتاربیژەکە شەبقەکەی دەکاتەوە سەر، دەچیتە سەر مینبەرەکەو لەویوە تەماشای جەماوەرە نەبینراوەکەی سەر شانۆکە

دەکات، تەماشای کورسیەکان دەکات.. لە دوایدا بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕادەوەستێت)..

**پیاوە پیرەکە:** (بۆ جەماوەرە نەبینراوەکە).. دەتوانن داوای لێبکەن کە ئیمزای خۆیتان بۆ یادگاری بۆ بکات.

(بە شێوەیەکی ئاڵیو بە بیدەنگی گوتاربێژەکە چەندین دەفتەر ئیمزا دەکات و دەیداتەوە بە خاوەنەکانیان.. پیاوە پیرەکە تا ئەم ساتەش هەر بەردەوامە لە تەماشاکردنی ئاسمان و دەستەکانی لێک گرێ داون و بەخۆشیەوە دەڵێ): هیچ پیاوێکی زیندوو لەمە زیاتر هیوای نییە تا داوای بکات..

**ژنە پیرەکە:** (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) هیچ پیاوێك نییە کە بە هیوابێت لەمە زیاتر داوا بکات..

**پیاوە پیرەکە:** (بۆ جەماوەرە نەبینراوەکە) ئێستا، بە ڕوخسەتی خاوەن شکۆ. بە هەمووتان ڕادەگەیەنم، خوشك و برایان، ڕۆڵە بچووکەکانم، هاورێیانی ئازیزم، هاوڵاتیانی ئازیز، سەرۆکی بەرێز، ئازیزان و چەك هەڵگرانی هاوڕێم..

**ژنە پیرەکە:** (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) ڕۆڵە بچکۆڵەکانم.. کانم.. کانم..

**پیاوە پیرەکە:** گوتارەکەم ئاراستەی هەمووتان دەکەم، بەبێ جیاوازی لە تەمەن یان ڕەگەز یان پلەی تێگەیشتن یان پلەی کۆمەڵایەتی، یا خود پلەی بازرگانی، بۆ ئەوەی لە قوڵایی دڵمەوە سوپاستان بکەم..

**ژنە پیرەکە:** (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) سوپاستان دەکەم..

**پیــاوە پیرەکــە**: هـەروەها سوپاسی گوتاربێژەکەش دەکـەم.. زۆر بـە گـەرمی سوپاسـتان دەکـەم کـە بـەم ژمـارە زۆرە ئامـادە بوون.. بەڕێزان.. بێدەنگی..

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە).. بەڕێزان.. بێدەنگی..

**پیاوە پیرەکــە**: هـەروەها سوپاسـی هـەموو ئەوانـەش دەکـەم کـە وایـان کــرد کۆبوونەوەکــەی ئـــەم شـــەو ســـەربگرێت، بـــۆ ڕێکخەرەکان..

**ژنە پیرەکە**: ئافەرین..

(لەم کاتەدا.. گوتاربێژەکە بەردەوامە لەسەر ڕاوەستانە بەفیزەکەی سەر مینبەرەکـە، بـەبێ جوولـە، تەنـها دەسـتەکانی نـەبێت کـە ئۆتۆماتیکیانـە خەریکی ئیمزاکردنە بۆ یادگاری).

**پیــــاوە پیرەکــــە**: بـۆ خـاوەنی ئـەم باڵەخانەیـە، بـۆ ئـەندازیاری بیناسازیەکە، بۆ ئەو بەننایانـەی کـە ئیرادەیـان وایکرد ئەم دیوارانە دروست بێت..

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە).. دیوارەکان..

**پیــاوە پیرەکــــە**: بـۆ هـەموو ئەوانـەی کـە بنچینـەکانیان هەڵکـەند.. بێدەنگی. خوشك وبرایان..

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەکە).. خوشك و برایان..

**پیــــاوە پیرەکــــە**: مـن دارتاشـە ئەبەنۆسـیەکان لەبیرناکـەم کـە ئـەم کورسـیانەیان دروسـت کـردووەو ئێــوە دەتوانــن لەسـەری دانیشـن، سوپاسـیکی بێپایانیـان دەکـەم، هـەروەها سوپاسـی وەسـتا دەسـت ڕەنگینەکـەش دەکەم..

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە).. دەس رەنگین..

**پیاوە پیرەکە**: .. کە ئەو کورسیە فراوانەی دروست کردووەو خاوەن شکۆ بە کەمالی ئیسراحەت تییدا نووقم بووە.. ئەمەش وای کردووە کە پاریزگاری لەو رۆحە پتەو جیگیرەی بکات.. هەروەها سوپاس بۆ هەموو پیشەکاران و ئامیرسازان و کارەباچیەکان..

**ژنە پیرەکە**: چیەکان.. چیەکان..

**پیاوە پیرەکە**: بۆ کاغەز دروست کەرەکان و کریکارانی چاپخانەکان و، هەلەبرەکان و محررەکان کە قەرزاریانین بە رازاندنەوەی بەرنامەکان بە جوانترین زەخرەفەو بۆ ئەو هاوکاریە جیهانییەی کە لە نیوان هەموو ئادەمیزادەکاندا هەیە. سوپاس، سوپاس، بۆ نیشتمانمان، بۆ دەولەت (ئاور بۆ ئەو جیگایە دەداتەوە کە پیویستە ئیمپراتۆری لیبیت)، کە ناخودایەکی شارەزاو دادپەروەر بەریوەی دەبات.. سوپاس بۆ ئەو کریکارە مێیە..

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە).. کریکارە مێیە.. خۆش بەختەکە..

**پیاوە پیرەکە**: (بە پەنجە ئاماژە بۆ ژنە پیرەکە دەکات) فرۆشیاری چکلیتە بەستووەکان و بەرنامەکان..

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە).. مەکان..

**پیاوە پیرەکە**: ژنەکەم.. هاوریکەم..سمیرئەمیس..

**ژنە پیرەکە**: ..نەکەم.. ریکەم.. ئەمیس.. (بۆ خۆی) ئازیزەکەم، لە بیری ناچیت هەردەم و بەردەوام یادم دەکات..

**پيـــاوە پيرەكـــە**: سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی پشت گيريان كردم بە يارمەتی دانی مەعنەوی بيت يان مادی، يارمەتيدانيكی بـەنرخ و كاريگـەر. كـە بـووە پالپشـتيكی بـاش بـۆ سەركەوتنی تەواوی ئاهەنگەكەی ئەم شەو.. هەروەها سـوپاس.. بەتايبـەتی سـوپاس، بـۆ خۆشەويسـتی گەورەمان، خاوەن شكۆی ئيمپراتۆر..

**ژنە پيرەكە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەكە).. شكۆی ئيمپراتۆر..

**پيـــــاوە پيرەكـــــە**: (بيدەنگيـەكی تـەواو چـواردەوری داوە) تۆزيـك بيدەنگی.. ئەی خاوەن شكۆ..

**ژنە پيرەكە**: (گەرانەوەی دەنگدانەكە) كۆ.. كۆ..

**پياوە پيرەكە**: ئەی خاوەن شكۆ.. من و خيزانەكەم هيچمان نەماوە لە ژياندا تا داوای بكەين.. رەنگە بوونمـان بـەم ريزلينانـە ئيدی بگاتە كۆتايی.. سوپاس بۆ ئاسمان كە ئەم سالە دريژو هيمنانەی پيبەخشين.. ژيانم بە باشترين شيوە پـر و ليوان ليو بووە.. ئەركەكانم بەجێگەياندووە. ژيانم بە بيهودەيی بەسەر نەبردووە، مادام پەيامەكەم بە جيهان رادەگەيەنرێ.. (ئاماژە دەكات بۆ گوتاربيژەكە كە ئاگادار نييە ليی. ئەو بە هەموو بروابوون و عەزميكەوە پال بەو دەستانەوە دەنيت كە داوای ئيمزا كردنی ليدەكەن).. بۆ جيـهان، يـان راسـت تـر بـۆ ئەوانـەی كـە ماونەتـەوە (جوولەيـەكی فـراوان بـەرەو ئـاپۆرە نەبينراوەكـە) بـۆ ئيـوەش، خوشـك و برايـان و هاورييـانی بـەريز، ئـەی ئەوانـەی لـە مرۆڤايـەتی ماونەتـەوە، بـەلام دەكـرێ بـەم

پاشماوانە شۆربایەکی خۆش دروست بکریت.. ئەی گوتاربیژی هاوریم.. (گوتاربیژەکە تەماشای لایەکی تر دەکات) گەرچی ماوەیەکی دریژە باوەرم پینەکراوەو، لەوانەی کە هاوچەرخی خۆمن حەقی تەواوم نەدراوەتێ، لەبەرئەوە هەر دەبوایە مەسەلەکە بەم جۆرە بیت.. (دەگریە) ئەمانە ئیستا چ گرنگیەکیان نییە چونکە من ئیدی بۆ تۆیان جیدەهیلم، ئەی گوتاربیژ، هاوریی ئازیزم (گوتاربیژەکە داوایەکی دیکەی ئیمزا کردن رەتدەکاتەوە، لە پاشاندا بەبێ گوییدان بە هەموو لایەکدا دەروانیت) ئەرکی گەیاندنی رۆشنایی بیروبۆچوونەکانم و رۆحم بە نەوەکانی داهاتوو بۆتۆ جیدەهیلم. کەواتە فەلسەفەکەم بە دنیا بناسینە. وردەکاریەکانی ژیانی تایبەتیم پشتگوێ نەخەیت، گەرچی ئەم وردەکاریانە هەندێ جار پیکەنیناویەو، هەندێ جاری تریش ئازار بەخشن و جیگای بەزەییە، هەروەها لە بیرت نەچیت ئاماژە بدەیت بە حەزو ویست و هەلپە گالتە ئامیزەکانم بۆ خواردن.. هەموو شتێ بگیرەرەوە.. لە بارەی ژنەکەمەوە بدوێ.. (ژنە پیرەکە دەست بە گریان دەکاتەوە).. لە بارەی چۆنیەتی ئامادەکردنی سەندەویچە تورکییە بچوك و خۆشەکانییەوە، کە بە پارچە گۆشتی کەرویشکەکان و بەریگای نۆرماندی ئامادەیدەکردن.. لە بارەی -بیری-وە نیشتمانم و شوینی لە دایك بوونم، بدوێ.. ئەی

ماموٚســتای گــەورەی گوتــاربیژی مــن پشــت بــە تــۆ دەبەستم.. ئیستا من و هاوری بە وەفاو دلسۆزەکەم هیچ شـتیکمان بـۆ نەماوەتـەوە- دوای چـەندین سـال ئیـش کردن لـە پینـاو پیشخستنی مرۆڤایـەتی کـە ئیمـە تییـدا دوو سـەربازی کیشـە رەواکـەی بووین- لـە ئیستاداو لـەم چرکەیەدا، هیچمان بۆ نەماوەتەوە تەنها ئـەوە نـەبیت کـە بکشـیینەوە.. لـە پینـاو ئیـش کـردن بـۆ خۆبەختکردنـە گەورەکـە کـە هیـچ کەسـیك داوامـان لیناکـات، بـەلام هەرچۆنیك بیت ئیمە پیشکەشی دەکەین.

**ژنە پیرەکـــە**: (دەگری) بەلیّ، بەلیّ، با لەناو هەموو سەروەریاکاندا بمرین.. با بمرین بۆ ئەوەی ببین بە ئەفسانە.. هیچ نەبیت، ریگای خۆمان دەکەینەوە..

**پیـــاوە پیرەکـــە**: (بۆ ژنە پیرەکە) بەختەوەرم پیـت، ئـەی هـاوریّ بـە وەفاکەم..! تۆ ئەی ئەوەی بە دریژایی سـەدەیەکە بەبیّ بیزاریو دوودلی باوەرت پیهیناوم، تۆ ئـەی ئەوەی هەرگیزاو هەرگیز بەجیت نەهیشتوم و وازت لینەهیناوم.. ئەی خودایە، ئەمرۆ، لەم چرکەساتە پـیرۆزەدا، ئاپۆرەکـە بیبەزەییانـە لــە یــەکترمان جیادەکەنەوە..

لەگەلّ ئەوەشدا
پیم خۆش بوو،
زۆرم پیخۆش بوو
ئیسکەکانمان

لەژێر یەك پێستاو
لەناو یەك قەبرا دانرانایە.
گۆشتە پیرەکەی هەردوکمان
هەریەك کرم بیخواردنایە و
بە یەکەوە بۆگەنمان بکردایە..

**ژنە پیرەکە**: .. بەیەکەوە بۆگەنمان بکردایە..

**پیاوە پیرەکە**: خودایە!.. خودایە!..

**ژنە پیرەکە**: خودایە!.. خودایە!..

**پیاوە پیرەکە**: .. لاشەکانمان هەریەکەیان بە دوور لەوی دیکە دەکەویتە خوارەوە، لە ئاویکی لاچەپدا بۆگەن دەکەین.. وازمان لیبینن زۆر مەکروزینەوە.

**ژنە پیرەکە**: پیویستە ئەوە بکەین کە دەبێ بکریت!..

**پیاوە پیرەکە**: لەبیرچوونەوە ناومان ناسریتەوەو پشت گویمان ناخات. ئیمپراتۆری نەمر هەموو کاتێ یادمان دەکات.

**ژنە پیرەکە**: (گەرانەوەی دەنگ دانەوەکە) هەموو کاتێ.

**پیاوە پیرەکە**: لەبەرئەوەی ئیمە مرۆڤین و شار نین بۆیە لە دوای خۆمان شوینەواریك بەجیدەهیلین.

**هەردوو پیرەکە**: (پیکەوە) ریگای تایبەتی خۆمان دەبیت!

**پیاوە پیرەکە**: لەبەرئەوەی ناتوانین لە شویندا یەك بگرین با لە زەمەن و لە ئەبەدیەتدا یەك بگرین، وەك چۆن لە ناخۆشیەکاندا یەك بووین، هەرواش با لەیەك چرکەدا بمرین.. (بۆ گوتاربیژی بیتاوان –البریء– لە هەموو

ئازارێ، کە هیچ جوولەیەکی تیدانییە) بۆ دواجار..
باوەر و متمانەی خۆمت دەدەمێ.. پشت بە تۆ
دەبەستم.. هەموو شتێ دەلییت.. پەیامەکەت لا
دادەنیم.. (بۆ ئیمپراتۆر) خاوەن شکۆ.. ببورە، مالئاوا،
لە هەموان. مالئاوا، سەمیرئەمیس.

**ژنە پیرەکە**: مالئاوا لە هەموان!.. مالئاوا، ئازیزەکەم!

**پیاوە پیرەکە**: بژی ئیمپراتۆر!

(کاغەزو شریتە رەنگاورەنگەکان بەسەر ئیمپراتۆردا فریدەدات. لەو ئامیرانەی کە فووی پیدا دەکریت گوێ بیستی ئاوازیك دەبین. رۆشناییەکی جوان و دلگیر، وەك ئاگریکی دەستکرد.

**ژنە پیرەکە**: بژی ئیمپراتۆر!

(کاغەزو شرینی رەنگاورەنگ بە ئاراستەی ئیمپراتۆر هەلدەدرێ، لە پاشان بەسەر گوتاربیژەکەدا هەلدەدرێ کە نە هەست دەکاو نە دەجوولێ، لە پاشان بەسەر کورسیە بەتالەکاندا).

**پیاوە پیرەکە**: (بەردەوامە) بژی ئیمپراتۆر!

**ژنە پیرەکە**: (وەك ئەو بەردەوامە) بژی ئیمپراتۆر!

هەردوو پیرەکە: (لە یەککاتدا هەریەکەیان لە پەنجەرەکەی لای خۆیەوە خۆی فریدەداتە خوارەوەو بە دەنگی بەرز دەلیین "بژی ئیمپراتۆر" لە پریکدا بیدەنگی ئەو ناوە دادەگریت، لە پاشان ئاگریکی دەستکرد دەبریسکیتەوە، لە هەردوو لاوە (ئاە)یك و ئەو دەنگە

خنکینراوەی کە لە کەوتنە خوارەوەی هەردوو لاشەکە بۆ
ناو ئاوەکە پەیدا دەبێت دەبیسرێت. ئەو روناکیەی کە لە
هەردوو پەنجەرەکەو دەرگا گەورەکەوە دێت نامێنێت،
تەنها ئەو رووناکیە کزە نەبێت کە لە سەرەتاوە هەبوو.
هەردوو پەنجەرە تاریکەکە بە کراوەیی دەمیننەوە، لە
کاتێکدا هەوا یاری بە پەردەکانیان دەکات.

گوتاربێژەکە کە بە درێژایی دیمەنی خۆکوشتنی هەردوو پیرەکە بێهەست و بێجووڵە بوو، بڕیار دەدات دوای چەند چرکەیەك قسە بکات، لە بەرامبەر ریزە کورسیە بەتاڵەکان، هەولدەدا لە جەماوەرە نەبینراوەکە بگەیەنێت کەوا کەروڵاڵە، هەندێ جووڵە دەکات لەو جووڵانەی کە کەرولاڵ دەیکەن، بۆ تێگەیشتن کۆمەڵێ هەوڵ و تەقەللای بێهودە ئەدات، دواجار لە قورگیەوە هەندێ دەنگ و نووزە نووزو قرخەقرخ وەك ئەوانەی لە لاڵەکانەوە دەردەچێت دێتە دەرەوە:

هی، مم، مم، مم.

جوە، جوە، هوە، هوە.

هیوە، هیوە، جیە، جوە، جیوە.

هەست بە ناتەواوی و شکست دەکات، لێدەگەرێ هەردوو دەستی بەملاولایدا شۆڕ ببنەوە. لە پڕێکدا دەموچاوی دەگەشێتەوە، بیرێك بە مێشکیدا دێت. بەرەو رووی لەوحە رەشەکە وەردەسورێت. پارچەیەك دەباشیر لە گیرفانی دەردەهێنێ. بە پیتی گەورە دەنووسێت:

ا ن ج ی ب ی ن

لە پاشان:

ن ن أ أ ن ن م ن و ن و ن و فی

سەرلەنوێ ڕوودەکاتەوە جەماوەرە نەبینراوەکە، ئەو جەماوەرەی کە لەسەر تەختی شانۆکەیە، بە پەنجەکانیشی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەسەر لەوحە ڕەشەکە نووسیویەتی.

گوتاربێژەکە: م م م، م م م، ج ی و ی و، ج و، ج ی.

م م م، م م م، م م م، م م م،

(لە پاشان بە بێزاری و بەخێراییەکی توڕەوە ئەوەی بە دەباشیر نووسبووی دەیسڕیتەوە، لە جیاتیان هەندێ نووسینی دیکە دەنووسێ کە هەمان ئەم پیتە گەورانەی خوارەوەی تێدا دەبینین:

ا ا د ی و ا د ی و ا ب ا

گوتاربێژەکە بەرەو ڕووی هۆڵەکە وەردەسوڕێ. پێدەکەنێ بەو هیوایەی توانیبیتی شتێکی گونجاوی وتبێت. بە پەنجەکانی ئەو شتەی کە نوسیویەتی پیشانی کورسیە بەتاڵەکانی دەدات. چەند ساتێکی پڕ شکۆ بەبێ جووڵە ڕادەوەستێت کە نیشانەی ڕازی بوونی پێوە دیارە، لە پاشاندا لەبەرئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی چاوەڕوان کراو بەدەست ناهێنێت خەندەکەی وردە وردە نامێنێت و دەمووچاوی خەمبار دەبێت.

هەندێکی دیکەش ڕادەوەستێت، لە ناکاو سەلامێکی هەزەلی توند دەکات، لە مینەبەرەکە دێتە خوارەوە. تارمایی ئاسا بەرەو دەرگا گەورەکەی قوڵایی شانۆکە بەرێدەکەوێت. پێش ئەوەی لەم دەرگایەوە بچێتە دەرەوە جارێکی دیکە بە زۆر سەلامێکی تر لە ڕیزە کورسیە بە تاڵەکان و ئیمپراتۆرە نەبینراوەکە دەکات. شانۆکە بە کورسیەکان و مینبەرەکەوە بە چۆڵی دەمیننەوە، سەر شانۆکەش بە کاغەزو شریتە

ڕەنگاورەنگەكان داپۆشراوە. دەرگای پشتەوە بەسەر تاریكییەكی ئەنگوستە چاودا كراوەتەوە.
بۆ یەكەمین جار خشە خشیكی مرۆڤانە لە ئاپۆرە نەبینراوەكەوە دەبیسترێ. پیكەنین و هەمهەمات، چپە چپ و ئحم ئحمی گالتەئامیز.
ئەم دەنگانە لە سەرەتادا لە سەرخۆ و كزە لە پاشاندا بەرزدەبیتەوە، دیسانەوە هیدی هیدی نزم دەبیتەوە پیویستە ئەم حالەتە ماوەیەكی باش بخایەنیت تا هەموو بینەران -بینەرە راستیەكان- دەچنە دەرەوە و ئەم كۆتاییە لە رۆحیاندا بەجیدەمینیت.
پەردەكە لەسەرخۆ دادەدریتەوە.

**پەراویز:**

**١-سەراسا: المعجزة**

**٢-البيرينية: ئەم وشەیە لە فەرهەنگی -المنجد- چاپی هەژدەهەم بەشی- المنجد فی الادب و العلوم- لاپەرە ٩٧بەم شیوەیە هاتوە:**

**پیرینیە(pyrenees) زنجیرە شاخیکە فەرەنساو ئیسپانیا لە یەکتری دادەبریت، بەدریژی ٤٣٥ کیلۆمەتر دریژبووەتەوە لە نیوان زەریای ئەتلەسی و دەریای ناوەراست، بەرزترین لوتکەی (پیك دانیتو-pic daneto)یە کە ٣٤٠٤ مەترە.**

**ئەم شانۆگەرییەم لەم کتیبەی خوارەوە وەرگرتوە:**

**مسرحيات عالمية/ مسرح العبث/ الهيئة المصرية العامة للتأليف و النشر ١٩٧٠.**

فرناندۆ ئاراپاڵ

# شانۆنامەی

# سیکرابخانە

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی
ئەحمەد یونس

## کەسێتیەکانی شانۆنامەکە

**لاسکا**.. ژنێکی بە تەمەن.

**تیوسیدۆ**.. گەنجێك.

**میلۆس**.. گارسۆنێکی پلە یەك، تەمەنی نزیکەی چل ساڵە

**دیلا**.. ژنێکی شۆخ و شەنگە، تەمەنی نزیکەی بیست و پێنج ساڵە.

**ئیمانۆ**.. ترومپیت ژەن، 33ساڵ.

**توبی**.. کلارنێت ژەن، 30ساڵ.

**فودیر**.. ساکسفون ژەن، لاڵە و تەمەنی 30ساڵە

گۆڕەپانێك لە پشتەوەی سیکرا بخانەیەك دیارە، سەیارەکانی ئەم سیکرا بخانەیە لە پێشەوەی شانۆ بەسەر یەکدا کەڵەکەبوون. بۆ ئەوەی سەیارەکانی ڕیزی پێشەوە جیابکەینەوە ناویان دەنێین: سەیارەی( 1 )، سەیارەی ( 2 )، سەیارەی ( 3 )، سەیارەی ( 4 )، سەیارەی( 5 )، لە پاڵ سەیارەی( 5 )دا و لەلای ڕاست سەیارەی( ئەلف ) ڕاوەستاوە. هەرپێنج سەیارەکە و سەیارەی ( ئەلف ) لە جۆری ئەمریکین، ڕەنگیان پێوە نەماوە، پەنجەرە و پەردەکانیان لە گونیە دروستکراون، بنمیچی سەیارەکان دوکەڵکێشی هەیە، هەموو سەیارەکان زۆر لە یەکدی دەچن. لەتەنیشت سەیارەی ( 2 ) جووتێ پێڵاوی پیس و دڕاو هەیە.

# بەشی یەکەم

**(دیلا له سەیارەی"ئەلف" دێتە دەرێ و زەنگێکی پێیە)**

**دیلا**: (له کاتێکدا قسه بۆ ئەوانه دەکات که له ناو سەیارەکاندان، زۆر بەتوندی زەنگەکه ڕادەوەشێنێت) لەسەر هەموان پێویسته بنون. نامەوێ دوبارە گوێم له یەك دەنگی تر بێت، لەسەر هەموان پێویسته بنون، نامەوێ گوێم له یەك دەنگی تر بێت، (لەناو سەیارەکانەوە گوێی له دەنگی ناڕەزایی و پرتەوبۆڵەی ناڕازیبون دەبێت).

**دیلا**: ئەوە چییە؟ ئایا بەڕێزان ناڕازین؟(دیلا ساتێك ڕادەوەستێت بۆ ئەوەی بتوانێت گوێ بگرێ، لەپاشان بۆڵەیەکی ناڕازی له سەیارەی"3"دەردەچێت) وس بن.

**دەنگی پیاوێك**: (له سەیارەی"3" ) ئێمە تەنها خەریکی نوێژ کردنیین!

**دیلا**: (سەری لەنێوان پەردە گونیاوییەکانەوە که پەنجەرەکانی سەیارەی "3"یان داپۆشیوە دەباتە ژورێ) ئێوە وادەزانن من هێشتا پەنجەی خۆم دەمژم؟ ئێوە دوو تەوەزەلن، (له ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەوە ڕووی قسەی دەکاتە هەموان) ئەوەی دەیەوێت نوێژ بکات با بیکات، بەڵام بەبێ ئەوەی دەنگی لێوەبێت. (سەرلەنوێ دەنگی ناڕەزایی) وس بن. لەسەر هەموان پێویسته بنون، لەبیرتان نەچێت من شەو نامەوێت بەهۆی ئێوەوە لەخەو هەستم.(دیلا زەنگەکه زیاد له جارێك ڕادەوەشێنێت و دەچێتەوە ناو سەیارەی "ئەلف". دەنگی ناڕەزایی دەبیسرێت. بێدەنگی. گەنجێکی

وەرزشەوان لەلای ڕاستەوە بە هەنگاوی ڕێکوپێك دێتە ژورەوە، ئەوە تیۆسیدۆیە، بەژنوبالآی وێنەی وەرزشەوانێکی هەزەلییە، شێوەی ڕۆشتنەکەشی دیسانەوە لە شێوەی ڕۆشتنی وەرزشێکی هەزەلی دەچێت، جلوبەرگی وەرزشەوانی لەبەردایە، لەسەر سنگی ژمارە (456) نوسراوە، لە تەنیشتییەوە لاسکایە، لاسکا لەپێشەوەیە، قژی سپییە، وادیارە لاسکا نازانێ ماندوبون چییە. لە کاتێکدا لەلای ڕاستەوە دەچن بۆ لای چەپ، بەردەوام هانی تیوسیدۆ دەدات).

**لاسکا**: سنگت.(بێدەنگی) هەناسەدان، هەناسەدانت لەبیر نەچێت (بێدەنگی). یەك ..دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو. (بێدەنگی)، چەناگەت بەرزکەوە، پێش هەموو شتێك هەناسەدانت لەبیر نەچێت، یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو (لاسکا ماندوبونی پێوە دیار نییە، بەلآم تیۆسیدۆ وادیارە زۆر ماندووە. دوای ئەوەی لەلای ڕاستەوە دەچنە لای چەپ، لەلای چەپەوە دەچنە دەرێ، دەنگی لاسکا هەر دەبیسرێت، یەك.. دوو.. یەك.. دوو. بێدەنگی. سەرلەنوێ لە سەیارەی "3" هەراوهۆریایەك دەبیسرێ. کەسێك لەناو سەیارەکەوە گلۆپێك دادەگیرسێنێ، لە مابەینی پەردەکانەوە ڕۆشناییەکی کز دەبینرێ، لەناو سەیارەی "3" ژن و پیاوێك کە تەمەنیان حەفتا ساڵە خەریکی قسەکردنن. جەماوەر ئەم ژن و پیاوە نابینن).

**دەنگی ژنێك**: خۆشەویستەکەم ئەوە چیتە؟

**دەنگی پیاوێك**: ناتوانم بە ئیسراحەت بنوم. شتێك هەیە ناڕەحەتم دەكات.

**دەنگی ژنێك**: ئایا خەتای ئەوەیە سوكانی سەیارەكە چەقیوەتە گورچیلەكانت؟

**دەنگی پیاوێك**: نەخێر، خەتای ئەوە نییە. ئەوە جێگاكەیە كە ناڕەحەتی كردوم.

**دەنگی ژنێك**: دەتەوێت شوێنەكانمان بگۆڕینەوە؟

**دەنگی پیاوێك**: باشە (خشە خشێك دەبیسرێ، سەرچاوەكەی لە جوڵەی شوێن گۆڕینەوەكەوەیە. بەریەككەوتن.دەنگی پیاو ژنەكە: "وەرە"،"واپاڵم پێوە مەنێ"،"ئەوە من نیم پاڵت پێوە دەنێم"، "ئاگات لە قاچم بێت"..هتد. لە كۆتایدا و پاش ئەوەی ماندوبوون بێزاریان دەكات، خشەخشەكە ڕادەوەستێت).

**دەنگی ژنێك**: خۆشەویستەكەم ئێستا ئاسودەیت؟

**دەنگە پیاوێك**: بەڵی، ئێستا زۆر باشترم.

**دەنگی ژنێك**: هیچ شتێكی دیكەت دەوێ؟

**دەنگی پیاوێك**: نەخێر، بابزانین دەتوانین بەهێمنی بخەوین(پاش كەمێك) ئایا داواتكرد بەیانی بەرچایمان بۆ بهێننە سەر سیسەمەكە؟

**دەنگی ژنێك**: ئۆو.نەخێر..لەبیرم چوو. گوێی مەدەرێ، هەرئێستا بانگی گارسۆنەكە دەكەم (خشەخشێك لە ئەنجامی

جموجوڵەوە دروست دەبێت و لەکۆتایدا گوێبیستی هۆڕنی سەیارەی"3" دەبین کە جارێکی دیکەش لێدەدرێتەوە. لە سەیارەی "ئەلف" گارسۆنێکی شیك کە زۆر بەجوانی هەڵسوکەوت دەکات، دێتەدەرێ. ئەوە "میلۆس "ە. بەرەوڕوی سەیارەی"3"دەڕوات، دوای ئەوەی لە دەرگای سەیارەکە دەدات لەمابەینی پەردەکانەوە سەر ئەباتە ژورێ).

**میلۆس**: چیتان دەوێت؟

**دەنگی ژنێك**: لەبیرمان چوو پێت بڵێین بەیانی بەرچایمان بۆ ئامادە بکەیت؟

**میلۆس**: ئایا دەتانەوێت بۆتان بێنمە سەر سیسەمەکە؟

**دەنگی ژنێك**: بەڵێ.

**میلۆس**: حەزتان لەچییە بیخۆن؟

**دەنگی ژنێك**: (پیاوەکە دەدوێنێ) چیت دەوێت؟

**دەنگی پیاوێك**: پێکێك عارەق.

**دەنگی ژنێك**: (میلۆس دەدوێنێ) کەواتە، دوو پێك عارەقمان بۆ بێنە.

**میلۆس**: بەداخەوە.. هیچمان نییە لێی.

**دەنگی پیاوێك**: (بەتوڕەبونەوە) هیچتان نییە لێی؟ ئاه لەم چاڵە پیسەی کە بەدەستی خۆمان خۆمان خستە ناوییەوە! تەنانەت عارەقیشت نییە. چەندم پێ وتیت ئەم شوێنەم هەرگیز بەدڵ نییە، بەلام بێدەنگ بویت. (قسە لەگەڵ میلۆس دەکات) ئەی کەواتە چیتان هەیە؟

**میلـــۆس**: ناوکمان هەیە"*"، بسکیتمان هەیە لەسەر شێوەی کولێرە، فاسۆلیای تەڕی زۆر باش.

**دەنگی پیاوێك**: ئاوتان هەیە؟

**میلۆس**: بەڵی گەورەم، ئاوێکی زۆرمان هەیە.

**دەنگی پیاوێك**: کەواتە دوو کوپ ئاوی گەرممان بۆ بێنە.

**میلۆس**: دوو کوپەکەتان چۆن دەوێ، گەورەبن یاخود بچوکبن؟

**دەنگی پیاوێك**: گەورەبن.

**میلۆس**: هیچ شتێکی دیکەتان دەوێت؟

**دەنگی پیاوێك**: نەخێر..هیچی ترمان ناوێت.

**میلـــــــۆس**: بەسەرچاو گەورەم، تەنها لەسەرتانە بانگم بکەن، شـەوتان شـاد(میلـۆس جووتـە پێـڵاوە فڕێدراوەکـەی تەنیشـت سەیارەی"2"دەبینێت، هەڵی دەگرێ و دەیپشکنێ، لەپاشان لەسەر کۆمـەڵێ شـتی پیسـی دیکـە دایدەنێـت. بـەرەوڕوی سـەیارەی "ئەلف" دەڕوات و فڵچەیەکی لێدەردەهێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای سـەیارەی "2" زۆر بـە جوانـی تفێـك دەکاتـە سـەر پێڵاوەکـان، لەپاشـان تفەکـە بـەهۆی فڵچەکـەوە ئـەهێنێ بەسـەر پێڵاوەکـاندا، لەکاتێکدا ئەو پێڵاوەکان پاکدەکاتەوە، لـەلای ڕاسـتی شـانۆکەوە تیوسـیدۆ و لاسـکا دەردەکـەون، تیوسـیدۆ هـەر جلوبـەرگی وەرزشـەوانی لەبەردایـە و بـەڕێکوپێکی هـەنگاو دەنـێ، لـەجاری پێشـوماندوتر دیـارە. بـەڵام لاسـکا بەردەوامـە لەسـەر ئامۆژگـاری کردنی بەبێ ئەوەی نیشانەی ماندوبونی پێوە دیاربێت).

---

*لە دەقە عەرەبییەکەدا نوسراوە: "لدینا لب" دیارینەکراوە چ جۆرە ناوکێکە، بۆیە وەك خۆی هێشتمەوە.

**لاسکا**: هەناسەدان! هەناسەدانت! (پاش کەمێك) سنگت بۆ پێشەوە. ڕاست بەرەوە و دامەیەرەوە. یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو (لەلای ڕاستی شانۆوە دەڕۆن بۆ لای چەپ، لەپاشان لەلای چەپەوە دەچنە دەرێ. میلۆس تەماشایان ناکات. ئەو بەهەمان جوانی و ڕێکوپێکیەوە هێشتا هەر خەریکی پاکردنەوەی پێلاوەکانە، دوای تەواوکردنی کارەکەی (پاکردنەوەی پێلاوەکان-و-) دەگەڕێتەوە بۆ سەیارەی "ئەلف"، پێش ئەوەی بچێتە ناوی دیلای لێدێتە دەرەوە)

**میلۆس**: (بەزۆر) بڕۆ ئەوەی پێم وتی جێبەجێی بکە.

**دیلا**: ڕێگەم بدە ئەمڕۆ ئەم کارە نەکەم.

**میلۆس**: (بەتوڕەبونێکی زۆرەوە) دەستت درێژکە (دیلا بەترسەوە دەستی بۆلای میلۆس درێژ دەکات، بەڕاستەیەك دووجار ئەکێشێ پیایا)

**میلۆس**: دەستەکەی ترت (ڕاستەکە دووجار ئەکێشێ بەم دەستەی تریشیدا)

**میلۆس**: ئێستاش بڕۆ ئەوەی پێم وتی جێبەجێیکە (دیلا بەدڵ پڕییەوە بەرەوڕوی سەیارەی "1"دەڕوات و لەمابەینی پەردە گونیاویەکانەوە سەری دەباتە ژورەوە، لەوکاتەدا میلۆس لەپاڵ سەیارەی "ئەلف"ڕاستاوە و چاودێری دیلا دەکات).

**دیلا**: گەورەم، بهێڵە ماچت بکەم (دەنگی ماچکردن) سوپاس، (دیلا بەردەوام دڵی پڕە و بەرەوڕوی سەیارەی "2"دەڕوات).

**دیلا**: ئەوە چیتە، تائێستا نەنوستویت؟.

**دەنگی پیاوێك**: (بەناخۆشییەوە) کەی واز لە تەنگ پێهەڵچنینم دەهێنی؟ بێزار بوم لە هاتنی هەموو شەوێکت بۆ ئەوەی ئەم سوکایەتییە بنوێنی..

**دیلا**: ماچێکم بەرێ.

**دەنگی پیاوێك**: هەزارجار پێم وتیت نەخێر، بەردەوامیش پێت دەڵێم نەخێر.

**دیلا**: تکایە.

**دەنگی پیاوێك**: پێم وتیت وازم لێبێنە (وادیارە دیلا هەوڵئەدا ماچێکی لێ بسێنێ، لە کۆتایدا دەتوانێ ماچێکی بکات. میلۆس بەخۆشییەوە تەماشای ئەو دیمەنە دەکات. دیلا دەچێت بۆلای سەیارەی "3". دەنگی ماچکردنێك دەبیسرێ، یەکسەر ئەم گفتوگۆیەش لەناو سەیارەی "3"وە دەبیسرێ).

**دەنگی ژنێك**: ئەوە چییە؟

**دەنگی پیاوێك**: هیچ نییە(دیلا دەڕوات بۆلای سەیارەی"4" لەمابەینی پەردەکانەوە سەری دەباتە ژورێ. دەنگی ماچێك دەبیسرێ)

**دەنگی پیاوێك**: ماچێکی دیکە (دەنگی ماچێك دەبیسرێ).

**دەنگی پیاوێك**: سوپاس.(دیلا دەچێت بۆلای سەیارەی "5" میلۆس بەڕەزامەندییەوە هێشتا تەماشای دەکات).

**دیلا**: گەورەم، بهێڵە ماچێکت بکەم، سوپاس!(دیلا بەدڵی پڕەوە دەگەڕێتەوە بۆلای میلۆس).

**میلوس**: پێویسته جارێکی دیکه ئەوه لەبیرنەکەیت (دیلا دڵی پڕه و وەڵامـــی ناداتـــەوه و هـــەردووکیان بـــەرەو ســـەیارەی "ئـەلف"دەڕۆن. میلـۆس دەست دەخاتـه سەر شانی دیـلا. دەچنه ناو سەیارەی"ئەلف". پرخەیـەکی هێمن. تیوسیدۆ لـەلای ڕاسـتەوه بـه مـاندویی دێتـه ژورێ، بـەڵام هێشـتا بەرێکوپێکی دەڕوات، لاسکا لـه پێشـییەوەیه و چـاودێری ڕۆیشـتنەکەی دەکـات، بەبێ ئـەوەی نیشـانەی مـاندوبونی پێوه دیاربێت).

**لاسکا**: یەك.. دوو.. یەك.. دوو..یەك..دوو..یەك..دوو..یەك..دوو(لەلای ڕاسـتی شـانۆوه دەڕۆن بـۆلای چـەپ، لـەلای چەپـەوه دەچنـه دەرێ. ئیمـانۆ لـەلای ڕاستەوه دێتـه ژورێ و "ترومپیـت"ێکـی بەدەستەوەیه، بەدەستەکەی دیکەی سەبەتەیەکی هەڵگرتوه و لەسـەر زەوییەکـه دایدەنـێ. بـه ترومپیتەکـەی پارچەیـەك لــه "ئارمسترۆنگ"دەژەنێ. ژەنینەکه ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت، بێدەنگـی دەورەی داوه. دیــلا ســەری لــه ســەیارەی"ئــەلف" دێنێتـه دەرێ و بـه پەرۆشـەوه لـه ئیمـانۆ دەڕوانـێ، میلــۆس بـــەزۆری ڕایدەکێشـــێته ژورەوه و پـــەردەکانیش دادەخـــات. ئیمانۆ له ژەنین ڕادەوەستێت. بێدەنگی. له پشتەوەی شانۆ و لـەلای ڕاسـتەوه دەنگـی ژەنینـی کلارنێـت دەبیسـرێ، ئیمـانۆ دەسـت دەکاتـەوه بـه ژەنـین، پێدەچـێ دڵـی خـۆش بێــت. بێدەنگی.له پشتەوەی شانۆ و لەلای چەپـەوه دەنگـی ژەنینـی ساکســـفۆن دەبیســـرێ، لەهـــەمان کـــاتدا ژەنینـــی کلارنێـــت دەبیســـرێت، لەهـــەمان کـــاتدا ئیمـــانۆ ترومپیتەکـــه دەژەنـــێ.

بێدەنگی. توبی لەلای ڕاستەوە دێتە سەرشانۆ و کلارنێتێکی بەدەستەوەیە، لەلای چەپیشەوە فودیر بە ساکسفۆنێك و سێ چەرپاوە[1] دێتە ژورێ، چەرپاکان ڕادەخات تا هەرسێکیان لەسەری بخەون. بەخۆشی و گاڵتەوە تەوقە لەگەڵ یەکدی دەکەن).

**ئیمانۆ**: لە مێژە من چاوەڕوانتان دەکەم.

**توبی**: تۆ ناتوانیت پێمان بڵێت ئێمە درەنگ هاتوین (فودیر سێ چەرپاکە ڕادەخات، هەرسێکیان بە ئیسراحەت لەسەری دادەنیشن. وا دەردەکەوێت فودیری لاڵ دەموچاوێکی گوزارشت کەری هەیە. زمانی ئاماژە[2] لای ئەو زۆر خۆش و پێکەنیناویە. ئەو هەموو جارێ پشتگیری ئەو قسانە دەکا کە ئیمانۆ دەیکات و وادیارە زۆر سەرسامە بە ئیمانۆ).

**توبی**: کەی بڕۆین بۆ ژەنین؟

**ئیمانۆ**: ئێستا نا تاوێکی تر.

**توبی**: ئەم شەو دێن بۆئەوەی بمانگرن؟

**ئیمانۆ**: دەڵێن ئەم شەو دێن، بەڵام وەك هەموو جارێکی دیکە دەتوانین خۆمان دەرباز بکەین.

**توبی**: ئایا ئاهەنگی سەماکردنەکە زۆر دەخایەنێت؟

**ئیمانۆ**: تا دەمەوبەیانی

**توبی**: کەواتە تا بێتاقەت دەبین مۆسیقا دەژنین.

**ئیمانۆ**: پێویستە لەسەرمان وابکەین.

**توبی**: دەبێ بەشوێن ئیشێکی تردا بگەڕێن کە دەسکەوتی زیاتر هەبێت.

**ئیمانۆ**: بیرم لەوە کردۆتەوە.

**توبی**: بیرت لەچی کردۆتەوە؟

**ئیمانۆ**: دەتوانین ببین بە دز.

**توبی**: دزی لەوانەی دزی دەکەن؟

**ئیمانۆ**: بەڵێ

**توبی**: (بەڕەزامەندی و سەرسوڕمانەوە) ئاوا؟

**ئیمانۆ**: بەم ڕێگایە پارەیەکی زۆرمان دەبێت و ئیدی پێویست ناکات بە ژەنین خەڵکانێك مەست بکەین. لەباتی ئەوەی مەستیان کەین تەنها پارەیان دەدەینێ.

**توبی**: ئاه..ڕاست دەکەیت!

**ئیمانۆ**: لەسەر و هەموو ئەمانەشەوە، ئێمە پلەوپایەیەك بەدەست دێنین. کاتێ یەکێك دەبێتە خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆر دەبێـە کەسێتیەکی پایەدار

**توبی**: (لەپڕێکدا) ئایا دواتر دەتوانین ببین بە پیاوکوژ؟

**ئیمانۆ**: بۆنا؟

**توبی**: (بەڕەزامەندییەوە) ناوەکانیشمان لە ڕۆژنامەکاندا دەردەکەێت.

**ئیمانۆ**: چۆن گومان لەوە دەکەیت؟

**توبی**: بەڵام کاری پیاوکوژی زۆر قورسە.

**ئیمانۆ**: هیچ دەرفەتێك بۆ بەراورد کردن نییە، کاری پیاوکوژی زۆر قورس و گرانترە لە کاری دزی، جگە لەوە دەبێت بەختێکی زۆر یاوەرمان بێت.

**توبی**: ڕاست دەکەیت. تاوانکردن ڕەنگە هێجگار ئاڵۆز بێت.

**ئیمانۆ**: گێرمە و کێشەی زۆری هەیە، یا ئەوەتا کراسەکەت  بە پەڵە خوێنێك پیس دەبێت یاخود شوێنەوارێك بۆ تاوانەکەت جێدەهێڵی.

**توبی**: (قسەکەی  پێ دەبڕێت) ئاه! زۆر جار گوێم لەمەسەلەی ئەم شوێنەوارە بووە.

**ئیمانۆ**: بەپێی ئەوەی من گوێم لێبوە، زۆر جار قوربانیەکە دەقیژێنێ.

**توبی**: دەقیژێنێ؟

**ئیمانۆ**: بەڵێ، ئەو نایەوێت بکوژرێت.

**توبی**: (وەك ئەوەی خەو ببینێ) لەوانەیە ئەم مەسەلەیە شتێکی جوان بێت.

**ئیمانۆ**: بەڵام من بۆت دووبارە دەکەمەوە ئەمە زۆر زەحمەت و مەترسیدارە.

**توبی**: ئایا لە توانای کەسێکدا نییە یەکێك بکوژێ بەبێ ئەوەی توشی بەڵا نەبێت؟

**ئیمانۆ**: بەڵێ دەکرێ. پێویستە  شتەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا رێکخرابن. هەروەها رێگەیەکی تایبەتیش هەیە، بەڵام مرۆ لەسەری پێویستە کۆششێکی زۆر بکات.

**توبی**: چۆن؟

**ئیمانۆ**: وەك ئەوەی دادوەر بێت.

**توبی**: ئایا دادوەرەکان وەك پیاوکوژەکان دەسکەوتیان دەبێت؟

**ئیمانۆ**: بەڵێ، ئەوان زۆریان دەستدەکەوێت؟

**توبی**: ئەی کێ دەکوژن؟

**ئیمانۆ**: ئاسانە. ئەوان ئەوانە دەکوژن کە ئیشی خراپە دەکەن.

**توبی**: بەڵام چۆن دەتوانن بزانن ئەم کارە یاخود ئەو کارە خراپە؟

**ئیمانۆ**: دەزانن چونکە ئەوان زیرەکن.

**توبی**: بەڵێ، ئەوان دەبێ وابن. بەڵام ئایا ئەوان هەموو کاتێ دەزانن، هەموو کاتێ دەزانن ئەم کارە یاخود ئەوی دیکە خراپە؟

**ئیمـــانۆ**: هـەموو کاتـێ، هـەموو کاتـێ ، پێـم وتیـت ئـەوان زیرەکـن. هەروەها لەسەریان پێویستە کۆششێکی زۆر بکەن تابەلای کەمـەوە لـە دوانـاوەندی دەرچـن، ئەمـە جگـە لــە هــەندێ کاروباری دیکە.

**تونی**: ئای لەوانە چەند بلیمەتن! ئەوان بەم ڕێگایـە دەتوانـن بزانـن! (لەسەیارەی"2"دەنگی هۆڕنێك دەردەچێت، ئیمانۆ و توبـی هـەردوکیان بـەبێدەنگی چاوەڕوان دەبن. دەنگــی هۆڕنەکـە دوبـــارە دەبێـــەوە. میلـــۆس لــــە ســــەیارەی"ئـــەلف" بەپۆشتەوپەرداخی دێتە دەرێ، لەوکاتەدا هەرسێ هاوڕێکە چاودێری دیمەنەکە دەکەن. میلۆس بەرەوڕوی سـەیارەی "2"دەڕوات و ســەری لــە مابــەینی پەردەکانــەوە دەباتـــە ژورێ).

**میلۆس**: گەورەم چیت دەوێ؟

**دەنگی پیاوێك**: (بەتوڕەبونێکی وشکەوە) کارەکەرەکەم دەوێت.

**میلۆس**: گـەورەم هـەر ئێستا بۆت بانگ دەکـەم، هیـچ شتێکی دیکـەت دەوێ گەورەم؟ (بێدەنگی) شەوباش گەورەم. (میلۆس دەچێتـە نـاو سـەیارەی "ئـەلف"یەکســەر "دیـلا"ی لێدێتـە دەرەوە و ژێرکراســێکی لەبەردایــە، خەریکــە دەگریــەت، بــەرەو ڕوی ســەیارەی "2" دەڕوات و ســەری لــە مابــەینی پەردەکانـــەوە دەباتە ژورێ).

**دیلا**: ئێوارە باش گـەورەم..(پێش ئـەوەی قسـەکەی تـەواوبکات دەستی پیـاوێك بـەتوندی ڕایدەکێشێتە ژورەوە، ئیمـانۆ و توبـی و فودیـر بەهێمنی چاودێری حاڵەتەکە دەکەن).

**توبـــی**: ڕاستییەکەی ئیمانۆ من بێزار بووم لـەوەی هـەموو شـەوێ بـە بەردەوامی مۆسیقا بژەنم.

**ئیمانۆ**: بەڵام توبی هەژارەکانیش مافیخۆیانە سەما بکەن، ئەوان لەبـەر ئـەوەی پـارەی تـەواویان نییـە تـا بـڕۆن بـۆ سەماگاکان...

**توبی**: ئێمە تەحەمولی دەرئەنجامەکەی دەکەین.

**ئیمـــانۆ**: ئـەوە چ گرنگیـەکی هەیـە بـەلای تـۆوە؟ هۆکـەی ئەوەیـە تەنـها ئێمەین کە دەزانین مۆسقا بژەنین..

**توبی**: ئەمە با جارێك یان دووجار ڕوویدات. بەڵام ئێمە هـەموو شـەوێك دێین بۆ ئێرە.

**ئیمــــانۆ**: هـەموو شـەوێ، تاوایلێـهاتووە چیـتر نـازانم ژمـارەی ئـەو شەوانەی هاتوین بۆ ئێرە چەندە.

**توبی**: لەبەر ئەوەی ئێمە بۆمان نییە مۆسیقا لێبدەین تەنها لـە شـوێنی کراوە و بەربڵاودا نەبێت، بۆیـە ئێمـە هـەموو وەختێك ئەگـەری ئـەوەمان لێدەکـری بمـانگرن و بمانخەنـە زیندانـەوە. دەزانـی ئەوان ئەم شەو دێن بۆ ئەوەی بمانگرن.

**ئیمانۆ**: شپرزە مەبە، دەتوانین خۆمان دەربازبکەین.

**توبـــی**: لەپاشـان ئـەم خـوە دەرکـەوت.... خـوی ئـەوەی بەروانکـەی خورییـان بـۆ بڕێسیت! کـاتێکیش توشـی خۆشەویستی دەبـن گوڵیـان پێدەبەخشـی. دڵنیـات دەکـەم مـن ئاواتـە خـوازم هەژارێکی دەستکورت و نەداربم وەك ئەوان.

**ئیمانۆ**: بەڵام بیرت نەچێ پێویستە لەسەرمان باش بین.

**توبی**: ئەوە چ سودێکیدەبێت بۆمان؟

**ئیمانۆ**: لەبەر ئەوەی کاتێ کەباش دەبین (وەك ئەوەی گوتارێك بخوێنێتەوە) لە ناوەوەماندا هەست بە خۆشبەختییەکی زۆر دەکەین، سەرچاوەکەی ئەو هێمنییەیە کە باوەشی بە ڕۆحا کردوە، چونکە ئێمە لاسایی وێنەی مرۆڤێکی نمونەیی دەکەینەوە.

**توبی**: تۆچەند مەزنیت! هەرگیز هەڵە ناکەی، تەنانەت لە تەسکترین سنوریشدا. ئەمە جگە لەوەی تۆ کە قسە دەکەیت قسەکانت نابڕیت بۆئەوەی هەناسە بدەیت، ئەمەش شایەنی سەرسامبونی زیاترە.

**ئیمانۆ**: بەڵێ، لەم پەڕەوە بۆئەو پەڕی هەموویم لەبەرە.

**توبی**: من وایدەبینم بۆ ئەوەی هەژارەکان لەم ژیانە ناخۆشە بەدوور بگرین، پێویستە هەموویان بکوژین.

**ئیمانۆ**: سالانێکی دوورودرێژە خەڵکانیکی دیکە هەوڵی ئەوەیان داوە، بەلام نەیانتوانیی جێبەجێی بکەن، گەرچی خاوەن دەسەلاتیش بوون.

**توبی**: کەواتە هیچ چارەیەك نییە!

**ئیمانۆ**: ئێمە نازانین گەر ئەگەری چارەسەرێك هەبێت. بۆ ئەوە پێویستە کتێبێکی زۆری ئابوری بخوێنینەوە. بەلام واز لە ژەنینی شەوانە ناهێنین.

**توبی**: وەك دەزانیت ئەوەی مەسەلەکەی زیاتر خراپکردوە ئەوەیە ئەوانی تر لە دژت هەڵگەڕانەوە. لەوکاتەوەی خواردنت دا بەوانەی بەتاکە نانێك و قوتویەکی ماسی سەمایان دەکرد، وایانلێهاتوە ڕێزت نەگرن و تۆیان بەدڵ نەبێت. ناهێڵن

بەبێوەی بژێت، نە ئەوان و نە پۆلیس(تیوسیدۆ لەلای ڕاستەوە دێتە ژووری و شەکەت دیارە.بەڵام هێشتا بە هەنگاوی ڕێکوپێك دەڕوات، لاسکا لە دوایەوەیەو نازانێ ماندوبوون چییە و بڵندگۆیەکی بەدەستەوەیە).

**لاسکا**: بۆ ئەوەی ژمارەی پێوانەیی بشکێنیت پێویستە زیاتر خۆت ماندوبکەیت(پاش کەمێك) بە ماندوبونێکی کەم دەتوانیت پاڵەوانیەتییەکە ببەیتەوە. بەردەوام بە، بەردەوام بە (پاش کەمێك) بابزانین ئەم جارە ژمارەی پێوانەیی دەشکێنیت، (لاسکا و تیوسیدۆ لەلای ڕاستی شانۆکەوە دەپەڕنەوە بۆ لای چەپی شانۆکە، لەوکاتەدا هەرسێ هاوڕێکە بە فزوڵەوە سەیریان دەکەن، بەڵام بەبێ سەرسوڕمان).

**ئیمانۆ**: بەڵام، گەر ئێمە وازمان لە ژەنین هێنا، کێ هەیە مۆسیقا لێبدات؟.

**توبی**: تۆ لەوەدا لەسەر حەقی.

**ئیمانۆ**: جگەلەوە لەشەودا سەرماکە توندو زیاترە، دەتوانیت حاڵەتی ئەوان بێنیتە بەرچاوت گەر سەمایان نەکرد.

**توبی**: پێویست ناکات ئەمەم پێ بڵێیت، من کاتێ کلارنێتەکە دەژەنم لەسەرمایا ڕەق بومەتەوە.

**ئیمانۆ**: بەڵام نابێ ئەوەت لەبیر چێت کە چەندین جار بۆم دووبارە کردویتەتەوە، کاتێ شتێکی باشتریان بۆ ئەدۆزینەوە و هێندەی ئێستا ماندومان ناکات، ئیدی واز لە ژەنینی شەوانە دەهێنین (دەنگە دەنگێکی گەورە لەلای ڕاستەوە و لەپشتی کەوالیسەوە هەڵدەسێ و دەپرسن: ئەو مۆسیقا ژەنانە کەی

دێن؟ بێزاربوین لە چاوەڕوانی. هەموو شەوێ لەشەوی پێشو درەنگتر دێن. ئەمە سوکایەتیکردنە بە ئێمە. هەموو بەیەك دەنگ: مۆسیقا.. مۆسیقا).

**توبی**: ئەوتا گوێت لێیانە.

**ئیمانۆ**: بەڕاست، چۆن هاوار دەکەن!

**توبی**: گەر هەر ئێستا نەڕۆین، نازانم چیمان بەسەر دێت.

**ئیمانۆ**: ڕاوەستە تا ئەم ڕیزە تەواو دەکەم،(ئیمانۆ کە تا ئەم کاتە خەریکی ڕستنی بەروانکە خوریەکەیە، پەلە پەل لە ئیشەکەیدا دەکات. دەنگە دەنگ لە ژورەوە و لەلای ڕاستەوە: "مۆسیقا..مۆسیقا..مۆسیقا" یەکێکیان: ئاخۆ ئەو مۆسیقا ژەنانە چی دەکەن. بۆچی نایەن؟)

**توبی**: بابڕۆین. دوایی قسەمان پێدەڵێن.

**ئیمانۆ**: وەك هەموو جارێك کردویانە!

**توبی**: خەتای خۆمانە، دەبوایە ئێستا لەسەر سەکۆکە بوینایە.

**توبی**: باشە، خوات لەگەڵ (توبی و فودیر لەلای ڕاستەوە دەچنە دەرێ. پاش تاوێ ئاپۆرەی خەڵکەکە دەست دەکەن بە فیکە لێدان. لە نێو ئەو هەراوهوریایەدا دەتوانرێ دەنگی چەند چەپڵەیەك جیابکرێتەوە، پاش ئەوە بەماوەیەکی کەم مۆسیقا دەستپێدەکات، ئەم مۆسیقایە لە دیمەنەکانی داهاتودا بەکزی دەبیسرێت. تەنها مۆسیقای جاز و ڕۆك ئەندرول لێدەدرێ. دوای ئەوەی توبی و فودیر دەچنە دەرەوە، ئیمانۆ بەرەو لای ڕاست دەڕوات تا دڵنیابێت لەوەی ماوەیەکی باش دوورکەوتونەتەوە، لەپاشان لە سەیارەی "2"نزیك دەبێتەوە).

**ئیمانۆ**: (وەك ئەوەی بە چرپە قسە بکات) دیلا، دیلا.(بێدەنگی). دیلا (بێدەنگی. بەدەنگی بەرز) دیلا، من لێرەم.

**دەنگی پیاوێك**: (لەناو سەیارەی "2" بەرپسوایی) نەختێك ڕاوەستە. هەرئێستا تەواو دەبم (بێدەنگی. ئیمانۆ بەوپەڕی نائارامییەوە چاوەڕوانە. لە کۆتایدا دیلا سەری دێنێتە دەرەوە و خۆی ئامادەکردووە بێتە دەرەوە. بەلاّم دەستی پیاوەکە جارێکی تر ڕایدەکێشێتەوە بۆ ناوەوە. بێدەنگی. ئیمانۆ چاوەڕوانە و سەبرو تەحەمولی نەماوە. دواجار دیلا زۆر بەتوندی لە سەیارەی "2" وەوە دێتە دەرێ و دەکەوێت بە ئەرزا، ئیمانۆ لێی نزیك دەبێتەوە).

**دیلا**: تۆ دەزانی ئەو تا چ ئاستێ دڵپیسە.

**ئیمانۆ**: نامانبینێ، گەر بینینیشی ئەوا پێی دەڵێین ئێمە خۆمان بەیاری ئاشە بەتەنورەوە(3) خەریککردوە.

**دیلا**: بەلاّم ئیمانۆ پێویستە لەسەرت بڕۆیت کلارنێتەکە بژەنیت بۆ سەماکەران.

**ئیمانۆ**: مەسەلەکە تەنها چەند دەقیقەیەکی کەم دەخایەنێت (لەپڕێکدا) منت خۆش ناوێت؟

**دیلا**: با...بەلاّم.

**ئیمانۆ**: تێگەیشتم، تۆناتەوێ لەگەڵ من بڕۆی چونکە دەزانیت من شارەزایم نییە.

**دیلا**: ئەوە گرنگ نییە بەلامەوە، من شارەزاییەکی زۆرم هەیە.

**ئیمـــانۆ**: دیلا کەواتە پێویستە لەسەر هەریەکێکمان یارمـەتی ئـەوی دیکەمان بدات.

**دیلا**: (خۆی ئەدات بەدەستەوە) باشە. بابڕۆین(هەریەك لە ئیمانۆ و دیلا لـە پشتەوەی سـەیارەی "ئـەلف" وندەبـن، بەشـێوەیەك جـەماوەر نایـانبینن. لـەلای ڕاسـتەوە کـە سـەمای تێـدا دەکـرێ، دەنگـی مۆسیقای ڕۆك ئاند کە ئیقاعەکەی خێرایـە بەرزدەبێتـەوە، تەنـها چـەند سـاتێکی کـەم تێدەپـەڕێت، کاتـێ میلـۆس لـە سـەیارەی "ئەلف" دێتـە دەرێ و خۆی ئەدا بەسەر پێشـەوەی سـەیارەکەدا، ئـەوە دەبینێـت کـە لەپشـتەوە ڕوددەدات. لەوکاتـەدا ڕوخسـاری میلۆس ڕەزامەندی و دڵخۆشی پێوە دیارە، دەمودەست بەرەوڕوی سـەیارەی"2" دەڕوات و لـە مابـەینی پەردەکانـەوە سـەر دەباتـە ژورێ و قسە لەگەڵ ئەوپیاوەی لەناوەوەیە دەکات).

**میلۆس**: سەیرکە دیلا چی دەکات؟(پێدەکەنێ) ئاگاداربە نەتبینێ. لە مابەینی پەردەکانەوە تەماشای بکە، (پێدەکەنێ.پێکەنینێکی کورت لەو پیاوەی لەناو سەیارەی "2"دایە دەبیسرێ، میلۆس بە هێواشی لە پشتەوەی سەیارەکە خۆی دەشارێتەوە. ئێستا پێکەنینێکی بەرز لەو پیاوەی لەناو سەیارەی"2" دەردەچێت. میلـۆس لـە مابـەینی پـەردەکانی سـەیارەی ژمـارە"3" سـەر دەردێنێ).

**میلۆس**: تەماشاکەن.. تەماشاکەن..(بێدەنگی). گـەر بەباشی لەپشتی پەردەکانـەوە خۆتـان بشـارنەوە ئـەوا دەتوانـن هـەموو شـتێك بەڕونی و بـە ئاشـکرایی ببینـن(پێدەکـەنێ، میلـۆس لەپشـتی سەیارەی"3" خۆی دەشارێتەوە، تا ئێستا دەنگی پێکـەنینی

كابرای ناو سەیارەی "2" هەردەبیسرێ، هەروەها دەنگی پێكەنینی ژن و پیاوەكەی ناوسەیارەی "3" دەبیسرێ. ژنەكە بەشێوەی هێستریا پێدەكەنێ).

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3" پێكەنینێكی پچڕ پچڕ) ئای لەو خۆشییە! سالآنێكە شتی وام نەدیوە (پێدەكەنێ).

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3" لەكاتی قسەكردنیدا پێدەكەنێ) چەند ناسك و نازدارن!(هەموو پێدەكەنن. میلۆس بەرەوڕوی سەیارەی "1" دەڕوات و لە مابەینی پەردەكانەوە سەری دەباتە ژورێ، بەئاشكرا دیارە بە پیاوی ناو سەیارەكەی وتوە. پێكەنینی خەڵكانی ناو سەیارەكانی،1،2،3،زیاد دەكات. هەروەهامیلۆسیش پێدەكەنێ.لەلای ڕاستەوە تیوسیدۆ دێتە ژورێ و لە جاری پێشو ماندوترە، وەك جاران بەهەنگاوی ڕێكوپێك دەڕوات، لاسكاش بەردەوامە لەسەر ئامۆژگارییەكانی. لاسكا ماندوبون نازانێ چییە. سەریان خەریكە بەریەك دەكەوێت،كە دەڕۆن وەك ئەوەی سەمای سامبا بكەن).

**لاسكا**: یەك..دوو..یەك..دوو..یەك..دوو..یەك..دوو..یەك..دوو هێندەی تاڵە دەزویەكت ماوە بۆ ئەوەی پاڵەوانیەتیەكە بەدەست بێنیت. خۆت زیاتر ماندو بكە.یەك..دوو..یەك..دوو..یەك..دوو. ئەوەتا نزیك دەبیتەوە.. ئەوەتا نزیك دەبیتەوە..(دوای ئەوەی شانۆكە دەبڕن لەلای چەپەوە دەچنە دەرێ. پێكەنینەكان دەوستێت و

میلۆســیش بــێ جووڵــە ڕادەوەســتێت، بــەڵام بەشــێوەیەکی ئابڕووبەرانە هەموویان دەست بە پێکەنین دەکەنەوە. میلۆس لە سـەیارەی "4"نزیـك دەبێـەوە، لەپاشـان لـە سـەیارەی "5"بـۆ ئەوەی هەمان قسەیان پێبڵێ):

**میلــۆس**: تەماشـاکەن..تەماشـاکەن..(پێدەکـەنێ) چـەند ناسـك و نـازدارن.. ئـەوە ژنەکەمـە (لەگـەڵ ئـەوەی هیـچ کەسـێ خـەڵکانی نـاو هـەر پێنـج سـەیارەکە نـابینن، بـەڵام پێکەنینـەکانیان وردە وردە توندتـر دەبێــت. لــەلای ڕاستەوە کۆمەڵێ وەرەقە کە شێوەی هەندەسی هەیە بۆی لای سیارەی "ئـەلف" فڕێـدەدرێ. لـە پڕێکـدا و بـەبێ هیـچ چاوەڕوانییـەك هـەمووان بێدەنـگ دەبـن. میلـــۆس بـــەترس و لـــەرزەوە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ســـەیارەی"ئـــەلف"، لەپێشـــەوە و لەسەرســـەری ســـەیارەکەوە بــۆ چرکەیــەك تەماشــای پشــتەوەی ســەیارەکە دەکـات. لـە دەموچـاویدا تـرس و بیـم دەبینرێت، بەخێرای دەچێتە نـاو سـەیارەی"ئـەلف". ماوەیـەکی درێـژ بێدەنگی. ئیمانۆ و دیـلا سـەرلەنوێ دەردەکەونەوە).

**ئیمــانۆ**: (بەشەرمەزارییەوە) دیلا لێم ببـورە.. لەڕاسـتیدا هاوڕێکـانم هـەرگیز لـەم بارەیـەوە قسـەیان بـۆ نـەکردوم، لەگـەڵ ئەوەشـدا کەمەکێك شارەزایم هەیە. بەڵام پێم خۆشە تەنها بۆ هـەندێ کات لەگەڵتابم.

**دیلا**: بۆچی هەموو شەوێ لەسەرتە هەمان درۆم بۆ بکەیت؟

**ئیمانۆ**: دیلا قسەی سوکم پێ مەڵێ.

**دیلا**: (بەلوت بەرزییەوە) پێویست ناکات هیچم پێبڵێیت، تۆ دەزانی من هەموو جارێ ڕازی دەبم.

**ئیمانۆ**: بەڵام من بۆ ئیحتیات بەم جۆرە هەڵسوکەوت دەکەم. بەڵێنت دەدەمێ لە ئێستا بەدواوە چیتر ناتخڵەتێنم.

**دیلا**: هەموو شەوێ هەمان بەڵێنم دەدەیتێ.

**ئیمانۆ**: سوێندت بۆ دەخۆم مەسەلەکە ئەم جارەیان جیاوازترە.

**دیلا**: هەموو کاتێ بڕوات پێدەکەم.

**ئیمانۆ**: دیلا دەمەوێ باش بم.

**دیلا**: ئیمانۆ هەروەها منیش دەمەوێ باش بم.

**ئیمانۆ**: تۆ بەڕاستی باشیت، هەمووان دەتوانن لەگەڵ تا بڕۆن.

**دیلا**: بەڵام من دەمەوێ باشتر بم.

**ئیمانۆ**: هەروەها منیش.

**دیلا**: لەوەش زیاتر. بەکەڵکی چی دێت گەر باش بین؟

**ئیمانۆ**: لەبەر ئەوەی ئێمە کاتێ باش دەبین(وەك ئەوەی وانەیەك بڵێتەوە لەبەرگەوە بۆ بەرگ لەبەریبێت) لەناوەوە هەست بەخۆشییەکی گەورە دەکەین سەرچاوەکەی ئەو هێمنییەیە کە باوەشی بەڕۆحا کردوە، چونکە ئێمە لاسایی مرۆڤی نمونەیی دەکەینەوە.

**دیلا**: هەرجارەی بەڕێگایەکی لێزان تر دەیڵێیت.

**ئیمانۆ**: (بەلوت بەرزییەوە)بەڵێ، لەتوانامدا نییە لەوە زیاتر داوا بکەم، زۆر باش فێری بووم.

**دیلا**: تۆ زیرەکیت و هەموو شتێك دەزانیت.

**ئیمانۆ**: (خاکیانە) هەمووشتێ! هەمووشتێ! لەو بڕوایەدا نیم، بەڵام بەلانی کەمەوە هەموو شتێ دەزانم. بەلانی کەمەوە شتە گرنگەکان، ئەمە جگە لەوەی من لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر هەمووی لەبەر دەکەم.

**دیــــلا**: من لەو بڕوایەدام شتێك لەناوەوەتدا هەیە. شتێکی جوان.(بێدەنگی) پێم بڵێ با بیرۆکەیەك لەوەی دەیزانی وەربگرم.

**ئیمــانۆ**: ئەزانم مرۆڤ چ سودێك بەدەست دەهێنێت گەر باش بوو.. ئەزانم کلارنێت بژەنم.. هەموو مانگەکانی ساڵ ئەزانم بەبێ ئەوەی هیچ یەکێکیان لەبیر بکەم.

**دیلا**: ئاوا؟

**ئیمانۆ**: هەموو ئەوانە باش دەزانم

**دیلا**: چەند مەزنیت! ئایا چۆنیەتەی سەلماندنی شتەکان دەزانیت وەك ئەوەی کەسایەتیە گرنگەکان دەیکەن؟

**ئیمانۆ**: بۆنا؟ بۆ ئەوە ڕێگەیەکی تایبەتیم هەیە هەرگیز هەڵە ناکات. داوام لێ بکە هەر شتێکت دەوێ بۆت بسەلمێنم، قورسترین شت کە بتەوێ.

**دیــلا**: بیسەلمێنە کەوا لە توانای زەڕافەدا هەیە لەسەرخۆ بڕواتە ناو مەسعەدێکەوە.

**ئیمــانۆ**: هیچ شتێك لەوە ئاسانتر نییە. زەڕافە دەتوانێ لەسەرخۆ بچێتە ناو مەسعەدەوە، چونکە دەتوانێ بچێتە ناو مەسعەدەکە.

**دیلا**: ئاه ئەو ڕێگایەی بەکارت هێنا بۆ سەلماندنی ئەوە چەند کارامەو لێزانانەیە.

**ئیمانۆ**: من هەموو شتێ بە هەمان ڕیگای قەشەنگ دەسەلمێنم!

**دیـــلا**: گـەر داوام کـرد پێچەوانـەی ئـەوەم بـۆ بسـەلمێنیت، گـەر داوام لێکـردی بیســەلمێنێ کــەوا زەڕافــە نــاتوانێت بچێتــە نــاو مەسعەدەوە.

**ئیمانۆ**: ئەمەیان لەوەی پێشوو ئاسانترە، هیچم لەسەر نیە تەنها ئەوە نـەبێت هـەمان ئـەو شـتە بسـەلمێنم، بـەلاّم بـە پێچەوانـەوە (دەقیقەیەك ڕادەوەستێ بۆ ئەوەی سەرنجی ڕاکێشێ) زەڕافە لە توانایدا نییە بچێتە ناو مەسعەدەوە، چونکە لـە توانـایدا نییە بچێتە ناوی.

**دیلا**: وەك شیعر [4]وتت. (بێدەنگی). من لەو بڕوایەدام کەوا تۆ شتێکت هەیە.. یان تۆ کوڕی.....

(ئاماژە بۆ ئاسمان دەکات لە پاشـان بـە گەمژەییـەوە دەڵـێ).. کـوڕی کەسایەتیەکی. کەسایەتیەکی.. زۆر گرنگیت.

**ئیمانۆ**: نا! دایکم زۆر هەژار و دەستکورت بوو، بۆی گێڕاومەتـەوە ئەو بـە ڕادەیـەك هـەژار و دەسـتکورت بـوە وای لـە خـەڵك کـردوە هەموویان لە ماڵەکانیاندا نەیگرنە خۆیان تا کاتـێ لـە دایـك دەبم. کەس بەزەیی پیا نەهاتۆتەوە، تەنها مانگایـەك و کەریك نـەبێت کە هـەردوکیان لەبـەردەمی دەرگایـەکدا ڕاوەسـتابوون. دایکـم چـوە حەوشـەکەوە و لەپاشـان منـی بـوو، بەگـەرمای هەناسـەدانی مانگـا و کەرەکـە گـەرمم بوەتـەوە. دایکـم دەڵـێ مانگاکــە لــە خۆشــی لــەدایك بــوونم دەســتی کــردوە بــە

بــۆڕە..بــۆڕ..کەرەکــەش دەســتی کــردوە بــە زەڕە زەڕ و لەراندنەوەی گوێیەکانی.

**دیلا**: کەس بەدەم یارمەتیدانی دایکتەوە نەچوە؟

**ئیمانۆ**: نەخێر، هیچ کەسێك.

**دیلا**: ئەی دوای ئەوە چی ڕویدا؟

**ئیمانۆ**: دوای ئەوە چوین بۆ یەکێك لە دێیەکان. باوکم ئیشی دارتاشی دەکـرد و منیـش یارمـەتیم ئـەدا لــە دروســتکردنی مــێزی نانخواردن و کورسیەکاندا، بەڵام شەوانە دەڕۆشتم بۆ ئەوەی فێری ژەنین بم لەسەر کلارنێت، تا تەمەنم گەیشتە سی ساڵ، ئیدی بەدایك و باوکمم وت من دەڕۆم کلارنێت بۆ ئەو هەژارانە دەژەنم کە هیچیان نییە، تا بتوانن لەکاتی شەودا سەما بکەن.

**دیلا**: لەوکاتەوە توبی و فودیر پەیوەندیان پێوە کردی؟

**ئیمانۆ**: بەڵێ (مۆسیقاکە دەوەستێت کە تا ئەو کاتە دەبیسرا.دەنگە دەنگێك لەلای ڕاستەوە دێت، ئەوە توبی یە هاوار دەکات: ئیمانۆ..ئیمانۆ..ئیمانۆ..) پێویستە بڕۆم ئەگینا تورە دەبن، (لــەلای ڕاســتەوە فودیــر دێتــە ژورەوە و بــە زمــانی ئامــاژە پێیدەڵــێ ئــەوان چــاوەڕوانی دەکــەن) خواحــافیز دیلا..خواحافیز.

**دیـلا**: خوات لەگەڵ ئیمانۆ (لە پڕێکدا بە دوودڵییەوە) گوێگرە، ئایا ئەمڕۆ پۆلیس دێت بۆ ئەوەی بتان گریٚ؟

**ئیمانۆ**: لەوبڕوایەدام. پێمان دەڵێ ٚیت؟

**دیلا**: ئەی چۆن.

**ئیمانۆ**: خواحافیز.

**دیلا**: خوات لەگەڵ (ئیمانۆ و فودیر لەلای ڕاستەوە دەچنە دەرێ. پاش ساتێك سەرلەنوێ مۆسیقای جاز دەبیسرێ. ماوەیەك بێدەنگی. دیلا بەتەنها لەسەر شانۆکە دەمێنێتەوە. بە توندی دەکێشێت بە دەرگای سەیارەی "ئەلف") وەرە دەرەوە لێرە، خۆت مەشارەوە. وەرە دەرەوە ئەی گەلحۆ،(پاش تاوێك میلۆس بەترسەوە دێتە دەرێ و سەری شۆڕکردۆتەوە) سەرت شۆڕمەکەرەوە. تەماشام کە (بەتوندوتیژی هەڵسوکەوت دەکات، توند و تیژییەکەی پلە پلە زیاد دەکات)پێت دەڵێم! تەماشام کە! گوێت لێم نییە؟ سەرت بەرزکەرەوە(میلۆس بەترسەوە سەری بەرز دەکاتەوە) چەند جارم پێ وتیت پێویستە لەسەرت وازم لێبێنی لە کاتی....

**میلۆس**: دیلا.. نەمدەزانی تۆ...

**دیلا**: نەتدەزانی ؟ ها. ئایا پێویستە لەسەرم هەموو شەوێ بۆت دووبارە بکەمەوە؟ لەوبڕوایەدای مەسەلەکە بەم شێوەیە ماوەیەکی درێژ بخایەنێت؟ من تەواو بێزراوم. بۆ دواجار دەڕۆم و بەجێت دێڵم.

**میلۆس**: (دەپاڕێتەوە) نا دیلا..بەتەنها جێم مەهێڵە..وازم لێمەهێنە.

**دیلا**: بێ حەیاییەکەت هێندە درێژ کردۆتەوە ئەو گەمژانەت هەموو تێگەیاندوە(ئاماژە بۆ لای سەیارەکان دەکات) ئەئاوا!ئەئاوا ئێستا هەموتان وەك ڕێوی بێدەنگ بون.وا دەزانن من نازانم ئێوە لەپشتی پەردەکانەوە گوێ هەڵدەخەن؟(بێدەنگی. پەردەکانی سەیارە "3"بەشێوەیەك دەجوڵێ هەستی پێناکرێ، لەهەمان کاتدا چرپەچرپێکی لەرزۆك بەرز دەبێتەوە) دەڵێن چی؟ ئێستا بوێرن؟ بۆچی پێدەکەنین؟(بێدەنگی. دیلا دەڕوات بۆلای سەیارەی "3" و پەردەکانی لادەبات. لەناوەوە هیچ

نابینێت)ئەئاوا! ئێستا خۆتان کردوە بە خەوتو، وەك ئەوەی باش نەتان ناسم. گوێتان لێم نییە؟(بێدەنگی. دیلا بەرەولای سەیارەی "2"دەڕوات و پەردەکانی لادەبات. هیچ نابینێ لەناوەوە)ئەوەتا ئەم بەڕێزە کتوپڕ خەوی لێکەوت. ئایا وانییە؟ وا دەزانی من گوێم لە پێکەنینە ئابڕوبەرەکەت نەبوە؟

**میلۆس**: وازیان لێبێنە. تۆ دەزانی ئەوانە خەویان قورسە، هەرچەند بقیڕێنیت، گوێیان لێت نییە.

**دیلا**: گوێیان لێم نییە؟ بەڕاست؟ کەس لەو مرۆڤە کەڕ تر نییە کە نایەوێت هیچ ببیستێت(بێدەنگی. چرپەچرپێك لەسەیارەکانەوە دەبیسرێت) دەڵێن چی؟ لە ژیانتانا بۆیەك جار بوێرن قسە بکەن.

**میلۆس**: دیلا وازیان لێبێنە. تۆ دەزانی ئەوان تاچ ئاستێ دڵناسك و شەرمنن. باشتر وایە هەڵنەسن و خەبەریان نەبێتەوە.

**دیلا**: ئاوا، ئێستا بەرگریان لێبکە وەك ئەوەی بەرگریکردن لەخۆت بەس نەبێت

**میلۆس**: نا دیلا، بەرگریان لێناکەم.(بێدەنگی). لێمگەڕێ بڕۆمەوە ناو جێگاکەم، من پێویستیم بەنوستن هەیە.

**دیلا**: ئەم بەڕێزە پێویستی بەنوستن هەیە! ئەم بەڕێزە ناتوانێت بۆیەك سات لە تەنیشتمەوە بمێنێتەوە.

**میلۆس**: دیلا من پێویستیم بە نوستن هەیە، تۆ دەزانی بەیانی ئیشێکی زۆر هەیە کە دەبێ جێبەجێیان کەم. دەبێ نانی بەیانییان لە بازاڕ بۆ بهێنم، دەبێ سەیارەکان پاککەمەوە و چەرپاکان رێکخەم، ئەمە جگە لە گسك دان وسڕینەوەی

زەویەکە. دەزانی ئەوان داواکارییان زۆرە، گەر ئێستا نەنوم ئەوا بەیانی ناتوانم هیچ شتێك بکەم.

**دیلا**: پێش ئەوە پێویستە لەسەرت داوای لێبوردنم لێبکەیت.

**میلۆس** :باشە دیلا، داوای لێبوردنت لێدەکەم.

**دیلا**: لەسەر ئەژنۆکانت و بەرێگەیەکی باشتر.

**میلۆس** :(لەسەر ئەژنۆی نوشتاوەتەوە)دیلا لێم ببورە.

**دیلا**: دەتوانی بڕۆی بخەویت. (میلۆس لەکاتێکدا هیوای شەوێکی شاد بۆ دیلا دەخوازێت، هەوڵئەدا دیلا ماچ کات، بەلأم دیلا بەتوندی بەرپەچی دەداتەوە) دەستم تێوە مەدە(میلۆس دەچێتەوە ناو سەیارەی"ئەلف"، دیلاش دەڕوات بۆلای سەیارەی "3" قسە لەگەڵ ئەوانەی ناویدا دەکات) ئێوە تا ئێستا هەر نوستون؟(بێدەنگی. دوای ساتێك چرپەیەك دەبیسرێ)دەتانەوێ گاڵتەم پێبکەن؟.(ماوەیەك بێدەنگی). گوێتان لێم نییە؟(لە مابەینی پەردەکانەوە شانەیەکی گەورەو ئاوێنەیەکی زل بەدیار دەکەون، ئەو دەستە نابینرێت کە درێژ بووە. دیلا بەتوڕەییەوە وەریان دەگرێت و بەرەوڕووی یەکێك لە پەنجەرە پەردەدارەکان[5] دەڕوات، تیا ڕادەکشێت. قژی بەنازوفیزەوە دادەیەنێت. بەپێچەوانەی جارانی پێشووەوە لەلای چەپەوە هەریەك لە تیوسیدۆ و لاسکا دێنە ژورێ. تیوسیدۆ جلوبەرگی وەرزشەوانی لەبەردایە و وەك هەموو جارێك بەهەنگاوی ڕێکوپێك لەلای چەپەوە بۆلای ڕاست دەڕوات، لاسکا کە نازانێ ماندوبوون چییە توڕە دیارە).

**لاسکا**: (بەتوڕەبونێکی زۆرەوە. پێدەچێ تیوسیدۆ گوێی نەداتێ) گوێت لێم نییە؟بۆت دوبارە دەکەمەوە لە ئاراستەکەدا هەڵەت

کردوه، ئاوا دەتەویّ ژمارەی پێوانەیی بشکێنیت؟ پێت دەڵێم پێویستە لەسەرت بەرە و ئەویّ بڕۆیت(ئاماژە بۆلای چەپی شانۆکە دەکات) گویّت لێم نیە؟ (تیوسیدۆ لە پڕێکدا دەوەستیّ و بۆ ساتێك دەکەوێتە گومانەوە. هەوڵئەدا ئاراستەکەی بگۆڕێت. ماندوبونێکی زۆری پێوە دیارە. دواجار ئاراستەکەی دەگۆڕیّ و بەهەمان هەنگاوی ڕێکوپێك بەرە و لای چەپ دەڕوات. لاسکا بەدڵخۆشییەوە دەڵێت: ئاوا ئەی پیاو! وەرە،پێشکەوە! یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو، لاسکاو تیوسیدۆ لەلای چەپەوە دەچنە دەریّ. دیلا بەنازوفیزەوە بەردەوامە لەسەر شانەکردنی قژی..میلۆس سەری لەمابەینی پەردەکانی سەیارەی "ئەلف"دێنێتە دەریّ و بەزەردەخەنەوە تەماشای دیلا دەکات. دیلا سەربەرز دەکاتەوە، لەترسا میلۆس سەری دەباتەوە ناوەوە.بێدەنگی.دیلا قژ دادەهێنیّ. مۆسیقا بەباشی دەبیسریّ، لەناکاو، هەندیّ دەنگ لەلای چەپەوە دێت).

**دەنگی پیاوێك**: ئی..ما..نۆ..ئەوا هاتن(دیلا بەشلەژاوی هەڵدەسێت و بەرەو لای ڕاست دەڕوات، بەپێش سەیارەی "ئەلف"دا تێدەپەڕێت کە میلۆس سەری لێوە دەرهێناوە).

**میلۆس**: مەڕۆ! ئاگاداری مەکەرەوە! بەتۆچی گەر بیگرن؟ خۆت بەوەوە سەغڵەت مەکە.

**دیــــلا**: (بەتوندی) منداڵ نیم، دەزانم بەتەنها چۆن بەرگری لەخۆم دەکەم.(دیلا لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەریّ و میلۆس بە

غەموپـەژارەوە تەماشـای دەکـات، دواجـار دەچێتـەوە ژورێ. لەدوورییەك و لەلای چەپەوە شاوری پۆلیس دەبیسرێت، ئەم شاور لێدانەی پۆلیس لەم دیمەنەی ئێستاوە تا تەواو بونی ئـەم بەشـە دەبیسـرێ، دەبـێ ئـەو ڕوداوانـەی لەپشـتی کەوالیسـەوە ڕودەدەن تەواوکەری ئەو ڕوداوانە بـن کـە لـەناو شـانۆکەدا ڕودەدات. هەریـەك لـە تیوسـیدۆ و لاسـکا لـەلای ڕاسـتەوە دێنـە ژورەوە. تیوسـیدۆ قاچـەکانی لـەدوای خـۆی ڕادەکێشـێ بـەبێ ئەوەی بتوانـێ یـەك هـەنگاو بێتـە پێشـەوە، لەوکاتەدا لاسکا پاڵی پێوە دەنێ و بەتوندی ڕایدەکێشێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر ڕۆشتن).

**لاسکا**: زیاتر خۆت ماندوبکە. تەنها کەمەکێکیتر خۆت ماندوبکە (کە دەگەنە ناوەڕاستی شانۆکە تیوسـیدۆ دەکەوێـە سـەرزەوی و بـەهۆی ئـەو ماندوبونـەوە هـێز و بڕشـتی لێـبڕاوە. لـەخۆدەچێت.لاسـکا هەناسـەدانی دەسـکردی بـۆ دەکـات، لەپاشان ڕایدەکێشێت تا دەیخاتە سەر یەکێك لە چەرپاکان. تیوسـیدۆ هێـدی بـەئاگا دێتـەوە، لـەکاتی ئـەم بەئاگاهاتەنەوەیـەدا تێبینـی دەکـرێ مۆسـیقاکە ڕاوەسـتاوە. کۆمـەڵێ دەنگـی شـێواو لـەلای ڕاسـتەوە کـە تێکـەڵی قیرەقـیڕی بگرە و بەردە بوە دەبیسرێ. لەلای چەپیشەوە دەنگی شاوری پۆلیس دێت کە نزیك بونەوەی خۆی ڕادەگەیەنێت).

**تیوسیدۆ**: (لـەکاتی وریابوونـەوەیدا، ڕوی دەمـی دەکاتـە لاسکا)خۆشەویستەکەم!

**لاسکا**: هێندە بەڕەحم مەبە.

**تیوسیدۆ**: خۆشەویستەکەم ماچم بکە، من پێویستم بەوەیە ماچم بکەی.
**لاسکا**: (بێ ئەوەی گوێ بە قسەکانی بدات) هێزوتوانات هاتەوەبەر؟ بەتەواوەتی هاتویتەتەوە سەر خۆت؟
**تیوسیدۆ**: بەڵێ گیانەکەم، ئێستا تۆ بۆ منی(دەیەوێ ماچی بکات، بەتوندی بەرپەچی دەداتەوە).
**لاسکا**: لێرە نا، هەزار جارم پێوتویت بەم شێوەیە لەبەر چاوی خەڵکدا هەڵسوکەوت مەکە.
**تیوسیدۆ**: تەنها یەك ماچ، گەر ماچم نەکەی، ئەوا لەتوانامدا نابێت بەتەواوی هێزم بێەوە بەبەردا.
**لاسکا**: تەنها یەك دانە(یەکتری ماچ دەکەن، لەوکاتەدا لەناو سەیارەکانەوە هەندێ چرپەچرپ دەبیسرێ و لەلای راستەوە هەراوهۆریای بگرەو بەردە بەردەوامە، شاورەکانی لای چەپیش زیاتر نزیك دەبنەوە) کەس چاوی لێمانەوە نەبوو؟
**تیوسیدۆ**: نەخێر
**لاسکا**: وابزانم قیرەقیرێکم گوێ لێبوو، شوێنی گومانە.
**تیوسیدۆ**: گیانەکم خەیاڵت چەند فراوانە.(خەریکی ماچکردنێکی درێژی یەکترن، لەوکاتەدا هەریەك لە فودیر و ئیمانۆ و توبی بەپەلە بەناوشانۆکەدا ڕەت دەبن. بەشێوەیەك ترسیان پێوە دیارە تا ڕادەی ئەوەی ئەژنۆیان لە چەناگەیان دەدات کاتێ تێدەپەڕن. توبی بۆساتێك ڕادەوەستێت و بازێك ئەدات تا ئەوە ببینێ کە لەپشتی

سەیارەکانەوە ڕودەدات. بەترسەوە ئاماژە بۆ هەردو هاوڕێکەی دەکا بۆ ئەوەی تێیان گەیەنێت کە مەترسییەکە لە پشتەوەی سەیارەکانە، چونکە شاوری پۆلیسەکان وایلێهاتوە ئێستا بە ئاسانی دەبیسرێت. هەرسێکیان لە پەڕینەوەی شانۆکە لێدەبنەوە و لەلای چەپەوە دەچنە دەرێ. شاوری پۆلیسەکان لەلای ڕاستەوە نامێنێ و دوور دەکەوێتەوە. تیوسیدۆ و لاسکا کۆتای بە ماچەکەیان دێنن).

**لاسکا**: ئای تیوسیدۆ، چەند جوان و ڕێکوپێکیت.

**تیوسیدۆ**: هەموو کاتێ خۆشت دەوێم؟

**لاسکا**: بەڵێ، تۆ ئەوە باش دەزانی.

**تیوسیدۆ**: تامردن.

**لاسکا**: تۆ نامری.

**تیوسیدۆ**: لاسکا تۆش نامری.هەتا هەتایە پێکەوە دەژین.

**لاسکا**: وەك یەکەم ڕۆژ خۆشت دەوێم؟

**تیوسیدۆ**: بەڵێ.

**لاسکا**: تەنها وەك یەکەم ڕۆژ؟

**تیوسیدۆ**: نا..زۆر لەوەش زیاتر(یەکتری ماچ دەکەن. چرپەچرپێك دەبیسرێ، لە نێویدا دەنگێك جیادەکرێتەوە کە دەڵێ: جاریکی دیکەش، شاورلێدان بەردەوامە و پرۆسەی بگرە و بەردەکەش دووردەکەوێتەوە).

**لاسکا**: (لەپڕێکا نارەحەت دەبێ) بابڕۆین. پێویستە لەسەر ڕاهێنانەکەت بەردەوام بیت.

**تیوسیدۆ**: نا لاسکا.. ئەمە بۆئەمڕۆ بەسە.

**لاسکا**: بەسە؟ ئایا پێت وایە ئەوەندە بەسە؟

**تیوسدۆ**: ئەمە ڕۆژێکە لە تەمەن.

**لاسکا**: پێت وایە ئەوە بەهانەیەکی قایلکەرە؟ دەزانی پێویستە لەسەرت ڕۆژانە بە بەردەوامی ڕاهێنانەکانت بکەی، گەر ڕۆژێ وازت هێنا و ڕاهێنانت نەکرد ئەوا تیادەچیت.

**تیوسیدۆ**: بەیانی لە ڕاهێنانەکەمدا خۆم زیاتر ماندو دەکەم (بێدەنگی، لەپاشان بەنەرمونیانی) جگە لەوەش من بیرم لەوە کردۆتەوە ئەمڕۆ بەشتێکی زۆر باشتر ببەمە سەر .

**لاسکا**: (بەتوڕەییەوە)نەخێر، ئەمەیان نا.ئەمەیان هەرگیز ڕونادات. بەم شێوەیە هێزێکی زۆر لەدەست دەدەیت، گەر ئەمە بکەیت لە تواناتا نابێت پاڵەوانیەتیەکە ببەیتەوە.

**تیوسیدۆ**: (دەپاڕێتەوە) لاسکا تەنها یەك جار.

**لاسکا**: نە یەك جار و نە هیچ.

**تیوسیدۆ**: لاسکا لەڕاستیدا.. من کاتێ لەگەڵتا دەبم....

**لاسکا**: نا..پێم وتیت نا، جگە لەوەش شوێنێکمان نییە خۆمانی تێدا بشارینەوە.

**تیوسیدۆ**: دەتوانین بڕۆین بۆ یەکێك لە سەیارەکان.

**لاسکا**: نا. ئەمەیان هەر نابێت. دەتەوێ بم بەی بۆ شوێنێکی ئاوا، ئاوا منت خۆش دەوێ؟

**تیوسیدۆ**: بەلاّم تەنها یەك جارە و، کەسیش پێی نازانێ.

**لاسکا**: لەوانەیە یەکێك لە ناسیاوەکانم بمبینێ. چی ڕودەدات گەر بەوە ڕوبەڕوی کردمەوە.

**تیوسیدۆ**: کەس نامان بینێ. ئێمە لەکاتێکی درەنگ وەختی شەوداین.

**لاسکا**: دەتەوێ منیش ناوی خۆم لە سجلەکەدا بنوسم، خوا بۆ خۆی دەزانێ ئەم سجلە دەکەوێتە دەست کێ؟ ئەم سجلە زیاد لە دەستێك دەکات.

**تیوسیدۆ**: نەخێر.. تەنها ناوی خۆم دەنوسم. ناوی تۆ پێویست ناکات.

**لاسکا**: (دوای بێدەنگییەکی درێژ، خەریکە دەگریەت) لەپاشان بە شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکەیت وەك ئەوەی ئاژەڵ بم.

**تیوسیدۆ**: نا لاسکا، زۆر بەوریایەوە هەڵسوکەوت دەکەم.

**لاسکا**: بەڵام، دوای ئەوە هەر خۆشت دەوێم، یان تۆش وەك هەموو ئەوانی تر دەبیت؟

**تیوسیدۆ**: نا لاسکا، من وەك ئەوانی تر نیم، دەبینیت، دەی با بڕۆین (هەریەك لە تیوسیدۆ و لاسکا بەرەو سەیارەی "ئەلف"بەڕێدەکەون، لاسکا لە ترساندا لەبەردەم سەیارەکەدا خۆی دەشارێتەوە، تیۆسیدۆ دوو جار لەدەرگا دەدات).

**دەنگی میلۆس**: (بە شێوە وتنی کەسێك کە هێشتا بەخەبەرە)بەڵێ..بەڵێ..هەر ئێستا. ئاوا لێی مەدە، تۆ بەجۆرێك لە دەرگا دەدەی وەك ئەوەی کەرێك بانگ کەیت (کەس دەرناکەوێت. بێدەنگی. لەلای چەپەوە و لەپشتەوەی شانۆ دەنگی دیلا دەبیسرێ هاوار دەکا: ئیمانۆ! ئەوە پۆلیسەکانە!

**دەمودەست شاوری پۆلیسەکان لەلای ڕاستەوە دەبیسرێت و نزیک دەبنەوە. هەراو هۆریای بگرە و بەردە لەلای چەپەوە دەبیسرێ).**

**لاسکا**: **بۆیان نەکردینەوە؟**

**تیوسیدۆ**: **پەلە مەکە**

**لاسکا**: **سەرلەنوێ لەدەرگا بدەرەوە (سەرلەنوێ لە دەرگا دەداتەوە و هەوڵدەدا کەمترین دەنگی لێوە بێت).**

**دەنگی میلۆس**: **(نیوە نوستوە) وتم هەر ئێستا دێم. خودایە! ئەم هەموو لێدانە بۆ چییە!(کەس دەرناکەوێت، لەلای ڕاست شاوری پۆلیسەکان بەردەوام دەبیسرێت و ڕاوەدونانیش لەلای چەپ. هەریەک لە فودیر و توبی و ئیمانۆ لەلای چەپەوە دێنە ژورێ، هەرسێکیان وەک ئەوەی بە چیچاکانەوە بن بەپەلە ڕادەکەن، تا لە لای ڕاستی شانۆکەوە دەچنە دەرەوە. شاورەکان ئێستا لەپشتەوەی شانۆکەوە دێن، وادیارە کەوا تیوسیدۆ و لاسکا ئارامیان نەماوە).**

**لاسکا**: **سەرلەنوێ لێبدەرەوە (تیوسیدۆ بەهێواشی لە دەرگای سەیارەی"ئەلف"دەداتەوە).**

**دەنگی میلۆس**: **گوێم لێیە..گوێم لێیە..ئەم لێدانە چەند توندە! گەر وا بەتوندی بەردەوام بن ئەوا دەرگاکە دەردەهێنن(کەس دەرناکەوێ. لە پشتەوەی شانۆ لێدانی شاورەکان**

دوور دەکەونەوە،هەروەها دەنگی ڕاوەدونانەکەش کز دەبێت، بەڵام لەلای ڕاست میلۆس سەری دەردێنێ).

**میلۆس**: (بەناشرینییەوە) چیتان دەوێ؟

**تیوسیدۆ**: دەمانەوێ ئەم شەو لێرە بەسەر بەرین.

**میلـــۆس**: (بەئەدەبەوە) گەورەم ببورە واملێکردن چاوەڕوان بـن. نـەم دەزانـی مەسەلەکە پەیوەندی بە مشتەرییەوە هەیـە. ئێستا جێگایەکمان هەیە، هیوادارم بەدڵتان بێت.

**تیوسیدۆ**: جێگایەك بۆ هەردوکمان.

**میلـۆس**: بەڵێ..بینیم ئێوە دوو کەسن (پێکەنینێکی کورت) جێگاکە فراوانە، وەرەقەی ڕەسمیت هەیە؟

**تیوسیدۆ**: ئاه..نەخێر..لەماڵەوە جێم هێشتوە.

**میلۆس**: (جارێکی تر بە ناشرینیەوە) کەواتە پێشبینی چیت دەکرد؟ لەم حاڵەتەدا جێیەکمان نییە بۆ هەردوکتان.

**تیوســیدۆ**: ناکرێ ژمارە وەرزشـیەکەم بـەو ئیشـە هەسـتێت؟ (ژمـارە وەرزشیەکەی لە سنگی دەکاتەوە و دەیداتێ).

**میلۆس**: (بەئەدەبەوە) با دەکرێ بـەو ئیشـە هەستێت. گـەورەم ئێمـە لـە خزمەتداین، تکایە ئیمزای بکە.

(تیوسیدۆ ئیمزای دەکات)

**دەنگـــی دیـــلا**: (لـەلای ڕاسـت و لـە پشـتەوەی کـەوالیس) ئیمـانۆ پۆلیسـەکان هاتنـەوە.( شـاورەکان و ڕاوەدونانەکـە دەبیسرێنەوە).

**میلۆس**: گەر زەحمەت نییە با بتانناسم.

**لاسکا**: ئایا داوا لەمن ناکەیت کە ناوی خۆم بنوسم و ئیمزای بکەم؟

**میلۆس**: ئیمزای ئەو بەڕێزە بەسە.

**لاسکا**: بەڵام من دڵنیام دەبێ ناوی خۆم بنوسم و ئیمزاشی بکەم.

**میلۆس**: خانمەکەم دوودڵ مەبە، وەك پێشتر پێم وتی ئیمزای ئەم بەڕێزە بەسە.

**لاسکا**: (بەناڕەحەتییەوە)باشە، تۆ خۆت دەزانی چی دەکەیت. مەسەلەکە پەیوەندی بە منەوە نییە.(بێدەنگی) بەڵام من دڵنیام لە کۆتایدا ئەمە زۆر گران دەکەوێت لەسەرت(میلۆس بە ئەدەبەوە دەرگای سەیارەی "2"دەکاتەوە).

**میلۆس**: (ڕوی قسەکردنی دەکاتە ئەو پیاوەی لەناو سەیارەی"2"دایە) گەورەم..دوو بەڕێز هەیە دەیانەوێ نیوەی دواوە بگرن.

**دەنگی پیاوێك**: چەند هیچ وپوچن ! نەیاندەتوانی ئەم شەو لە شوێنێکی دیکە بەسەر بەرن.

**میلۆس**: ببورە گەورەم. بەیانی هەوڵدەدەم بگەڕێم سەیارەیەکی بەتەنهات بۆ دابین بکەم.

**دەنگی پیاوێك**: چەند گێژی!(تیوسیدۆ و لاسکا دەچنە ناو سەیارەی "2"، پێش ئەوەی دەرگاگە داخەن لاسکا بە میلۆس دەڵێ:)

**لاسکا**: بەیانی سەعات سێ خەبەرمان کەرەوە!

**میلۆس**: حەقتان نەبێت. شەوتان شاد(میلۆس دەگەڕێتەوە بۆ سەیارەی "ئەلف"و دەچێتە ناوی. لەلای ڕاستەوە هەریەك لە توبی و فودیر و ئیمانۆ دێنە ژورێ، وەك ئەوەی تۆقیبن دێنە پێشچاو، شاوری پۆلیسەکان کەوتووەتە دوایان، دوای ئەوەی لێیان نزیك بوەتەوە.

لەپشـــتی چەرپاکانـــەوە خۆیـــان دەشـــارنەوە، ئیـــدی ناتوانرێت ببینرێن. لـەلای ئەوانـەوە تەنـها سـەری سـێ حـەیزەران دەردەکـەوێت.فودیـر سـەری بەرزدەکاتــەوە و تەماشای لای ڕاست دەکات، لەپاشان بەترسەوە سـەری نزم دەکاتـەوە.دەنگی لێدانـی شـاورەکان زیـاد دەکـات و تـابێت نزیکـتر دەبێــتەوە، کاتــێ خـەریکن لەسـەر شـانۆ دەردەکەون دەنگی دیلا ڕایان دەوەستێنێت).

**دەنگی دیلا**: تکایە گوێ گرن(پێکـەنینێك)تەماشاکەن (تێبینـی دەکرێ لەنـەمانی دەنگی شاورەکان و دەنگـی هـەنگاوەکان ئـەوان وازیـــان لـــە ڕاوەدونانەکـــە هێنـــاوە) تەماشـــای ئـــێرە بکەن(پێکـەنین)ئاه، نـازانم چیـم بەسـەر هـاتوە!(هـەندێ ئاه ئاه دەکات و دواجار پێدەکەنێ)ئەوەتان بەدڵە؟ (پێکـەنینی گـــەورە.پێکـــەنینی پۆلیســـەکان دەبیســـرێ، یـــەکێك لـــە پۆلیسەکان وەك مار دەفیشکێنێ).

*        *        *

# بەشی دووەم

(لەلای چەپ هەریەك لە ئیمانۆ و فودیر و توبی دەردەکەون، هەریەکەیان لەسەر چەرپاکەی خۆی نوستوە و ئامێرە مۆسیقییەکانی خۆیان لەباوەش گرتوە. لە سەیارەی "2"قیڕەقیڕێك دەبیسرێ).

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "2") ناتوانن بە بێدەنگی داسکنێن؟

**دەنگی تیوسیدۆ**: ببورە، ئێمە مەبەستمان نییە ناڕەحەتت کەین.

**دەنگی لاسکا**: جێگاکە بەئەندازەیەك تەسکە..(پێکەنینێك. دیلا دوای ساتێك دەردەکەوێت، بەرەو لای ئیمانۆ دەڕوات خەبەری دەکاتەوە).

**ئیمانۆ**: دواجار دوورکەوتنەوە لێت؟

**دیلا**: بەڵێ(فودیر و توبی خەبەریان دەبێتەوە).

**توبی**: ئایا زۆر ناڕەحەتیان کردیت؟

**دیلا**: نا..بەڵام بەشی خۆی ناڕەحەتیان کردم.

**ئیمانۆ**: گەر تۆ نەبویتایە ئێستا ئێمە لە حەپسخانە دەبوین.

**دیلا**: لەڕاستیدا تۆ بە موعجیزە ڕزگارت بووە، ئەوان دەت ووت سەگی هارن.

**توبی**: گەر بمان گرن چیمان لێدەکەن؟

**دیلا**: ئەوان بەتایبەتی بەشوێن ئیمانۆدا دەگەڕێن..بەلانی کەمەوە ئاوایان وت.

**توبی**: وایە، چونکە تۆ هەموو کاتێ خۆت خۆت دەردەخەیت.

**ئیمانۆ**: ئاه، کەواتە ئەمە چ تایبەتمەندیەکە.

**دیلا**: جگە لەوە ئەوان ڕایانگەیاند پارەیەکی زۆر دەکەنە پاداشت بۆ هەرکەسێ شوێنی خۆشاردنەوەی تۆیان پێ بڵێت.

**ئیمانۆ**: بەڕاست؟

**دیلا**: وایان وت(وەرچەرخانێك لە قسەکردنەکاندا ڕودەدات) چەند حەزم دەکرد بەگرتت بدەم بۆ ئەوەی بتوانم شتگەلێکی زۆر بکرم کە دەمەوێن.

**ئیمانۆ**: ئەی بۆ نەتکرد؟

**دیلا**: (بەسەرسوڕمانەوە)ئاه..نازانم بۆ نەمکرد.

**توبی**: تۆ هەتا هەتایە هیچ شتێك نازانیت.

**دیلا**: لامویایە دەبێ بڕۆیت، لەوانەیە سەرلەنوێ بگەڕێنەوە.

**ئیمانۆ**: مادام هەندێ ر ِوداوی وەك ئەمەی ڕاومان دەنێن لە ئارادایە، ناتوانین بە هێمنی بژین.(میلۆس لەناو سەیارەی"ئەلف"وە بە توڕەییەوە تەماشای لای ئەو تاقمە دەکات و کەسیش لەوان هەست بەبونی میلۆس ناکات. لەوکاتەدا کە تەماشای ئەوان دەکات لە کوپێکی دەخواردەوە کە پڕە لە شۆربا، لەکاتی خواردنەوەکەدا لوشە لوش زۆر دەکات، وادیارە شۆرباکە هێجگار گەرمە، ئەمە وایلیدەکات بەردەوام فوی لێبکات).

**توبی**: لەکوێ دەتوانین خۆمان بشارینەوە؟

**دیلا**: خۆشاردنەوە لێرە ئاسانە.

**توبی**: (ڕوی قسەکردنەکەی دەکاتە ئیمانۆ) تەماشا چۆن ڕقیان لێهەڵگرتویت.

**دیلا**: ئەمە ئەو شتەیە کە هیچ پاساوێکی بۆ نادۆزمەوە. بۆچی ڕقیان لە کەسێکی وەك تۆیە کە ناتوانێ مێشێکیش بکوژێ.

**ئیمانۆ**: نەخێر من دەتوانەم ئەوە بکەم.

**دیلا**: (بەسەرسوڕمانەوە) دەتوانی چی بکەیت؟

**ئیمانۆ**: باشە،تەنها ناو بە ناو.

**دیلا**: ئایا تۆ بەس مێش دەکوژیت؟
**ئیمانۆ**: نەخێر..زۆر جار ئادەمیزادیشم کوشتوە.
**دیلا**: ئادەمیزاد؟
**ئیمانۆ**: بەڵێ..بەلام بەدەگمەن ئەوەم کردوە، کاتێ دەبینم ئەو مرۆڤەی پێش دەمم بەدەم نەبونی و نەدارییەوە دەناڵێنێ ..لەو دەمەدا ئەیکوژم بۆ ئەوەی لە خەم وخەفەت و دەردەسەری ڕزگاری کەم.
**دیلا**: (بەکەف وکوڵەوە) چەند مەزنی! تۆ توانیوتە نهێنی خۆت لە ئێمە بشاریتەوە. توانای شاردنەوەت چەند زۆرە! کەواتە تۆ دەتوانی بەهەمان ئەو ڕێگایەی کە مێشێك دەکوژی مرۆڤێکیش بکوژی.
**ئیمانۆ**: مەسەلەکە بونی توانا نییە، ئەمە خویەکە وەرم گرتوە و هیچی تر.
**ئیمانۆ**: ئەی چی لە لاشەکان دەکەیت؟
**ئیمانۆ**: ئەیان نێژم.
**دیلا**: بەتەنها خۆت؟
**ئیمانۆ**: بەڵێ بەتەنها خۆم. باوکم هەر لە بچوکیمەوە فێری کردوم باشترە بۆ کەسێك هەندێ شت بەتەنها خۆی دروستی کات تا ئەوەی پەنا بباتە بەر هەندێ هاوڕێی خراپ بۆ دروستکردنی.
**دیلا**: تۆ نایابیت!
**ئیمانۆ**: دوای ئەوە ئەڕۆم بۆ ئەوەی ئەو ئاگرە پێکەنیناویە ببینم کە زۆر حەزم لێیەتی.
**دیلا**: لەکاتی شەودا؟

**ئیمـــانۆ**: بەڵێ لەکاتی شـەودا، جگـە لـەوەش مـن بـەیانیانی جـەژنی مـردوان ئـەڕۆم بـۆ ئـەوەی گـوڵ لەسـەر گۆڕەکانیـان دانێـم و ترومپیتیان بۆ بژەنم.

**توبی**: لەگەڵ مردوان چەند باشیت!

**ئیمـــــانۆ**: (خاکیانـە) ئـاه..مەسـەلەکە ئـەم هـەموو گرنگـی پێدانـە ناخوازێت.

**دیلا**: (لەپڕێکدا) ئایا لەبەر ئەم هۆیەیە پۆلیس بەشوێنتا دەگەڕێت؟

**ئیمـــانۆ**: نا..ئەو هۆیـەی وایـان لێدەکـات بەشـوێنما بگـەڕێن ژەنینـی ترومپیتە. وەك دەزانیت.. مۆسقا لێدان بۆ هـەژارەکان وایـان لێدەکات سنوری خۆیان نەزانن.

**توبی**: وابزانم پێویستە لەسەرمان بەزوترین کات خۆمان بشارینەوە.

**دیلا**: ڕاست دەکەیت توبی(هەڵدەسن).

**ئیمانۆ**: خواحافیز دیلا.

**دیلا**: خوات لەگـەڵ (هەرسێکیان لـەلای چەپـەوە دەڕۆنـە دەرێ، دیـلاش پاش ماوەیەك بەرەوڕوی سەیارەی "ا"دەڕوات و سەری لەبەینی پەردەکانەوە دەباتە ژورێ).

**دیلا**: گەورەم ماچم کـە(دەنگـی مـاچێك) سـوپاس (میلـۆس لـە سـەیارەی "ئەلف" دێتە دەرێ و بەتوڕەبونێکەوە کەپێشتر بەو شـێوەیە تـوڕە نـەبوە بـەرەو لای دیـلا دەڕوات. قـژی ڕادەکێشـێت و ئـەیخات بـە ئەرزا).

**میلـــۆس**: (بەتوندوتیژییـەوە) ئـەوە خــەریکی چـی بویـت؟ (بێدەنگـی) واتدەزانی من ناتبینم؟(بێدەنگی) هەر ئێستا هەستە سەرپێ.

**(دیلا هەڵدەسێت).**

**میلۆس**: دەست درێژکە (دیلا دەست درێژ دەکات و میلۆسیش لێیدەدات. پێکەنین دەبیسرێت).

**میلۆس**: لەوانەیە بزانیت من چەند هەست بە ئیرەیی دەکەم. داوای لێبوردنم لێبکە.

**دیلا**: ببورە.

**میلۆس**: لەسەر ئەژنۆکانت بنوشتێوە و بە ڕێگایەکی باشتر.

**دیلا**: (دیلا دەنوشتێتەوە بەسەر ئەژنۆکانیدا)ببورە، (پێکەنین لەسەیارەکانەوە دەردەچێت).

**میلۆس**: هیوادارم جارێکی دیکە ئەوەت لێ دووبارە نەبێتەوە. بابڕۆین. (میلۆس بە خۆشەویستی و سۆزەوە دەست لەسەر شانی دیلا دادەنێت و پێکەوە دەچنەوە ناو سەیارەی "ئەلف"، لە سەیارەی "2" قیڕەقیڕێك بەرزدەبێتەوە).

**دەنگی تیوسیدۆ**: (لەناوسەیارەی "2") لاسکا کاتی هەستانە.

**دەنگی لاسکا**: (لەناو سەیارەی "2")لێم گەڕێ تەنها دەقیقەیەکی دیکەش بمێنمەوە.

**دەنگی تیوسیدۆ**: نە دەقیقەیەك و نە نیودەقیقە. گوێت لێم نییە؟

**دەنگی لاسکا**: بهێڵە یەك دەقیقەی تر بخەوم(تیوسیدۆ لە سەیارەی "2"دێتە دەرێ و جلوبەرگی پۆلیسی لەبەردایە، دەمودەست لاسکاش دێتە دەرێ و ئەمیش جلوبەرگی پۆلیسی لەبەردایە. هەریەکەی فیکەیەکی لەملدایە. لاسکا تائێستاش خەواڵوە).

**تیوسیدۆ**: (هەڵدەستێ بەجێبەجێ کردنی هەندێ مەشقی وەرزشی بەدوو دەستی تێکئالاّ و دوو قاچی نەرمەوە)یەك..

دوو..یــەك..دوو..یــەك..دوو..یــەك..دوو(لــەپڕێکا بــۆی دەردەکەوێت لاسکا مەشقەکان ناکات، بەتوڕەییەوە پێی دەڵێ:) ئەوە خەریکی چیت؟ پێویستە دەست بە جووڵە بکەیت(لاسکا بێ حــەزلێکردن هــەمان مەشــق جێبــەجێ دەکــات)یــەك..دوو..یــەك..دوو..یــەك..دوو(توبــی لای ڕاســتەوە دێتــە دەرێ و چــاودێری تیوســیدۆ و لاســکا دەکات).

**لاسکا**: ئێستا با واز لەمەشقکردن بێنین.. زۆر ماندوم.

**تیوســـــیدۆ**: (بەتوڕەییــەوە) تــۆ زۆر تەمــەڵی. مەشــقی دوەم(ناوقــەدی ئەنوشتێنێتەوە، بەشێوەیەك سەری پەنجەکانی بــەرپێی دەکــەوێت) یــەك..دوو..یــەك..دوو..یــەك..دوو(لاســکا ناتوانــێ ســەری پەنجــەکانی دەســتی بگەیەنێتــە پێــی، تیوسیدۆ یەکسەر ئــەوە بــەدی دەکــات) چــۆن نــاتوانیت پەنجەی پێیەکانت بگریت؟ لەپێش چاوم مەشقەکە بکە تا بتبینم(تیوسیدۆ چاودێری ئەوەی لاسکا پێیهەڵدەسێ دەکـــات و سەرپەرشـــتی چاککردنیهەڵســـوکەوتەکەی دەکات)یەك..دوو..یەك..دوو..یەك..دوو..یەك..دوو..یەك ..دوو(توبی لە تیوسیدۆ و لاسکا نزیك دەبێەوە).

**توبی**: (ڕوی قسەکردنی دەکاتە تیوسیدۆ) گەورەم تۆ پۆلیسیت؟

**تیوســـــیدۆ**: (ســەلامێکی ســەربازی دەکــات) لەخزمــەتدام(میلــۆس لەپەنجــەرەی ســەیارەی "ئــەلف"ســەری دەردەهێنــێ و بەدزییەوە و بەخۆشحاڵییەوە تەماشای ئەوە دەکات کە ڕودەدات).

**توبی**: ئایا بەشوێن ئیمانۆدا دەگەڕێن؟(تیوسیدۆ و لاسکا کە گوێیان لەناوی ئیمانۆ دەبێت دادەچڵەکێن).

**تیوسیدۆ**: بەڵێ.

**توبی**: ڕاستە ئێوە پارەیەکی زۆر وەك پاداشت دەدەنە ئەوکەسەی شوێنەکەیتان پێ بڵێ؟

**تیویسدۆ**: بەڵێ.

**توبی**: کەواتە. من دەتان بەم بۆ ئەو جێگایەی خۆی لێشاردوەتەوە. ئەو لەگەڵ هاوڕێ لاڵەکەی فودێر دایە.

**تیوسیدۆ**: بەڵام چۆن بتوانین ئیمانۆ لە هاوڕێ لاڵەکەی جیاکەینەوە.

**توبی**: کارێکی ئاسانە، کاتێ دەگەینە ئەوێ، یەکێکیان ماچ دەکەم، ئەوەی ماچی دەکەم ئیمانۆیە.

**تیوسدۆ**: باشە، وەرە لەگەڵمان.

**توبی**: ئێوە ئامادەباشی خۆتان بە تەواوی وەرگرتوە؟

**تیوسیدۆ**: بەڵێ، ئامادەین (تیوسیدۆ و لاسکا هەریەکەیان حاڵەتی خۆ ئامادەکردن بۆ هێرش بردن وەردەگرن).

**لاسکا**: یەك..دوو..(پێش ئەوەی لاسکا بڵێ "سێ" لە سەیارەی "1"دەستێك دەردەکەوێت دەمانچەیەکی پێیە و فیشەکێك بە هەوادا ئەتەقێنێ. تیوسیدۆ لاسکا لەلای چەپەوە ئەوەندەی پێیان بکرێ بە خێرای ڕادەکەن.توبی بۆ ساتێك ڕادەوەستێت بێ ئەوەی بزانێ چی دەکات؟ زۆر نابات بەو پەڕی خێراییەوە ئەکەوێتە دوایان. میلۆس بە دووربین بەردەوامە لەسەر تەماشاکردنی هەرسێکیان، تەنانەت دوای ئەوەی لە شانۆکەش دوور دەکەونەوە. دوربینەکە دادەنێ و بە

دووربینێکی بچوکتر لەو جۆرەی لەشانۆدا بەکاردەهێنرێت تەماشایان دەکات، لەپاشان دووربینێکی سەربازی بەکاردەهێنێ، دواجار دووربینێکی دەریایی کە هاوێنەیەکی هەیە بەکاردەهێنێ. درێژی دووربینەکە پلە پلە زیاد دەکات. لەدوای ئەوە هەوڵێکی زۆر ئەدا بە چاوی ئاسای خۆی تەماشایان بکات. میلۆس دەچێتە ناو سەیارەی"ئەلف".لە سەیارەی ژمارە"3"مۆمێك دادەگیرسێ و تیشکەکەی لە مابەینی پەردەکانەوە دەبینرێ).

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3") لەوانەیە جارێکی دیکەش ئێمەی لەبیر چوبێتەوە.

**دەنگی ژنێك**: گومانی تێدا نییە، چونکە کات بەسەر چووە.

**دەنگی پیاوێك**: بەڵام من چیترحەوسەڵەم نەماوە.

**دەنگی ژنێك**: هەروەها منیش.

**دەنگی پیاوێك**: بانگی بکەم؟

**دەنگی ژنێك**: وازی لێبێنە، تۆ دەزانی ئەو چەند هەستیارە، ئەو گەر زانی لەبیری چووە ئەوا حاڵەتی توڕەبونێکی گەورە دایدەگرێ.

**دەنگی پیاوێك**: بەڵام بەڕاستی چیتر حەوسەڵەم نەماوە. بانگی دەکەم(هۆڕنێك لە سەیارەی"3"دەردەچێت. میلۆس بە پۆشتەوپەرداخی لە سەیارەی "ئەلف"دێتە دەرێ و بەرەوڕوی سەیارەی "3"دەڕوات).

**دەنگی پیاوێك**: لەڕاستیدا ئێمە.. دەزانی ئێستا سەعات چەندە.

**میلـــــــۆس**: (لـەگیرفانی سـەعاتێکی گـەورە دەردەهێنێـت و بـە پەشـۆکاوییەوە تەماشـای دەکـات) بـەڵام ئەمـە چـۆن ڕویـداوە، داوای لێبـوردن دەکـەم، بەڕاسـتی مـن خەتابارم. ئێوە ناتوانن بیهێننە پێش چاوی خۆتان من چـەند پەشـیمانم لـەوە. هەرئێسـتا دێمـەوە(میلـۆس دەڕوات بـۆلای سـەیارەی "ئـەلف" و دەچێتـە نـاوی، چرپە چرپی گلـەیی و گازەندەی نێوان میلـۆس و دیلا دەبیسرێت. پاش ساتێك دیلا دێتەدەرێ و بلوێرێکی[6] گـەورەی پێیـە و جلوبـەرگی ژێـرەوەی لەبەردایـە، پێدەچێت ئـەو تـازە لەخـەو هەسـتابێت و هێشـتا تـێر خەو نەبوە، دەڕوات بۆلای سەیارەی "3" و لـە مابـەینی پەردەکانەوە بلوێرەکە دەباتە ژورێ).

**دیلا**: شەوتان باش..ئەوە وەرگرن..(دەمودەست ئەو دەنگە دەبیسرێت کـە لێـی تێدەگـەیت لـەناوەوە چ ڕودەدات. ئـەو پیـاو ژنـەی لـە ناوەوەن لە خۆشی لەزەت هاوار دەکەن. میلۆس: لە سـەیارەی "ئەلف"دێتە دەرێ و سینیەکی پێیە و جامێکی هێجگار بچوکی ئـاوی لەسـەرە. ژن و پیاوەکـە لەکارەکـەی خۆیـان تـەواو دەبـن، بلوێرەکە لە مابەینی پەردەکانەوە دەهێننەوە دەرەوە، بۆ ئـەوەی دیلا بیبات) زۆر سوپاستان دەکەم. دوای ئـەوە بەسـاتێك لەیـەك کاتدا ئەم شتانە ڕودەدات:

ا-دیلا بلوێرەکە دەبات بۆ سەیارەی "2".

ب-میلۆس جامە ئاوەکە دەدات بەو پیاوەی لەناو سەیارەی "5"وپێـی دەڵێت: شەوباش گەورەم..ها ئەوە جامە ئاوەکەم بۆ هێناویت.

**دیلا**: شەوباش گەورەم..بیگرە.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "2") من چ پێویستیەکم بەم شتە هەیە؟

**دیلا**: گەورەم ئەمە کاتی دیاریکراوی خۆتە.

**دەنگـی پیــاوێك**: پێت دەڵێم من هیچ شتێکم ناوێ(دیلا هـەوڵدەدا بـــەزۆری بلوێرەکــــە بباتـــــە ژورەوە، دوای بەرەنگارییـەکی تونـد ململانێکـە بـە سـەرکەوتنی دیلا کۆتای دێت. ئەو بەڕێزەی لە سەیارەی "2" بەدەنگێك کـە ئاشـکراو ڕون نییـە نارەزاییـەکانی دەردەبڕێت، بەڵام بەشـێوەیەکی بـاش ئـەوەی لـە بلوێرەکەدایـــە و دەیکاتـــە نـــاو پەرداخەکـــەوە دەبیسرێ).

**دیلا**: سوپاس گەورەم.

**میلـــــــۆس**: (تورەیـــە، دوای ئــەوەی جامــە ئاوەکــە لەســـەیارەکە وەردەگرێتـــەوە ڕوی قســـەکردنی دەکاتـــە دیـــلا) ئایـــا دیسانەوە گەڕایتـەوە بـۆ ئـەوەی هـەمان هەڵـە بکـەیت؟ هـەزار جارم پێوتویت کە نابێ بیدەی بەمـەیان، بـەڵکو بـەوەیان(ئامـاژە بـۆ لای سـەیارەی "4"دەکـات) گوێـت لێمـە؟ چـەند جـاری دیکـە پێویستە لەسـەرم کـە ئەمـەت پێبڵێم؟

**دیلا**: ببورە، مەبەستم نەبوو.

**میلـــۆس**: (لاسـایی دەکاتـەوە) مەبەسـتم نـەبوو..لەوبڕوایـەدای ئـەم پاسـاوە ڕەوایـە (دیـلا لـە مابـەینی پـەردەکانی ســەیارەی "4"بلوێرەکە دەباتە ژورەوە).

**دیـــــلا**: گـەورەم وەریگـرە(ئـەوەی لـە بلوێرەکەدایـە دەیکاتـە نـاو پەرداخەکەیـەوە، دەنگـی شـتێك بخورێتـەوە دەبیسـرێ لەپاشان بلوێرەکە دەگەڕێنێتەوە).

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "4") ڕاوەستە، ڕاوەستە..پـەرداخێکی دیکەش(جارێکی تریش تێیدەکاتەوە، هەمان دەنگ دەبیسرێ، لەپاشان بلوێرەکە دەداتەوە بە دیلا).

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "4") سوپاس.

**دیــلا**: (ڕوی قسەکردن دەکاتە میلۆس) ئێسـتا دەتـوانم بڕۆمـەوە نـاو جێگا. زۆر حەزدەکەم بخەوم.

**میلـۆس**: بەڵێ.. بڕۆ..(بەخۆشەویستیەوە دەستی لەسەر شانی دیلا دادەنێت، لەپاشان هەردوکیان پێکەوە دەچنە ناو سـەیارەی "ئەلف"). بێدەنگـی. (لـەلای ڕاسـتەوە هەریەکـە لـە ئیمـانۆ و فودیر دێنە ژورەوە و بەرەو لای چەپ بە شانۆکەدا تێدەپەڕن. بە هەر چوار دەوری خۆیاندا دەڕوانن).

**ئیمــانۆ**: تو..بی..تو..بی..(پاش کەمێك) لەکوێ خۆت حەشارداوە؟ (بێدەنگی) تو..بی..تو..بـی..فودیـر پـەردەی سـەیارەی "3" لادەدات، دەنگی هاواری ژنێك کە ترساوە دەبیسرێت. وادیارە فودیر بەو دیمەنە دڵخۆشە، پاشان پێکەوە دەڕۆن تا دەگەنە لای چـەپی شـانۆکە و دەڕۆنـە دەرێ و بــەردەوام بـانگکردنی ئیمـانۆ دەبیسـرێ: تـو..بـی..تـو..بـی..بێدەنگیـەکی درێـژ. تیوسیدۆ و لاسکا لەلای ڕاستەوە دێنە ژورێ و بەخێرای پاڵ بە پاسکیلێکەوە دەنێن بۆلای چەپ، بەڵام پێش ئەوەی لەلای چەپـەوە بچنـە دەرێ ڕادەوەسـتن. توبـی زۆر مـاندوو دیـارە.

وادیاره هەوڵدەدا لە نزیکەوە بگاتە تیوسیدۆ و لاسکا بەڵام بێسودە.

**لاسکا**: (ڕوی قسەکردنی دەکاتە توبی) کەی ئەم کوڕی بەرازە ئیمانۆ دەدۆزینەوە؟(میلۆس لە میانەی پەنجەرەی سەیارەی "ئەلف" بەدووربین و بەخۆشحاڵیەوە چاودێری دیمەنەکە دەکات).

**توبی**: وامزانی لەوێیە(ئاماژە بۆ شوێنێکی دیاریکراو دەکات لە پشتەوەی سەیارەکان) بابڕۆین بزانین لە گەڕانی داهاتودا ناتوانین بیدۆزینەوە.

**تیوسیدۆ و لاسکا**: گەڕانێکی دیکە؟

**توبی**: بەڵێ، گەڕانێکی دیکە.

**تیوسیدۆ**: ئاه ئەوە چەند ناخۆشە.

**لاسکا**: گەر تەنها گەڕانێکی دیکە بێت با...

**تیوسیدۆ**: با ئەرکەکەمان جێبەجێ کەین(دەمودەست لەلای چەپەوە دەچنە دەرێ، لەدوورییەکەوە توبی بەماندویی دوایان دەکەوێت.میلۆس لە سەیارەی "2"نزیك دەبێتەوەو بەچرپە لەگەڵ پیاوی ناو سەیارەکە قسە دەکات، دوای بەشێوەیەکی ئابڕوبەرانە پێدەکەنن. میلۆس بەرەو لای سەیارەی "ئەلف"دەڕوات و دووربینێکی لێ دێنێتە دەرەوە، لەوانەی لە شانۆدا بەکاردێت و، لەئیشکردنی بە شێوەیەکی باش دڵنیادەبێت، ئەمەش بەوەی ڕووی دووربینەکە دەکاتە جەماوەر.دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەیارەی "2" ،چرپەو پێکەنین.دووربینەکە لە مابەینی پەردەکانەوە دەدات بەو پیاوەی لەناو سەیارەی "2" پاشان پێدەکەنن).

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "4") دووربینێکی دیکەم دەوێ بۆ خۆم
(میلۆس بەرەو ڕوی سەیارەی ژمارە "4"دەڕوات و بەچرپە قسەی لەگەڵ دەکات، لەپاشان پێدەکەنن.میلۆس دەگەڕێتەوە بۆ سەیارەی"ئەلف" دووربینێکی تری لێدەردەهێنێت، دڵنیا دەبێت لەوەی بەباشی ئیشدەکات، بەوەی ڕوی دەکاتە جەماوەر. بەرەو سەیارەی "4"دەڕوات، بەچرپە پێکەوە قسە دەکەن و پێدەکەنن، لەپاشان دووربینەکەی دەداتێ. لەپڕێکدا میلۆس بەڕەزامەندییەوە تەماشای لای ڕاست دەکات)

**میلۆس**: (قسە بۆ ئەو پیاوە دەکات کە لە ناو سەیارەی "4" لەپاشان بۆ ئەوەی لەناو سەیارەی "2") ئائەوەتا وان بەڕێوە.

(پێکەنین. میلۆس لە پشتی سەیارەی "ئەلف" خۆی دەشارێتەوە و تەنها سەری دەبینرێت، لە مابەینی پەردەکانی سەیارەی "4،2" دوو دووربین دەردەکەون. پێکەنین. دوای ساتێك هەریەك لە ئیمانۆ و فودیر لەسەر شانۆکە دەردەکەون. لەلای راستی شانۆکەوە دەڕۆن بۆلای چەپ، هەردوو دووربینەکەش بەدوایانەوەن.

**ئیمانۆ**: تو..بی..تو..بی..تو..بی..(لەلای چەپەوە دەچنە دەرێ، لە دوورییەکەوە بانگکردنەکەی ئیمانۆ هەر دەبیسرێت:تو..بی..تو..بی.بێدەنگی.لەکاتی چونە دەرەوەیان لەشانۆکە سەرلەنوێ پێکەنینەکانی ناو سەیارەی "4،2"دەبیسرێنەوە. میلۆس زۆر ئابڕووبەرانە پێدەکەنێ و بەڕەزامەندییەکی گەورەوە تەماشای لای ڕاست دەکات، لەپاشان بەرەو لای هەردوو سەیارەی "4،2"دەڕوات).

**میلـــــــۆس**: ئێستا، ئـەوەش ئـەوانی دیکـە(میلـۆس لەپشـتی سـەیارەی"ئـەلف"خـۆی دەشارێـتەوە. ئـەو دوو دووربینـــەی کـــە لـــە مابـــەینی پـــەردەی سەیارەی"4،2"دەرکەوتون ئێستا ڕوودەکەنە لای ڕاست. هـەر یـەك لەلاسکا و تیوسیدۆ کـە بـەو پـەڕی خێراییـەوە پاڵ بە پاسکیلەکەوە دەنێـن لـەلای ڕاستەوە دێنـە ژورێ و بەرەو لای چەپ دەڕۆن. بە چەند ساتێك دوای ونبونی تیوسیدۆ و لاسکا لـەلای چـەپ، توبی بەشـەکەتی دێـتە ژورەوە، هـەوڵدەدا بگـات بـە تیوسیدۆ و لاسکا. شـانۆکە لـەلای ڕاستـەوە بـۆ لای چـەپ دەبڕێت، لەپاشان دەچێتـە دەرێ. هـەردوو دووربینەکـەی سـەیارەی"4،2"بـەردەوامن لەسـەر تەماشـاکردنی دیمەنەکـە. پێکـەنین. میلـۆس بـە شێوەیەکی ئابڕوبەرانە پێدەکەنێت، پاشان لە سەیارەی "2"نزیـك دەبێـتەوە و ڕووی قسـەکردنی دەکاتـە ئـەو پیاوەی لە ژورەوەیە: ئەوان دەڵێی منداڵن).

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "2") بەڵێ کتومت وەك منداڵن(پێکەنین).

**میلـــۆس**: (بـەدەنگی بـەرز قسـە دەکـات تـا دەنگـی بگاتـە هـەموان) بـەڵام، بەباشـــی بینیتـــان؟ (پێدەکـــەنێ) تەماشـــاکردنیان مایـــەی پێکەنینە(میلۆس پێدەکەنێ و هەموو ئەوانەی لەناو سەیارەکاندان بەشـداری پێکەنینەکـەی دەکـەن، بـۆ مـاوەی نیـو دەقیقـە هیـچ نابیسـرێت تەنـها پێکـەنینی هـەمووان نـەبێت. لـە پڕێکـدا دیـلا بەتوڕەییەوە لە سەیارەی "ئەلف"سەردەردێنێ).

**دیـــــــــــلا**:ئــەوەتا دیســـان وەگ گـــەلحۆ دەســـتان بـــە پێکـــەنین کـــردەوە.(بێدەنگیـــەکی قـــوول. میلـــۆس هـــەوڵدەدا خـــۆی بشارێـــتەوە) ئـەی گەمژانــە ئــەوە چییــە وا بــەو شـێوەیە خســـتونیەتیە پێکـــەنین؟(چرپـــە چرپێکـــی لەســــەرخۆ دەبیستێت) زمانتان بە مەڵاشوتانەوە نوساوە؟.

**میلۆس**: دیلا وازیان لێبێنە و بەشەڕ مەیە لەگەڵیاندا. ئەو بەسەزمانانە هێشتا نوستون و، گوێیـان لێـت نییـە، (کاتـێ میلـۆس دەسـتی بە قسەکردن کرد، ئەوپیاوەی لەسەریارەی "2"دووربینەکەی دەردێنێ و بە ڕێگایەکی زۆر ناشرین تەماشای دیلا دەکات).

**دیـــــلا**: نوسـتوون؟ وادەزانـی پەنجـەی خـۆم دەمـژم؟ پێـش نـەختێك ئابڕوبەرانە پێدەکەنین، ئێستا لە پڕێکدا نوقمی خەو بوون. بە گەلحۆم دادەنێن؟.

**میلـــــۆس**: پێنەکـەنیون. ئـەوان خـەویان دەبینـــی. تـۆ دەزانـــی ئـــەو بەسـەزمانانە بـە درێـژای شـەو خـەونی نـاخۆش دەبینـن کـە وایان لێدەکات هەمیەش هاوار بکەن.

**دیلا**: بەڵام ئەوەی دەیانکرد پێکەنین بوو نەك هاوارکردن.

**میلۆس**: کەس لە توانایدا نییە بە تەواوی لەوە دڵنیابێت. چەند جار واتزانیـــوە ئـــازار دەچێـــژن، کـــەچی ئـــەوان پێکـــەنیون. ئەوبەسەزمانانە ئازاریان زۆرە.(لە پڕێکدا دیلا تێدەگات کەوا دووربینێـك لــە ســەیارەی "2"دەردەکــەوێت تــا چــاودێری بکات).

**دیلا**: (بەتوڕەییەوە قسە بۆ ئەو پیاوەی ناوسەیارەی "2"دەکات) چۆن دەوێـری بـەم دووربینـە تەماشـام بکـەی؟(دووربینەکـە ون دەبێـت و

دووربینێکـــی دیکـــه لـــه مابـــەینی پـــەردەکانی ســـەیارەی ژماره"4"دەردەکەوێت و بەناشرینی چاودێری دیلا دەکات).

**میلۆس**: دووربینی چی؟

**دیلا**: دەتەوێ قەناعەتم پێ بکەی کە تۆ نەتبینیوە؟

**میلۆس**: ئەو بەسەزمانە هیچی نەکردوە تەنها نوستوە.

**دیـــلا**: (لـەپڕێکدا بـۆی دەردەکـەوێت لـە مابـەینی پـەردەکانی سـەیارەی "4"دووربینێـــك چـــاودێری دەکـــات)ئێســـتا نـــۆرەی تۆیـــە؟ (دووربینەکە نامێنێ) تۆش گێلانە هەڵسوکەوت دەکەیت.

**میلۆس**: دیلا لێیان گەڕێ. گەر بەم شێوەیە بەردەوام بیت لە شەڕکردن لەگەڵیاندا ئەوا توشی ئەعساب دەبن، تۆ باش دەزانـی ئـەوان تا چ ڕادەیەك هەستیارن.

**دیلا**: ئەوە دەوێری بەرگریان لێبکەی؟بە تایبەتی تۆ، لە هـەمویان زیـاتر تاوانبار تری.

**میلۆس**: دیلا وەرەوە سەرخۆت و بابڕۆین بۆ ناو جێگا.

**دیلا**: بەیانی حسابی خۆم لەگەڵتا یەکلایی دەکەمەوە.

**میلۆس**: نا..وانەکەی.. سزام مەدە.

**دیلا**: تۆ شایەنی ئەوەیت، سزات بدەم.

**میلۆس**: هەڵسوکەوتم چۆن لەگەڵ دەکەیت!

**دیـــلا**: مـن زیـاد لـە پێویسـت باشـم لەگـەڵتا(هـەردوکیان دەچنـە نـاو ســـەیارەی "ئـــەلف" لەوکاتـــەدا هـــەردوو دووربینەکـــەی ســـــەیارەی "4،2"دەردەکەونـــەوە. بێدەنگـــی.هـــــەردوو دووربینەکە نامێنن).

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3") چەند دڵ ڕەقە لەگەڵماندا.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3") ڕۆژێك دێ ناهێڵێ هەناسەی تیا بدەین.

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3") ئێمە چیمان کردوە تا بەوشێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ دەکات؟

**دەنگی پیــــاوێك**: (لە سەیارەی "3") لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەردەوام باش بوین لەگەڵیدا

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3")کاتێ دەزانێت چیمان کردوە، ئەوا زیاتر تورە دەبێت.

**دەنگی پیــــاوێك**: (لە سەیارەی "3")مەسەلەکە زۆر ترسناکتر دەبێت، بەتایبەتی ماوەیەکی کەمی ماوە منداڵەکە لەدایك ببێت.

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3") ئەو بەتایبەتی ڕقی لە ئێمەیە.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3") ئەو دڵی لێمان کرمێ بووە. ئەمە ڕوون و ئاشکرایە (بێدەنگی. هەریەك لە ئیمانۆ و فودیر لەلای ڕاستەوە دێنە ژورێ و بەرەو لای چەپ دەڕۆن. ئیمانۆ هاوار دەکات: تو..بی.. تو..بی.. لە ناوەڕاستی شانۆکەدا فودیر بە ئیشارەت داوا لە ئیمانۆ دەکات کەوا لەسەر پەنجەرەکە دانیشن چونکە ماندوە. هەردوکیان لەسەر پەنجەرەکە پاڵ دەکەون، زۆری پێناچێت خەویان لێدەکەوێت. ناڵە ناڵ. وادەردەکەوێت ئەو ژنەی لەناو سەیارەی "3"منداڵی دەبێت. پەشۆکییەك لەناو سەیارەی "3" ڕودەدات لەپاشان ئەم پەشۆکیە هەموو سەیارەکان دەگرێتەوە).

**دەنگــی پیـــاوێك**: (لـە سـەیارەی "1") دەبوایـە خۆیـان لـەم جـۆرە حاڵەتانە بەدوور بگرتایە.

**دەنگی پیـــاوێك**: (لـە سـەیارەی "2")ئـەوان هـەرگیز ئاگایـان لـەخۆیان نییە.

**دەنگی پیـاوێك**: (لـە سـەیارەی "4") چـەند ئاسـانە بڵێین دەبوایـە ئـەم جۆرە حاڵەتانە ڕونەدات.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "5") شارەزایشیان کەمە

**دەنگــی پیـــاوێك**: (لـە سـەیارەی"1" ئـەوان وەك منداڵن (هـەموو ژن و پیاوەکـانی نـاو سـەیارەکانی "1،2،3،4،5" بـیروڕای خۆیـان سـەبارەت بـەو حاڵەتـە دەردەبـڕن. هـەموویان لەیەك کاتدا قسە دەکەن. بۆیە تێناگـەیت چـی دەڵێن. لەپڕێکدا:)

**دەنگی پیـاوێك**: (لـە سـەیارەی "2") بێدەنـگ بـن، وس بـن (بێدەنگـی. لەمابـەینی پـــەردەی هـــەردوو ســـەیارەی"2،4" دوو دووربین دەردەکەون کەڕویان کردۆتـە سـەیارەی "3"، هۆڕنێــك لـــە ســـەیارەی "3" لێدەدرێــت. دیـــلا لـــە سـەیارەی "ئـەلف" دێـتە دەرێ و دۆلکەیـەك ئـاوی گەرم و دوو خاولی پێیە. ئەوەی پێیـەتی بەناڕەحـەتی لـە مابـەینی پـەردەکانی سـەیارەی "3"دەباتـە ژورێ. هـــەندێ دەنگـــی تێــك پـــڕژاو لـــە ســـەیارەی "3" دەبیســـرێت. لـــە کۆتـــایدا دەنگـــی گریانیمنداڵـــە چاوەڕوانکراوەکـــە دەبیســـرێ. چرپـــە چـــرپ لـــە سەیارەکانی دیکەوە بەرزدەبێتـەوە. پێکەنین.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3"بە حەماسەوە) کوڕە.

**دیلا**: (بە توڕەییەوە) کوڕە؟

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3") کوڕە، وەك ئەوەی ئاواتە خواز بوم، لەدوارۆژدا دۆزینەوەی کارێك بۆ کچ زۆر قورس و دژوارە، (لەپاشان بە خۆشحاڵییەکی شێتانەوە) کوڕە.

**دیلا**: (بە نییەتێکی خراپەوە) ئەو دەبێت خزمەتی سەربازی بکات، بەڵام کچان لەوە عەفو کراون(چرپە چرپ لەناو هەموو سەیارەکانەوە).

**دیلا**: با ئەمە دواجار بێت.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3") مەبەستمان نەبوو ئەوە بکەین، هەوڵماندا نەیکەین.

**دیلا**: (لاسایی دەکاتەوە) هەوڵماندا نەیکەین! گەر بۆ ساتێك چاودێریتان نەکەم یەکێکتان باز ئەدا بەسەر ئەوی ترتاندا. هیوادارم ئەمە دوا جار بێت.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3") بەڵێ، پەیمانت دەدەمێ ئەمە دواجارە (دیلا دەگەڕێتەوە بۆ سەیارەی "ئەلف" و لە ناویدا ونده‌بێت. چرپە چرپ. پێکەنین. تاو تاوێك گریانێکی گەورەی منداڵەکە دەبیسرێ. ئیمانۆ هەڵدەسێ و فودیریش خەبەر دەکاتەوە).

**ئیمانۆ**: توبی هێشتا هەر دیار نییە. داخۆ لەکوێ خۆی شاردۆتەوە؟ کەوتومەتە دڵە ڕاوکێ بۆی (فودیر بە ئیشارەت پێشنیار دەکات ئیمانۆ مۆسقا لێدات).

**ئیمانۆ**: ڕاست دەکەیەت. لەوانەیە ئاوا جێگاکەمان بدۆزێتەوە (ئیمانۆ ترومپیت دەژەنێ و فودیریش ساکسفون. دوای چەند ساتێك تیوسیدۆ و لاسکا بە خێراییەکی زۆرەوە لەلای ڕاستی شانۆکەوە دەچنە لای چەپ و پاڵ بە پاسکیلەکەوە دەنێن. لەلای چەپ دەچنە دەرێ. ئیمانۆ و فودیر بەردەوامن لەسەر ژەنین. لە کۆتایدا لە مۆسقا لێدان ڕادەوەستن).

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی"2") سوپاس بۆ خوا ئەوان لە ژەنین وەستان.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "4") مۆسیقای ئەم بەڕێزانە چەند ناخۆشە، (ئیمانۆ و فودیر لە هاتنی توبی بێهیوادەبن).

**ئیمانۆ**: هیچ نییە.. ئەو نایەت. ئاشکرایە ڕێگای ونکردوە (فودیر ئیشارەت بۆ ئیمانۆ دەکات کەوا باشترە مەسەلەکە بە دیلا بڵێت).

**ئیمانۆ**: لەوانەیە نوستبێت (فودیر پێ لەسەر بۆچونەکەی دادەگرێت) باشە، ئێستا بانگی دەکەم (ئیمانۆ تەقە لە دەرگای سەیارەی "ئەلف"دەدات، میلۆس لە پەنجەرەکەوە سەر دەردێنێ).

**میلۆس**: سەیارەیەکتان دەوێ ئەم شەوی تێدا ببەنە سەر؟

**ئیمانۆ**: نەخێر.. تەنها ئەمەوێ قسە لەگەڵ دیلا بکەم.

**میلۆس**: پێدەچێ ئێوە پێویستیتان بە کچێك بێت. دیلاتان لا باشترە یان کچێکی قژ زەرد؟

**ئیمانۆ**: پێت دەڵێم من تەنها دەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم.

**میلۆس**: (بەهەمان ڕێزەوە) چۆنتان دەوێ با وابێت، هەر ئێستا بانگی دەکەم (میلۆس دەچێتەوە ناو سەیارەکە).

**دەنگی میلـــۆس**: دیـلا کراسەکەت لەبەر مەکە. پێویستە لەسەرت بە ڕووتی بڕۆیت(بێدەنگییەکی کورت خایەن) ئەئاوا، تـۆ هـەموکاتێ کەللـە ڕەقیـی، (دیـلا لــە ســەیارەی "ئەلف" دێتە دەرێ).

**ئیمانۆ**: دیلا.

**دیلا**: چیتان دەوێ؟

**ئیمانۆ**: ئێمە بەشوێن توبیا دەگەڕێین. تۆ دەزانی ئەو لەکوێیە؟

**دیلا**: نەم دیوە.. ئەی ئەو لەگەڵ ئێوە نەبوو؟

**ئیمانۆ**: با، بەلأم لە پڕێکا دیار نەما.

**دیلا**: هەروەها منیش نەم بینیوە.

**ئیمـــانۆ**: ئێمـە لـە حاڵـەتێکداین کـەس بـەغیلیمان پێنابات، پۆلیس بە دوامانا دەگەڕێ، "توبی" مان لەگەڵ نییە.

**دیلا**: ئەمە گرفتێکی ڕاستەقینەیە.

**ئیمانۆ**: دیلا.. لەو بڕوایەدای پۆلیس چیم لێدەکات؟

**دیلا**: بەزۆری لەوانەیە بتکوژن، دەزانی مەسەلەکە جدییە.

**ئیمانۆ**: گەر "توبی"مان لەگەڵ بوایە هێجگار ئاوا هەستم بە تەنهایی نەدەکرد.

**دیلا**: گەر ئەوتان لەگەڵ بوایە مەسەلەکە جیاوازتر بوو.

**ئیمانۆ**: من چەند دەترسێم!

**دیـــلا**: خـەتای خۆتـە. تـۆ دەتزانـی گـەر بـەردەوام بیـت لەسـەر ژەنینـی ترومپیت بۆ ئەوەی هـەژارەکان سـەما بکـەن، ئـەوا ڕۆژێـك دێـت باجەکەی زۆر بەگران بدەیت.

**ئیمانۆ**: بەڵام من ئەمەم بە نییەتێکی خراپ نەکردوە.

**دیــلا**: درێـژەت بەمەسـەلەکە زۆر دا. مۆسیقالێدان بـۆ هـەژارەکان دەکرا ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ بێت نەك بەشێوەیەکی بەردەوام.

**ئیمانۆ**: بەڵێ..من زۆرباش دەزانم نمونەیەکی خراپم.

**دیلا**: زۆر خراپ.. بیهێنە پێشچاوت هەموو خەڵك وەك تۆ هەڵسوکەوت بکەن.

**ئیمانۆ**: بەڕاست، ئەو وەختە مەسەلەکە زۆر قێزەون دەبێت.

**دیــلا**: چنینـی بەروانکەو..پێشکەش کردنـی چەپکـە گـوڵ و..دواجـار هەموو شتێ دەبیستن.

**ئیمــانۆ**: بـەڵام تـۆ دەزانـی مـن بۆیـە وا هەڵسـوکەوت دەکـەم تـا بـاش بم(بـەزمانی گوتـاردان) چونکـە کاتـێ بـاش دەبـین، هەسـت بـە خۆشــــییەکی زۆر.. (بەگومانــــە).. ســـــەرچاوەکەی.. سـەرچاوەکەی.. لـە بـێ کـەموکوڕی.. لـە.. ئـەوە(بەنبرەیـەکی ئاسایی) دیلا لەبیرم چوەتەوە.

**دیلا**: (لەناکاو و بەخەفەتەوە) لەبیرت چوەتەوە؟

**ئیمــانۆ**: بـەڵێ دیـلا.. لـەبیرم چوەتـەوە. خـەتای مـن نییـە(لـە پڕێکدا لـە پشـتەوەی شـانۆ و لــەلای ڕاسـتەوە هــەراوهۆریای ئـاپۆڕەی خەڵکەکە دەبیسرێت کە هاواردەکەن: مۆ..سی..قا..).

**ئیمانۆ**: گوێت لێیانە؟ (بێدەنگی) ئەوان چۆن خرۆشاون!

**دیلا**: وایە..ئەوە خەتای تۆیـە.. تـۆ بـەڵێنیان دەدەیتـێ بچیت، لەپاشـان ناچیت.

**ئیمانۆ**: ئاخر ناتوانم. گەر بڕۆم ئەوا پۆلیس دەمگرێ.

**دیلا**: گەر دەتەوێ، من پێیان دەڵێ ٚم وسکت بن.

**ئیمانۆ**: باشه..تۆ برۆ(دیلا لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرێ. شاورلێدان).
**دەنگی دیلا**: ساتێك بێدەنگ بن(بێدەنگی) مۆسیقاژەنەکان ئەم شەو ناتوانن بێن، پۆلیس بەشوێنیانەوەیە (غەڵبەغەڵبێکی تورە بە دوایا شەڕێك) بێدەنگ بن(بێدەنگی. لەپاشان بە تورەییەوە) پێش ئەوەی تەحەمولم نەمێنێ لێرە بڕۆن، (چرپەچرپ) هەر ئێستا بڕۆن. گوێتان لێم بوو؟ بێ ناڕەزایی کردن بڕۆن(بێدەنگی. دیلا لەلای ڕاستەوە دێتەوە ژورێ).
**دیلا**: پێدەچێت ئەوان هێمن بوبنەوە.
**ئیمانۆ**: تۆ دەزانی چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەی.
**دیلا**: ئەوەی لەسەرتە ئێستا بیکەیت ئەوەیە جارێکی دیکە دوانەکەویت.
**ئیمانۆ**: دیلا بەڵێنت دەدەمێ دواناکەوم.
**دیلا**: من باوەڕ بە بەڵێنەکانت ناکەم.
**ئیمانۆ**: هەمووتان خەریکە ڕقتان لێم دەبێتەوە.
**دیلا**: چونکە تۆ پێش ئەوەی بیربکەیتەوە هەڵسوکەوت دەکەیت.. وەك ئەوەی مندالْ بیت. لەوبڕوایەدای مرۆڤێکی ژیر هەبێت خۆی توشی کێشەیەکی وا بکات.
**ئیمانۆ**: تەبیعەتم وایەو، ناتوانم بیگۆڕم.
**دیلا**: (لاسایی دەکاتەوە) ناتوانم بیگۆڕم، ئەی ئەوانەی دیکە چۆن؟
**ئیمانۆ**: لەوانەیە هۆیەکەی ئەوە بێت من لە یەکێکی دیکە نەگبەت تربم.
**دیلا**: زۆر نەگبەت تری.

**ئیمانۆ**: هەموتان بە شەڕ دێن، لەگەڵما.

**دیــلا**: لـەوە زیـاتر شـایەنی چیـت؟ ئـەوەی قوڕەكـەی خەسـتر كردۆتـەوە ئەوەیە تۆ لەبیرت كردوە مرۆ چ سودێك لە باشبون دەبینێ.

**ئیمانۆ**: دەبینی من چۆن سەرلەنوێ بیرم دەكەوێتەوە.

**دیلا**: تۆ هەموو شتێك لەبیر دەكەیت، (توبی لـەلای ڕاسـتەوە بەشـەكەتی دێتە ژورێ و خۆی ئەدات بەسەر یەكێك لە چەرپاكاندا).

**ئیمانۆ**: توبی ئەوە لەكوێ بویت؟

**توبی**: ئەی ئێوە لەكوێ بوون؟

**ئیمانۆ**: ناشێ بەشوێن ئێمەدا گەڕابیت؟

**توبی**: بەرێوەڵا.

**ئیمانۆ**: هەروەها ئێمەش بە شوێن تۆدا دەگەڕاین.

**دیلا**: لەبەر ئەم هۆیە هەریەك لە ئێوە ئەوی تری نەدۆزیوەتەوە.

**ئیمانۆ**: تۆ زۆر شەكەتی.

**توبی**: چونكە لەو ساتەوەی بەجێم هێشتن تا ئێستا من دێمودەچم.

**ئیمــــانۆ**: ئــەی توبــی بەســەزمان، ئێمــەش لــێرەدا بــە ئیســراحەت دانیشتوین.

**دیــلا**: ئەو تەنها كەسێكە كـە لەگــەڵ هــەموان بــە باشــی هەڵســوكەوت دەكات.

**ئیمانۆ**: كەمەكێك چوالەم پێیە. دەتانەوێ لەگەڵما بیخۆن؟(هەموو ڕازی دەبـن، ئیمـانۆ تورەكەیـەك چوالـە دەردێنــێ و دەسـت دەكــەن بەخواردنی).

**دیلا**: تامەكەی چەند خۆشە!

**ئیمانۆ**: دەزانن لەكوێم دزیوە؟

**دیلا**: لەو فرۆشیارەی لە گۆڕەپانەکەدایە، من دڵنیام لەوە.

**ئیمانۆ**: چەند زیرەکیت.

**دیلا**: بڕوانە چەند باشت دەناسم، بەبیانوی ئەوەی ئەو بەرازێکی زۆر دەوڵەمەندە، هەموو شەوێ شتێکی لێدەدزی.

**ئیمانۆ**: بەڵام بەنییەتێکی باشەوە ئەوە دەکەم.

**دیلا**: تۆ هیچ شتێ هەرگیز بەنییەتێکی خراپەوە ناکەیت(هەموان بەخۆشی سەرقاڵی خواردنن).

**ئیمانۆ**: پێویستە ئەوە بکەن کە پێتانی دەڵێم: گەر پۆلیس منی گرت، ئەوا هەموو بەیانییەك کەمەکێك چوالە بخۆن بۆ ئەوەی بیرم بکەن.

**توبی**: ئاه..چەند فکریەیەکی جوانە.

**دیلا**: بیر لەوە دەکەینەوە کە تۆ لەناو هەر چوالەیەکدای کەدەیخۆین، ئەمەت بەدڵە؟

**توبی**: گەر وامان کرد پێمان دەڵێن ئێمە لە گۆشت خۆرەکانی گۆشتی ئادەمیزادین(هەموان بەخۆشی ئیمانۆوە خەریکی خواردنن. ئەو منداڵەی لەناو سەیارەی "3"دەگریە).

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3") ئەوە کێیە شیر بە مەلایکەتە بچوکەکەم دەدات؟(ئەوان خەریکی خواردنن).

**دیلا**: دەتوانم بەتەنها بڕێکی زۆر بخۆم(هەریەك لە تیوسیدۆ و لاسکا لەلای ڕاستەوە دێنە ژورێ و پاسکیلەکەیان پێیە. بەرەو لای چەپ دەڕۆن، لەناکاو توبی دەبینن ڕادەوەستن.توبی ڕومەتی ئیمانۆ ماچ دەکات، یەکسەر بەرەو ڕوی دێن).

**لاسکا**: تۆی ئیمانۆ؟

**ئیمانۆ**: بەڵێ‌منم ئیمانۆ.

**لاسکا**: (بەتوندوتیژییەوە) دەست بەسەریت(دیلا بەترسەوە ڕادەکات و خۆی لەناو سەیارەی "ئەلف"دەشارێتەوە. لاسکا هەوڵدەدا بەتوڕەییەوە کەلەپچەکان بکاتە مەچەکی ئیمانۆوە).

**توبی**: (دەیەوێت پەکی بخات) پاداشتەکەم، پاداشتەکەم بدەرێ، (دوای ساتێك) ئێوە بەڵێنتان بەخۆتان دابوو پاداشتم کەن(بێدەنگی).ئەوە من بووم کە زمانم لێدا. پێویستە لەسەرتان پاداشتەکەم بدەنێ.(بێدەنگی). بەڵێنتان پێدام. دواجار دوای بەرگرییەکی زۆر لاسکا دەتوانێ کەلەپچەکان بکاتە مەچەکی ئیمانۆوە. تیوسیدۆ و لاسکا هیچ بایەخێ بە توبی نادەن) .

**لاسکا**: چەکەکەت –الشیك–پێیە؟

**تیوسیدۆ**: پێم نییە، دەتەوێ چی لێبکەی؟

**لاسکا**: بەڵام تۆ چەکەکەت هەڵگرتوە، وانیە؟

**تیوسیدۆ**: نەخێر لاسکا..تۆ لای خۆت باش بگەڕێ.(تا ئێستا توبی بە ئیلحاحەوە داوای پاداشتەکەی دەکات. تیوسیدۆ و لاسکا گوێی پێنادەن. لاسکا گیرفانەکانی دەپشکنێ، شتی جۆراو جۆر دەردەکەون. وەرەقە، دەمبوس، گوڵدان، دەسەسڕ، بوکەڵەی قوتو[7]...هتد، تیوسیدۆ ئارەزوی گەڕان پالی پێوە دەنێ بوکەڵەی قوتووەکە بکاتەوە، کاتێ دەیکاتەوە بوکۆکەیەکی گاڵتە باز بەرەوڕوی دەردەپەڕێ. توبی وازناهێنێ لە داواکردنی پاداشتەکەی) باش بگەڕێ.

**لاسکا**: (بیریدەکەویـەوە) ئاه!(دەکێشی بەناوچاوی خۆیدا) بیرم چەند کلۆڵـە!( سـدارە پۆلیسـیەکەی کـە هـەڵیگرتوە دەکاتـەوە، تەماشـای نـاوەوەی دەکـات و وەرەقەیـەك دەردەهێنـێ و ڕوی قسەکردنەکەی دەکاتـە توبی) ئـەوە چەکەکەتـە بیگـرە.(توبـی بـەبێ ئـەوەی تەماشـای بکـات وریدەگـرێ، بـەڵام هێجگـار دڵخۆشە، لەپاشان بەڕاکردن لەلای چەپەوە دەچێتە دەرێ).

**تیوسیدۆ**: ئای لەو بیرەی تۆ هەتە!

**لاسکا**: بەڕاست ..من هەمووشتێ لـەبیر دەکـەم(تیوسـیدۆ و لاسکا لـە پڕێکدا بەبونی فودیـر دەزانـن. تیوسـیدۆ بـە تونـدی یەخـەی فودیر دەگرێ).

**تیوسیدۆ**: (قسە بۆ لاسکا دەکات) ئەمیش لەگەڵ ئەوە، وانییە؟

**لاسکا**: وابزانم، من بینم ئەمیشی لەگەڵدابوو.

**تیوسیدۆ**: ئەمە ئەو کەسە نییە کە ساکسفۆن دەژەنێ؟

لاسکا: وابزانم خۆیەتی.

**تیوسیدۆ**: (بەتوندی قسە لەگەڵ فودیـر دەکـات) تـۆ هـاوڕێی ئیمـانۆی. وانییە؟(بەجووڵەیەك لەسەری فودێر ئەوە ڕەتدەکاتەوە).

**لاسکا**: (قسـە لـەگەڵ فودێر دەکات) هـاوڕێی ئـەو نیـت؟ (دەموچـاوی فودێر کۆمەڵێ ئاماژەی بەرائەتی لێ دەردەکەوێ).

**تیوسیدۆ**: (فودێر ئـەدوێنێ) ئـەڵێی سـوێند بخـۆم کـە تـۆش لەگـەڵ ئـەوبویت. تـۆ دڵنیـایت کـە هـاوڕێی ئـەونیت؟ (فودیـر بـە جوڵەیەك لەسەری ئەوە ڕەتدەکاتەوە).

**لاسکا**: مـادام ئەو وادەڵێێـت..(تیوسـیدۆ فودیـر بەرئـەدا، فودیـر بەترسـەوە بـەرەو لای چـەپ دەڕوات، لـە پڕێکـدا هۆڕنـی هـەر

پێنج سەیارەكە دەبیسرێت كە سێ جار دووبارە دەبنەوە، وەك ئەوەی قوقەی كەڵەشێر بێت. لاسكا قسە بۆ تیوسیدۆ دەكات و ئاماژە بۆ ئیمانۆ دەكات) بابیبەین بۆ ئەو ڕاڕەوە تا ئاوەڕوتی كەین(ئاماژە بۆ لای چەپ دەكات).

**لاسكا**: بەڵێ.. ئەوە باشترین شوێنە.

**لاسكا**: ئایا قامچییەكی چاكت پێیە؟

**تیوسیدۆ**: ئەی چۆن.. بەڵام من هیچ شتێ ناكەم. نامەوێ خۆم توشی ئەوە بكەم. ئیشەكەی من تەنها كورت دەبێتەوە بۆ جێبەجێ كردنی یاسا(تیوسیدۆ بە بێدەنگی تەقە لەدەرگای سەیارەی"ئەلف"دەدات، وەك ئەوەی سروتێكی دینی جێبەجێ بكات. میلۆس لەسەیارەكە دێتە دەرێ و تەشتێك و مەسینەیەكی پێیە. تیوسیدۆ بەهێواشی دەستی دەشوات.میلۆس دووبارە دەچێتەوە ناو سەیارەی "ئەلف". تیوسیدۆ بەدەستی تەڕەوە لە دەرگای سەیارەی "2"دەدات، خاولییەك لە مابەینی پەردەكانەوە دەردەكەوێ. تیوسیدۆ دەستی وشك دەكاتەوە و لە پاشان خاولییكە دەگەڕێنێتەوە. لەوكاتەی تیوسیدۆ خەریكی دەستشۆردن بوو، لاسكا سەرقاڵی پێوانە كردنی ئیمانۆیە. لەپاشان ڕادەوەستێت و چاوەڕێیە).

**لاسكا**: (قسە بۆ تیوسیدۆ دەكات) تۆ ئێستا ئامادەیت؟

**تیوسیدۆ**: ڕاوەستە..(هەندێ ڕاهێنانی وەرزشی دەكات) من ئێستا ئامادەم.

**لاسکا**: کەواتە بابڕۆین، (لاسکا پاڵ بە ئیمانۆوە دەنێ. هەرسێکیان لەلای ڕاستەوە دەچنە دەرێ و پاسکیلەکەشیان پێیە. لە هەموو سەیارەکانەوە پێکەنین دەبیسرێ، پاش چەند ساتێکی کەم دەنگی لاسکا دەبیسرێت:"با دەست پێبکەین" دەنگی ئەو قامچییانە دەبیسرێ کە بەر ئیمانۆ دەکەون، ئەم دەنگە تێکەڵ بەهاواری ئیمانۆ دەبێت، لەپاشان منداڵی ناو سەیارەی "3" دەست دەکات بە گریان).

**دەنگی ژنێک**: (لە سەیارەی "3") کوڕەکەم ئەوە چیتە؟ مەگری، (گریانی منداڵەکە زیاد دەکات، لەپاشان ڕووی قسەکردنی دەکاتە هاوڕێکەی لەناو سەیارەی "3") هەوڵدە بیهێنیتە پێکەنین.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3") من نازانم چۆن بیهێنمە پێکەنین.

**دەنگی ژنێک**: (لە ناو سەیارەی "3") سەیرکە ئەو بەسەزمانە چۆن دەگری، هەوڵدە بیهێنیتە پێکەنین.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3" دەنگێکی ئاژەڵیانە دەبیسرێ) مۆۆۆۆۆ! (دەنگی گریانی منداڵەکە بەشێوەیەك زیاد دەکات کە بەزەحمەت ئاه و ناڵەی ئیمانۆ دەبیسرێ. میلۆس لە سەیارەی "ئەلف"دێتە دەرێ و مەمکە مژەیەکی لەسەر سینییەك داناوە و لە مابەینی پەردەکانی سەیارەی "3"وە دەیباتە ژورەوە).

**میلۆس**: فەرموون (منداڵەکە واز لە گریان دەهێنێ، کاتێ کە بێدەنگیەکە دەگەڕێتەوە دەنگی قامچییەکان و هاواری ئیمانۆ

دەبیسرێت. لە پڕێکا ئیمانۆ بە هۆی ئێشێکی زۆرەوە هاوار دەکات، منداڵەکە دەست بەگریان دەکاتەوە. دایك و باوکی هەوڵدەدەن ژێری بکەنەوە. دەنگی هۆڕنێك لە سەیارەی "2" دەبیسرێ، میلۆس لە مابەینی پەردەکانەوە سەری دەباتە ژورێ).

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "2") ئەو منداڵەم بۆ بێنە ئێرە. دەمەوێ ببینم (میلۆس منداڵەکە لە سەیارەی"3"دەبات بۆ سەیارەی "2"، منداڵەکە هێشتا هەر دەگری) کوڕە وس بە، (منداڵەکە واز لەگریان دەهێنێت) دەڵێی غۆریلایە، ئێستا دەتوانی بگریت، (منداڵەکە بەکوڵ دەگریە) ئاوا بەدەنگی بەرز مەگری (منداڵەکە دەنگی نزم دەکاتەوە) کوڕە وس بە(منداڵەکە بێدەنگ دەبێت) پێدەچێت ئەم منداڵە زۆر گوێ ڕایەڵبێت.

**میلۆس**: (بەچرپە) لە باوکی دەچێت. ئەو دەقاودەق وێنەیەکە لە باوکی.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی 2") ئایا باوکیشی لە غۆریلا دەچێت؟

**میلۆس**: من دەمەوێ بڵێم ئەو لەگوێ ڕایەڵیەکەیدا لە باوکی دەچێت.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "2") کوڕە ئێستا دەتوانیت بگریت، (منداڵەکە دەست بەگریان دەکاتەوە) کوڕە بەدەنگی بەرز بگری، (منداڵەکە دەنکی بەرز دەکاتەوە) هێجگار گوێ ڕایەڵە. ئێستا دەتوانی بیبەیتەوە بۆ دایکی.

**میلۆس**: زۆر سوپاس گەورەم، (میلۆس منداڵەکە دەباتەوە بۆ سەیارەی "3").

**دەنگی ژنێـك**: (لـە سـەیارەی "3" بـۆ میلـۆس) بێنـە بـزانم لـە توانـایدا هەیە بخەوێت.

**میلۆس**: خانمەکەم دەتەوێ لایلایەیەك لە لایلایەکانی سەر بێشکەی بۆ بڵێم.

**دەنگـی ژنێـك**: (لـە سـەیارەی "3") نـەخێر.. نـەخێر نامـەوێت هیـچ کەسێك ئەم جۆرە لایلایانەی بۆ بڵێت. منداڵەکەی ئێمـە بەم منداڵییە ڕۆحێکی سـەربازی وەرگرتـوە! سـرودێکی سەربازی بۆ بڵێ.

**میلۆس**: بەتەپڵ یان بە ترومپیت؟

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3") بە تەپڵ.

**میلـــــۆس**: خانمەکـەم چۆنـت حـەز لێیـە ئـاوا(میلـۆس منداڵەکـە دەلاوێنێتـەوە وەك ئـەوەی بەخێوکـەری بێـت، میلـۆس گەرچی بەڵێنی دابـو سـرودێکی سـەربازی بڵـێ، کـەچی دەستی کرد بە وتنی لایلایەیەك).

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3") گوێت لێبوو چی ووت؟

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3") بەڵێ، ئەوە هەست بزوێنە.

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3") منیش لەو بڕوایەدام ئەو وابێت، ئەو هەسـت بزوێنـە، جگـە لـەوەش ئـەو منداڵەکـەمان بـە غۆریلا دەچوێنێت.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3")ئەو بۆ ئەوە باشە ببێت بە باوك، لەوەتـەی زانیویـەتی ئێمـە منداڵمـان بـووە، بایـەخی زۆری پێداوە.(دەنگـی قامچییـەکان وهـاواری ئیمـانۆ دەبیسرێت،منداڵەکە لە باوەشـی میلـۆس بـە دەنگـی

بەرز دەگری. هۆڕنی سەیارەی "3"دبیسرێت، میلۆس
لێی نزیك دەكەوێتەوە).

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3")منداڵەكەم بۆ بێنە.

**میلۆس**: (منداڵەكەی دەداتەوە)فەرموو.

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی"3")ئایا گوێ ڕایەڵ بوو؟

**میلۆس**: زۆر گوێ ڕایەڵە.

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3") هیچی پیا نەكردیت؟

**میلۆس**: ئاه..نەخێر..تەحەمولی ئەوم لێنەدەكرد.

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی "3")مەلایكەتە.

**میلۆس**: ڕاست دەكەیت. شتێكی دیكەتان دەوێت؟

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی"3")نەخێر، هیچمان ناوێت.

**میلۆس**: شەوتان شاد (میلۆس دەگەڕێتەوە بۆ سەیارەی "ئەلف" و ونده‌بێ لە ناویدا. دەنگی بیستنی قامچی و هاواری ئیمانۆ دەبیسرێ، لەپاشان ولە كۆتایدا بێدەنگی دادێت).

**دەنگی ژنێك**: (لە سەیارەی"3")سەیركە چۆن ژیر بووەتەوە.

**دەنگی پیاوێك**: (لە سەیارەی "3") ئەڵێی مەلایكەتە، (هەریەك لە لاسكا و تیوسیدۆ لەلای ڕاستەوە دێنە ژورێ، لە پێشەوە پاڵ بە پاسكیلەكەوە دەنێن، ئیمانۆ لەسەر پاسكیلەكە بەستراوەتەوە، سەرتاپای لاشەی شەلاڵی عارەق و خوێنە، ملی بەسوكانی پاسكیلەكەوە بەستراوە و قاچەكەكانیشی بەو سندوقەی لە پشتی پاسكیلەكەوەیە شەتەك دراوە، دەستی بەجۆرێك درێژ كراوەتەوە هەریەكەیان

بەلایەکی سوکانەکەوە گرێ دراوە. هەموویان لەلای ڕاستی شانۆکەوە دەڕۆن بۆ لای چەپ. وا دێتە پێش چاو ئەوان هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ پاڵپێوەنانی پاسکیلەکە، کاتێ دەگەنە ناوەڕاستی شانۆکە ڕادەوەستن، لەوکاتەدا دیلا لەلای ڕاستی شانۆکەوە دێە ژورێ و دەسەسڕێکی قەدکراوی بە دەستەوەیە و دەموچاوی ئیمانۆ وشك دەکاتەوە، کە بە هەموو هێزی دەڵێ، وەك ئەوەی خوتبەیەك بدات و لەم سەرەوە تائەو سەری لەبەربێت).

**ئیمانۆ**: (بەدەنگێکی نزم) لەبەر ئەوەی ئێمە کاتێ باش دەبین لە ناوەوەماندا هەست بە دڵخۆشییەکی گەورە دەکەین، سەرچاوەکەی ئەو هێمنییەیە کە باوەشی بەڕۆحا کردوە، چونکە ئێمە لاسایی وێنەی مرۆڤێکی نمونەیی دەکەینەوە. (دیلا بەهەست و سۆزێکی هەڵچوەوە ماچی دەکات، لەوکاتەدا تیوسیدۆ لە دەرگای سەیارەی "ئەلف"دەدات).

**تیوسیدۆ**:یارمەتیمان بدە.

**میلۆس**: ناتوانم، ئیشێکی زۆرم هەیە.

**تیوسیدۆ**: پێت دەڵێم پێویستە لەسەرت یارمەتیمان بدەیت.

**میلۆس**: (بەبێزارییەوە) باشە، بابڕۆین (میلۆس و تیوسیدۆ و لاسکا دەست بە ڕۆیشتن دەکەنەوە. تیوسیدۆ و لاسکا پاڵ بە پاسکیلەکەوە دەنێن کە ئیمانۆی لەسەر درێژ بوە، شانۆکە لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپ دەبڕن و وندەبن. دیلا دەچێتە ناو سەیارەی"ئەلف". لە هەموو سەیارەکانەوە پێکەنین دەبیسرێ، سپێدە دەست بەدەرکەوتن

دەکات، لە پشتەوەی شانۆ ئاوازێکی دڵ تەزێنی ساکسفۆن و کلارنێت دەبیسرێت، تا کۆتایی شانۆگەرییەکە بەردەوام دەبێت. دیلا لە سەیارەی "ئەلف" دێتەدەرێ و زەنگێکی پێیە).

**دیلا**: (قسە بۆ هەموان دەکات کە لە ناو سەیارەکاندان و زەنگەکە بە توندی ڕادەوەشێنێت) ئەی تەمەڵینە هەستن، کاتی هەستانە، خۆتان بە نوستو دەرمەخەن. من دڵنیام ئێوە بەخەبەرن (دیلا لە مابەینی پەردەی سەیارەکانەوە زەنگەکە یەك لە دوای یەك دەباتە ناو سەیارەکان) هەستن، کاتی لە خەو هەتانە (هەر یەك لە تیوسیدۆ و لاسکا لەلای چەپەوە دێنە ژورێ. لاسکا جلوبەرگی وەرزشەوانی لەبەردایە و بە سنگییەوە ژمارە "456"هەڵواسراوە و زۆر شەکەت و ماندو دیارە، لە پاڵیدا تیوسیدۆیە کە نازانێ ماندوبون چییە و ڕێنمایی هەنگاوەکانی لاسکا دەکات، جلوبەرگی ئاسایی لەبەردایە. لاسکا بە هەنگاوی ڕێکوپێك دەڕوات).

**تیوسیدۆ**: یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو.. یەك.. دوو (لەلای ڕاستی شانۆکەوە دەڕۆنە لای چەپ و لەوێ وندەبن).

**پەراوێزەکان**:

1 –**وەرگێڕی عەرەبی ئەم سێ وشەیەی بەکارهێناوە"شبكات، الاسرة، سرير" بۆیەکخستنی هەرسێکیان وشەی "چەرپا"م بەکارهێناوە، ڕەنگە ئەم چەرپایە لەو جۆرانە بێت کە بەئاسانی هەڵدەگیرێن و دەگوازرێنەوە و دەچنەوە ناو یەك و لە تەختە دروستدەکرێن.**

2–**لغة الاشارة : مەبەستی لەو ئاماژانەیە کە کەڕولاڵ بەدەست دەریدەبڕێت بۆ تێگەیاندنی خەڵکانی دەوروبەر**

3–**لعبة العسكر: ئەم یارییەم بە یاری "ئاشە بەتەنورە" وەرگێڕا.**

4–**قلت بسجع : مانای خوێندنەوەی شتێك بە سەرەوا "قافیە"وە.**

5–**شباك مفروشة : ئەم پەنجەرەیە لە دەقەکەدا وادیارە پەنجەرەیەکی گەورەی پەردەدارە و هەندێ ڕایەخی تێدا ڕاخراوە، چونکە دیلا تێدا ڕادەکشێت.**

6–**المبولة: ئەم وشەیەم بە "بلوێری بێشکەی منداڵ" وەرگێڕا، ئەم بلوێرە شلەیەکی تێدایە کە نازانرێ چییە؟ هێندە هەیە دیلا لە پەنجەرەی هەندێ لەسەیارەکانەوە دیباتە ناو سەیارەکان و ئەوانیش شلەکەی ناوی دەکەنە ناو پەرداخەکانیانەوە و لەپاشان دەیخۆنەوە.**

7–**علبة عفريت: بریتییە لە پاکەتێك یان سندوقێك کە دەکرێتەوە شتێك بەسەر سپرینگێکی درێژەوە دەردەپەڕێت، یارییەکی منداڵانەیە.**

**ئەم شانۆنامەیەم لەم سەرچاوەوە وەرگرتووە:**

**من المسرح العالمي–ثلاثة مسرحيات طليعية– ترجمة احمد يونس، مراجعة د. سيدحنفي**